# رووداوەکانی کوردستان
# لە ئاوێنەی ئەدەبدا

# رووداوەكانی كوردستان
# لە ئاوێنەی ئەدەبدا

**توێژینەوەیەكی مێژوویی شیكارییە دەربارەی رەنگدانەوەی رووداوەكانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی كوردستان لە ئەدەبی كوردیدا**

**د. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید**

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **ڕووداوەکانی کوردستان لە ئاوێنەی ئەدەبدا**
- نووسینی: د. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال ڕواندزی
- بەرگ: وریا بوداغی
- ژمارەی سپاردن: ٩٣٨
- نرخ:٢٠٠٠ دینار
- چاپی یەکەم ٢٠١٠
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٥٣٠)

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION



**پێشکەشە بە**

**ڕابەری دەستەی نوێی ڕووناکبیرانی کورد**

**پ. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد**

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٧ |
| **بەشی یەکەم: چەمکێك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کوردستان** | **١١** |
| تەوەرەی یەکەم: کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا | ١٣ |
| تەوەرەی دووەم: کوردستان لە سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەمدا | ١٧ |
| تەوەرەی سێیەم: کوردستان و ڕووداوەکانی پاش شەڕی جیهانی یەکەم | ٢١ |
| **بەشی دووەم: کۆمەڵگای کوردەواری لەبەر سێبەری ڕووداوەکاندا** | **٢٧** |
| تەوەرەی یەکەم: دەربارەی باری کۆمەڵایەتی | ٢٩ |
| تەوەرەی دووەم: دەربارەی ڕۆڵی دەرەبەگ لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا | ٣٥ |
| تەوەرەی سێیەم: دەربارەی باری ئابووری و چالاکی کشتوکاڵ | ٤٠ |
| **بەشی سێیەم: ڕاپەڕین و بزووتنەوە سیاسییەکانی کوردستان** | **٤٥** |
| تەوەرەی یەکەم: دەربارەی بزووتنەوەکانی کورد | ٤٧ |
| تەوەرەی دووەم: ڕاپەڕینەکان و هەڵوێستی شاعیران | ٦٠ |
| **بەشی چوارەم: باری ڕووناکبیری و گرووپ و کۆمەڵەکانی کوردستان** | **٧١** |
| تەوەرەی یەکەم: دەربارەی باری ڕووناکبیری لە کوردستاندا | ٧٣ |
| تەوەرەی دووەم: گرووپ و کۆمەڵەکانی کوردستانی باکوور | ٧٦ |
| تەوەرەی سێیەم: گرووپ و کۆمەڵەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات | ٨٢ |
| تەوەرەی چوارەم: گرووپ و کۆمەڵەکانی کوردستانی باشوور | ٨٧ |
| ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە | ٩٤ |
| سەرچاوەکان | ٩٦ |
| ملخص البحث باللغة العربية | ١٠١ |

# پێشەکی

لەم ساڵانەی دواییدا ڕووداوەکانی کوردستان و ئێش و ئازاری بێسنووری نەتەوەکەمان بەجۆرێك کارتێکەرییان لەسەرم هەبوو خستمیانە بارێکەوە زۆر بەوردی مێژووی وڵاتەکەمان بخوێنمەوە و بگەڕێم بەدوای سەرچاوەی متمانەپێکراودا، تەنانەت بوومە هۆگری لێکۆڵینەوەی دەقەکانی ئەدەب و ڕووداوەکانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کوردستان کە لەڕاستیدا پێوەندییەکی زۆر بەتین بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە و مرۆڤ ناتوانێ بە ئاسانی لە ئەدەبی کوردی سەردەمی دوا قۆناغی دەسەڵاتی عوسمانی و ڕۆژگاری حوکمی پاشایی لە کوردستانی باشووردا بگات بەبێ شیکردنەوەی واقیعی ڕووداوە مێژوویی و سیاسییەکانی ئەو ڕۆژگارە، چونکە بەجۆرێك ڕەنگیان تێدا داوەتەوە دەشێ ببێ بە نموونەی بەڵگەیەکی تەواو بۆ ئەو ڕاستییەی کە ئەدەبی هەر نەتەوەیەك ئاوێنەی ناڵینەکانێتی.

بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکن بۆ شیکردنەوەی گشت ئەو پەیوەندییانە بە مەبەستی چوونە ناو ناخی ڕووداوەکانەوە بۆ دۆزینەوەی هۆکارە بناغەییە هاوبەشەکان و پەنجە خستنەسەر ڕاستییەکان بەرەو گەیشتن بەو زەمینەیەی کە بووەتە خاکێکی بەپیت بۆ سەرهەڵدان و دروستبوونی ئەدەبی ئەو سەردەمە.

کوردستان جێگایەکی زۆر ستراتیژی ڕۆژهەڵاتی داگیر کردووە، هەر لە کۆنەوە بووەتە نێوەندی ڕووداوگەلێکی گرنگ، بۆیە نەتەوەی کورد پێویستی بەوە هەیە بە شێوەیەکی زانستی لە بوارەکانی ژیانی کۆن و نوێی بکۆڵێتەوە، بێگومان شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکانیش هۆکاری یارمەتیدەرن بۆ گەیشتن بە ڕاستییە مێژووییەکان و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەیان ئەگینا مێژووی کورد دەبێتە مایەی بیر و بۆچوونی جیاجیا، بەتایبەت کوردستان لە مێژووی کۆندا مۆڵگای گەورە و فراوانی



پێشینەکان بووە، ئەو شوێنەوار و قەڵایانەی تیایدان کەم وێنەن و کەرەستەی لێکۆڵینەوەی چڕوپڕی زانایانن.

لەم ڕۆژگارەشدا بەپێچەوانەی سەردەمانی پێشوو تاڕادەیەك زەمینە لەبارە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کاری لەم چەشنە ئەمەش هەلێکە دەبێ لێکۆڵەرانی کورد سوودی لێببینن، چونکە گەلی کورد تەنها بەر ستەمی تاڵان و داگیرکردنی خاکەکەی نەکەوتووە، بەڵکو مێژووەکەشی دیسان دووچاری چەواشەکاری بووەتەوە، وەکو ئەوەی زەینەفۆن لە باسی کاردۆخییەکاندا هەندێ ئاکاری نامۆی خستۆتە پاڵ کورد یان وەك ئەو تاوانە گەورەیەی کە عوسمانییەکان دژی میللەتی ئەرمەنییان ئەنجامداوە و ویستوویانە بیخەنە ئەستۆی کورد.

دەستەی ڕووناکبیری کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا هەستی بەم مەترسییە کردووە و لە ڕۆژنامەی ((کوردستان))دا کە پێشەنگی کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردییە و شێوەی خەباتی نوێی ئەو ڕۆژگارەی نواندووە دژی ئەو چەواشەکارییانە وەستاوە و ڕووی ڕاستی مەسەلەکانی خستۆتەڕوو.

لەم گۆشەنیگایەوە ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیەمان هەڵبژارد ((ڕووداوەکانی کوردستان لە ئاوێنەی ئەدەبدا))، کە بایەخیشی لەوەدایە ڕووداوگەلێکی گرنگ لە مێژووی نەتەوەکەماندا لەخۆ دەگرێ، سنووری زەمەن و شوێنیشی دەوروبەری نێوان ساڵانی (١٨٨٠-١٩٥٨)ی کوردستان دەگرێتەوە.

میتۆدی مێژوویی شیکاریی تیا پەیڕەوکراوە و کەرەستەی سەرچاوەکانیشی بریتین لە کتێبەکانی ئەدەب و مێژوو و دیوانی شاعیران و گۆڤار و ڕۆژنامەکان و یاداشتی ناودارانی کورد و دیدەنی.

ئامانجیش دەستنیشانکردنی ڕەهەندەکانی پێوەندی توند و تۆڵی نێوان مێژوو، و ئەدەبی کوردییە لەو سەردەمەدا.

توێژینەوەکەش لەم پێشەکییە و چوار بەش و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و کورتەیەك بەزمانی عەرەبی پێکهاتووە.

بەشی یەکەم بە ناونیشانی چەمکێك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کوردستانە و لە سێ تەوەر پێکهاتووە کە ئەمانەن:

تەوەری یەکەم: کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا.

تەوەری دووەم: کوردستان لە سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەمدا.

تەوەری سێیەم: کوردستان و ڕووداوەکانی پاش شەڕی جیهانی یەکەم.

بەشی دووەمیش بەم ناونیشانەیە: کۆمەلگای کوردەواری لەبەر سێبەری ڕووداوەکاندا و دیسانەوە لە سێ تەوەر پێکهاتووە:

تەوەری یەکەم: دەربارەی باری کۆمەلایەتی.

تەوەری دووەم: دەربارەی ڕۆڵی دەرەبەگ لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا.

تەوەری سێیەم: دەربارەی باری ئابووری و چالاکی کشتوکاڵ.

بەشی سێیەمیش ئەم ناونیشانەی لەخۆگرتووە: ڕاپەڕین و بزووتنەوە سیاسییەکانی کوردستان و لە دوو تەوەر پێکهاتووە:

تەوەری یەکەم: دەربارەی بزووتنەوەکانی نەتەوەی کورد.

تەوەری دووەم: ڕاپەڕینەکان و هەڵوێستی شاعیران.

بەشی چوارەمیش بەم ناونیشانەیە: باری ڕووناکبیری و گرووپ و کۆمەڵەکانی کوردستان و لە چوار تەوەر پێکهاتووە:

تەوەری یەکەم: دەربارەی باری ڕووناکبیری لە کوردستاندا.

تەوەری دووەم: گرووپ و کۆمەڵەکانی کوردستانی باکوور.

تەوەری سێیەم: گرووپ و کۆمەڵەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات.

تەوەری چوارەم: گرووپ و کۆمەڵەکانی کوردستانی باشوور.

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەشدا بە ڕەچاوکردنی ڕێبازی زانستی و بەپێی توانا پوختەی ئەو بۆچوونانە خراونەتە بەرچاو کە توێژەر بەپێی توانا بۆی ساغبوونەتەوە.

# بەشی یەکەم

## چەمکێك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کوردستان

## ((دوا قۆناغی دەسەڵاتی عوسمانی و ڕۆژگاری پاشایی))

## تەوەری یەکەم

## کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا کوردستان هەر لەسەر باری دووبەشکراوی مابووەوە، بەشی باکووری رۆژئاوا و خوارووی پارچەیەك بوو لە خاکی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و بەشی باکووری رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی پارچەیەك بوو لە خاکی دەوڵەتی قاجاری ئێران، لە راستیشدا بەردەوام سنووری نێوان ئەم دوو دەوڵەتە نائارام بووە و گەلێك رێککەوتننامە لەنێوانیاندا مۆرکراوە، رەنگە ئەدمۆندز باش تێکڕای ئەم بابەتەی باس کردبێ[(١)].

لەو سەردەمەدا ئەم دوو دەوڵەتە بەجارێ لاواز ببوون، لەلایەك بیروباوەڕی نەتەوایەتی میللەتە ژێردەستەکان، لەلایەکی ترەوە خەباتی زەحمەتکێشان و رۆشنبیران و سەرجەم رۆڵەکانی ئەم نەتەوانە ئەم دوو دەوڵەتەیان بێهێز کردبوو، دام و دەزگای ئۆتۆکرایەتی تورك و فورسیان لە مردن نزیك دەکردەوە[(٢)]، ئەمە بێجگە لە خەرجی گرانی شەڕ و شۆڕی سەر سنوور و ئیمتیازاتی دەوڵەتە گەورەکان و قەرزەکانیان، ئەم لاوازییە لەسەر ئاستی کوردستان رەنگدانەوەی خۆی هەبوو، لە هەندێ شوێندا هۆزەکانی کورد دەسەڵاتی میرییان پشتگوێ دەخست[(٣)]. ئەم دیاردەی یاخیبوونە دەسەڵاتدارانی عوسمانی نائارام کردبوو، لە چارەسەرێك دەگەڕان بۆی، ئەنجام گەیشتنە ئەوەی بە گوللەیەك دوو نیشان بپێکن، هێزی سوارەی حەمیدییان لە هۆزە کوردەکان دامەزراند بۆ ئەوەی لەلایەك هۆزەکانی کورد کۆنترۆڵ بکەن، لەلایەکی تریشەوە نەتەوەکانی دی پێ سەرکوت بکەن، بەڵام زۆربەی هۆزەکانی کورد بە هەڕەشەی راستەوخۆی سوڵتان عەبدولحەمید هەڵنەخەڵەتان وەکو هۆزی هەمەوەند و هۆزەکانی ناوچەی دیاربەکر و، بەدلیس ودەرسیم، ئەنجام تاقیکردنەوەکە سەری نەگرت، بۆیە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم ئەم هێزانە بە تەواوی هەڵوەشێنرانەوە و کۆتاییان پێهات[(٤)].

سەرکەوتنی ئیتیحادییەکان لە ساڵی (١٩٠٨)دا بارەکانی زیاتر ئاڵۆزکرد، چونکە ئەگەر سوڵتان بە ناوی ئیسلامەوە داوای پاراستنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەکرد ئەوە ئیتیحادییەکان بۆ هەمان مەبەست رامیارییەکی رەگەز پەرستانەیان پێڕەوکرد، دەیانویست نەتەوەکانی غەیری تورك بکەنە داردەست بۆ بەجێهێنانی مەرامەکانیان. رۆژ لە دوای رۆژ بارەکان زیاتر ئاڵۆز دەبوون، تا گەیشتە ئەوەی لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٣دا ئەنوەر بەگ کودەتاکەی ئەنجامبدا.

لەسەر ئاستی جەماوەری کوردیش خەڵك تینووی ئازادی بوون، بۆیە لە (١٩١٤/٣/٩)دا لە ناوچەی بەدلیس جەماوەر بە سەرکردایەتی مەلا سەلیم راپەڕینی دەست پێکرد، ئەنجام میری هێزێکی گەورەی ناردە سەریان لە پاش کوشتارێکی زۆر رۆژی ١٩١٤/٤/٧ (١١) پێشەوایان لێ لەسێدارە دان و راپەڕینەکە کۆتایی پێهات، لە کوردستانی باشووریش راپەڕینی خەڵك دەستی پێکردبوو، شێخ عەبدولسەلام داوایەکی ئاراستەی ئەنجوومەنی جێگران و ئەعیان کرد لە ئەستەمبوڵ تیایدا داوای هەندێ مافی رەوای میللەتی کورد کرد، بەڵام دەسەڵاتی عوسمانی کە زانی ئەمە گەرای راپەڕینێکی گەورە دەبێ زوو کەوتە خۆیدا و پێش کۆتایی هاتنی مانگی حوزەیران دیسان بە هێزێکی گەورە کۆتایی بەو راپەڕینە هێنا، شێخ عەبدولسەلام و هاوڕێکانی ماوەیەك لە ورمێ خۆیان شاردەوە[(٥)].

(١) سي. جي. ادموندز، كرد، ترك، عرب، سياسة ورحلات وبحوث عن الشمال الشرق من العراق ١٩١٩-١٩٢٥، ترجمة جرجيس فتح الله، مطبعة التايمس، بغداد، ١٩٧١، ص١١٦-١٢٨.

(٢) د. مارف خەزنەدار، شیعری سیاسی کوردی، ماوەی نێوان دوو جەنگی گێتی، گۆڤاری ((کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا))، ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٧١-١٩٧٢، ل٤٥ .

(٣) صديق الدملوجي، أمارة بهدينان أو أمارة العمادية، موصل، ١٩٥٢، ص٦٧-٦٨.

(٤) محمود الدرة، القضية الكردية، الطبعة الثانية المنقحة، منشورات دار الطليعة، بيروت، ١٩٦٦، ص٩٢.

(5)د. كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة محمد الملا عبدالكريم، مطبعة المجمع العلمي الكردي، بغداد، ١٩٧٧، ص١٠٨-١١٥.

لەسەر ئاستی پەیوەندی ئیتیحادییەکان و کوردیش دەبێ ئەو راستییە دووپات بکەنەوە کەوا ئەمانیش دیسان لە کاتی تەنگانەدا دۆستی کورد بوون، بەڵام کە دەسەڵاتیان کەوتە دەست بەرە بەرە پشتیان لێکرد، بەرپرسانی ئیتیحادی درەنگ بیریان لە کردەوەی خۆیان کردەوە، بۆیە لە (٤/٤/١٩١٤)دا لە میانەی کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵەکەیاندا (ئیتیحادو تەرەقی) بایەخیان بە بابەتی کورد دا و دانیان بە هەندێ هەڵەی خۆیاندا نا.

شایەنی باسیشە کۆمەڵەی ناوبراو کە لە مایسی ١٨٨٩دا لە ئەستەمبۆڵ دامەزرا چوار قوتابی بناغەیان دانا، دوانیان کورد بوون (ئیسحاق شەوقی خەڵکی دیاربەکر و عەبدوڵلا جەودەت خەڵکی عەرەب کیر)[٦] ، دواییش روونـاکبیرانی دیکەی کورد پەیوەندییان لەگەڵ کردن، لەوانەش رۆژنامەنووسی ئیتیحادی ئیسماعیل زادە بابان. بەڵام پاشان دەرکەوت هەرچی وەعد و پەیمانی تورکە رەگەزپەرستەکان هەبووە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد راست نەبووە، بۆیە کاردانەوەی ئەو کردەوانە لەنێو رووناکبیرانی نەتەوەکەماندا بەهێز بوونە، بۆ وێنە ئەسیری شاعیر بە پارچە شیعری ((سنوور)) سەرنجی خوێندەوارانی راکێشاوە و بە چوارچێوەی وڵاتەکەیاندا ئاشنای کردوون، چونکە زانیویەتی لە مەترسیدایە:

کوردە دەزانی لە کوێ ساکینە خزمانی تۆ
گوێگرە تا پێت بڵێم مەسکەنی قەومانی تۆ
کێوی تۆروس و عومقی حەوزەکەی ئەسکەندەروون
غەربییە تا بەحری رەش سەرحەدی مەیدانی تۆ
بەحری رەش و ئەردەهان، ئاوی ئاراس بزانە
حەددی شیماڵە ئەمە بۆ کۆچ و جەولانی تۆ
ئەڵوەند و گۆمی ورمێ تا سەری ئاوی ئاراس

(6)د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٩، ص١٤-١٥.



سەرحەدی رۆژهەڵاتە جۆگە و کێوانی تۆ
ئەهواز و کێوی حەمرین، ژەنگار و رێی نسەیبین
بۆ تەرەفی جنووبە رەوزەی ریزوانی تۆ
داخیلی ئەم حدودە دوازدە ویلایەت هەیە
دەڵێن دوازدە ملیۆنە نفووسی کوردانی تۆ
حاشا درۆیە ئەسڵا نفووسیان نەنووسراوە
دەگاتە بیست ملیۆن بنووسرێ قەومانی تۆ
لە دەوری ئەم سنوورە لە ئەنقەرە و خۆراسان
بلووج و ئازەربایجان لەوێشە خزمانی تۆ
ئەوی وەتەنی خۆشەویست ناوتم ئەوجاکە بیست
منالێکی ساوا بووم دەبوومەوە قوربانی تۆ
وتەی وڵاتی کوردە لە لای تۆ هەروەك ویردە
(ئەسیری) ئەم حاڵەتە دەلیلی ئیمانی تۆ

(دیوانی ئەسیری، ب ١ ، ل ٤٥ )

## تەوەری دووەم

## کوردستان و شەڕی جیهانی یەکەم

ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە ئەنجامی خەیاڵ و پلاوێکی بێسەروبندا بۆ گەڕانەوەی رابردووی دوای ئەڵمانیا کەوت، بەمەش تورکە ئیتیحادییەکان دووچاری هەڵەیەکی گەورە بوون، چونکە پشتیان بە دەوڵەتێکی زلهێزی ئیمپریالیزم بەست و هێزی راستەقینەی خۆیان پشتگوێ خست کە جەماوەری تورك و نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتیان دەیان نواند.

لە تەمووزی ساڵی ١٩١٤دا ئاگری شەڕ لەنێوان نەمسا و سرب دەستیپێکرد، لە مانگی ئابی ساڵی ١٩١٤دا پەیماننامەی نهێنی نێوان رایخشتاخ و دەروازەی باڵا مۆرکرا. ئیتیحادییەکان دیسان کەڵکیان بە کورد کەوت، کوردستان کە جێگای نێوەندی رووداوەکان بوو، بووە جێی بایەخی تورك، لە رێگای فەتوای شێخی ئیسلامەوە ویستیان هەستی خەڵك بە ناوی جیهادەوە بورووژێنن، لەلایەك دەیانویست سۆزی کورد بۆ لای خۆیان رابکێشن و گوفتی خودموختارییان پێبدەن، کەچی لە هەمان کاتدا تەقەلایان دەدا گیان بخەنەوە بەر سوارەی حەمیدی. کورد بەبێ ئارەزووی خۆی گلایە ناو جەنگەوە، چونکە جێگای وڵاتەکەی خستییە ئەو بارەیەوە، تەنانەت مامۆستا دوکتۆر کەمال مەزهەر کە بە تێکڕایی باسی ئەم لایەنە دەکات لە زمانی دوکتۆر (م. س. لازاریف)ەوە دەڵێت: ((یەکەمین گوللەی جەنگی جیهانی یەکەم لە رۆژهەڵاتی نزیکدا لە کوردستانی ئێرانەوە تەقییەوە نەك لە دەریای رەش))[7] .

(٧) د. کمال مظهر احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٩.



ئەوە بوو لەنێو کورددا بە ناوی (سەفەر بەلك)ەوە رەشبگیری دەستیپێکرد، مەلا حەمدوونی شاعیر بە پارچە شیعرە بەناوبانگەکەی وەستایانە باسی ئەو رووداوە و باری شڵەژاوی ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی دەکات و دەڵێت:

ئەم رۆژە چ رۆژێکە کە دونیا شڵەژاوە
هەر کەس بە جەخارێ جگەری قیمەکراوە
دونیا پڕی ئاشووبە خەلایق بە عموومی
ئاسایشی لێ مەنعە ئەڵێی جونبوشی ئاوە

* * *

ژاندرمە ئەسووڕێنەوە وەك واشەیی برسی
بۆ لاشەی میللەت بە فڕوفێڵی غەزاوە
فەوتاوە لەبەر سوخرە کەر و قاتر و یابۆ
وشتر سەقەت و شەل بووە گا پشتی شکاوە

* * *

دەشت و جەبەل و شیو و جزیرەی هەموو دونیا
گل گل بووە سەرپاکی بە خوێنی شوهەدا
تەیارە بە ئەسبابی شەڕ و فیتنەوە دایم
جەولانی ئەڵێی هەورە بەسەر مەرکەزی باوە [8]

ئەمەش دیسان کاردانەوەی خراپی لەسەر خەڵك هەبووە بەتایبەت لەنێو هۆزەکانی کورددا، ئەوەبوو دیاردەی هەڵاتنی سەرباز زیادی کرد، کوێر حسێن پاشای سەرۆکی

(٨) مەلا حەمدوون تەخەلوسی ((حەمدی))، خەڵکی سلێمانی بووە، ساڵی ١٨٥٣ بە کوێری لەدایك بووە، وڵاتانی ئێران و شام و ئەستەمبۆڵ گەڕاوە، ساڵی ١٩١٦ کۆچی دوایی کردووە، بڕوانە: د. مارف خەزنەدار لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، چاپخانەی (المؤسسة العراقية للدعاية والطباعة)، بەغدا، ١٩٨٤، ل ١٣١ .

هۆزی حەیدەرانلی کە خاوەنی (٣٠٠) گوند بوو بە ئاشکرا دژی ئیتیحادییەکان وەستا و پێوەندی لەگەڵ شێخ عەبدولقادری نەهری کرد.

دەربارەی کوردستانی عیراقیش دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کەوا لە دوای ئەوەی ئینگلیز هەواڵی راگەیاندنی بەشداربوونی عوسمانی لە شەڕدا بیست بە یەك رۆژ هێرشی بردە سەر فاو و داگیری کرد ئەمەش کاردانەوەی راستەوخۆی هەبوو لەسەر کوردستانی باشوور و خەڵکی عێراق بە گشتی. جەماوەری عێراق بە کورد و عەرەبەوە رێگای باشووری وڵاتیان گرتەبەر بە نیازی جیهادی پیرۆزەوە، گەلی کورد بە سەرکردایەتی شێخ مەحموود و هەزار سوار لە شەڕی (شعێبە)دا لە نیسانی ساڵی ١٩١٥دا بەشداریکرد، شەڕەکە بە زیانی گەورە بۆ هێزی جیهادکاران و سەرکەوتنی ئینگلیز کۆتایی پێهات،[٩] و هێزەکانی رووسیاش لە کوردستانەوە لە سێ لاوە (خانەقین، سلێمانی، رەواندز) شاڵاویان هێنا.

گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی رووسیا لەدوای شۆڕشی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ هەڵوێستی ئینگلیزی گۆڕی، چونکە رووسیا پاشەکشێی کرد، ئەمیش لەدوای داگیرکردنی بەغدا کەوتە خەیاڵی ولایەتی (موصل)، دەسەڵاتی عوسمانی بە داگیرکردنی بەغدا بەجارێ شڵەژا، چەندان جار حکوومەت و پەرلەمان کۆبوونەوە، بەڵام ئەنوەر پاشا هێزە بەتواناکەی بەردەستی لەسەر خواستی ئەڵمانیا ناردە بەرەکانی رۆمانیا و مەقدۆنیا، هێزێکی ماندوویشی کۆکردەوە و ناردی بۆ رزگارکردنی بەغدا، بەڵام دیسان ئەو هێزە شکا و ئینگلیز سەرکەوت[١٠]، تەنانەت بیانووی بۆ بەرپابوو کە زیاتر چنگ بگرێ لە

(٩) ژمارەی کوژراوەکان ٢٥٠٠ کەس بوون ٨٠٠ کەسیش بەدیل گیران، لەم شەڕەدا ناوداری گەورەی کورد ساڵح زەکی بەگ برینداربوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. کمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.

(١٠) هێزی عوسمانی نزیکەی ٣٨ هەزار چەکدار بوو ژمارەیەکی زۆریان کورد بوون، لەم شەڕەدا رووناکبیرانی کورد بەشداری پاراستنی بەغدایان کرد، جەمال بابان لەم شەڕەدا کە ئەفسەرێکی لاو بوو بەدیل گیرا .



ناوچەکە ئەوەبوو پێش ئاگربەستی مۆدرۆس بە ١٢ رۆژ قوربانی بە ٢ هەزار سەرباز دا بۆ ئەوەی هەنگاوێکی گرنگ بچێتە پێشەوە لە ١٩١٨/٤/٢٨ گەیشتە کفری، ١٩١٨/٤/٢٩ گەیشتە دووزخورماتو، ١٩١٨/٥/٧ گەیشتە کەرکوك و داگیری کردن، ئینگلیز عەقڵی خستەکار (سۆن)ی ئامادەکراوی گەیاندە ناوچەکە، (کابتن نۆئێل)ی فارسیزانی ناردە لای شێخ مەحموود، چونکە لەو سەردەمەدا باڵادەست بوو. لە رۆژنامەی (تێگەیشتنی راستی)[١١]دا سۆزی کوردیان بۆ لای خۆیان راکێشا و دژی عوسمانی کەوتنەکار. ئینگلیزەکان داکۆکی زۆریان لەسەر ولایەتی موسڵ کرد چونکە لۆن کیرزن لە کاتی خۆیدا وتبووی سنووری رۆژئاوایی هیند لە فوراتەوە تێدەپەڕێ، لە رێگای (موسڵ)یشەوە نەبێ کۆنترۆڵ ناکرێ، هەر ئەم هەڵوێستە توندەی ئینگلیزیش بوو فەرەنسای ناچار کرد دەست لەسەر (موسڵ) هەڵگرێ[١٢].

جەنگی جیهانی یەکەم ماڵوێرانییەکی لە رادەبەدەر بوو بۆ گەلی کورد، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە هەلێکی نوێ لە دوای جەنگ پەیدابوو، دەبوو گەلی کورد سوودی لێ ببینێ، بەڵام دیارە لەو سەردەمەدا سەرکردەیەکی لێهاتوو نەبوو بتوانێ گەلی کورد یەك بخات و مەسەلەکان بە جۆرێك بجوڵێنێ کە مافی میللەت لە دەست داگیرکەرە کۆن و نوێیەکان دەربکات، ئەگەریش شێخ مەحموود بۆ سەردەمی خۆی کەم نەبوو، بەڵام دیارە سوودی لە تاقیکردنەوەی پێشووی گەلەکەی نەبینیبوو، چونکە داگیرکەرەکان هەر خۆیان بوون و ئەوانەش گوشاریان بەکاردەهێنا هەر خۆیان مانەوە، بۆیە دەبوو زیاتر لە مێژووی پێش خۆی سوودی ببینیایە بەتایبەت کە لەگەڵ ئینگلیز رووبەڕوو بووەوە، ئەو دوژمنەی کە لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدا چەند جارێك پێش ئەو کاتە میللەتی کوردی کردە قوربانی، خۆ شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا (١٨٨١) ئەو کاتە زۆری بە سەردا تێنەپەڕیبوو کە لە ئەنجامی گوشاری ئەورووپادا سەری نەگرت.

(١١) تێگەیشتنی راستی ــ رۆژنامەیەکی کوردی بوو لە بەغدا دەردەچوو یەکەم ژمارەی لە ١/١/ ١٩١٨ دەرچوو، دوا ژمارەی لە ١٩١٩/١/٢٧ دەرچوو، بەسەریەکەوە ٦٧ ژمارەی لێ دەرچووە.

(١٢) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٦-١٩٦.

## تەوەری سێیەم

# کوردستان و ڕووداوەکانی پاش شەڕی جیهانی یەکەم

دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لە دوای بارخستنی شەڕ لە زەمانی سەرۆکەکانیانەوە کەوتنە گفتدان بەوەی دەیانەوێ بەپێی ئارەزووی گەلانی ژێر دەسەڵاتی حوکمی عوسمانی جاران کارگێڕی گونجاویان بۆ دابمەزرێنن بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتییان[١٣].

گەلانی بەشخووراو چاویان بڕیبوو لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس کە پتر لە یەك ساڵی خایاند (١٩١٨/١/١٨ – ١٩٢٠/١/٢١)، گوایە ئەو گفت و پەیمانانە دێنەدی، شێخ مەحموود ویستی وەفدێکی سەربەخۆ بۆ کۆنگرەکە بنێرێ، بەڵام ڕێگای پێنەدرا، هەندێ لە کۆمەڵە کوردییەکان شەریف پاشایان هەڵبژارد بۆ ئەوەی بە ناوی کوردەوە چالاکی بنوێنێ [١٤]. دەربارەی مەسەلەی کورد و ئەرمەنیش کە لەو سەردەمەدا جێی بایەخ بووە، شەریف پاشا وتویەتی: باشترین ڕێگا بۆ یەکالاکردنی مەسەلەکان بە شێوەی هەمیشەیی لەوەدایە کە هەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەن مافی یەکسانیان لەڕووی نەتەوایەتییەوە بۆ دابین بکرێت، بۆ ئەوەی هەریەك لە وڵاتی خۆیدا بگات بە مافی خۆی، بەم شێوەیە پێشەوا کوردەکان ئامادەبوون دان بە مافی ئەرمەندا بنێن، بەڵام لە وڵاتی خۆیاندا[١٥].

(١٣) (لوید جورج)ی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە ١٩١٨/١/١٥دا لە بەردەم نوێنەرانی نیقابەکاندا، سەرۆك ولْسن لە ١٩١٨/١/١٨ لە بەردەم کۆنگرێسی ئەمریکادا، هەروەها بەیاننامەی فەرەنسا دەربارەی مافی نەتەوەکان ئەمەیان دووپاتکردۆتەوە .

(١٤) د. بلەج شیرکو، القضیة الکردیة، ماضي الکرد وحاضرهم، القاهرة، ١٩٣٠، ل٦٧.

(١٥) الثقافة (کۆڤار)، د. احمد عثمان ابوبکر، المسألة الکردیة في عهد السلام، العدد الثامن، السنة التاسعة، آب ١٩٧٩ ، ص٣٨ .



ئەنجامی کۆنگرەکە گەیشتە بیرۆکەی ئینتداب بۆ دابەشکردنی میراتی عوسمانی. دیاربوو ئینگلیز لەوەپێش هەموو شتێکی ڕێکخستبوو هەر بۆیەش لە ڕێگای (نۆئێل)ەوە کە لە پێش ئەوەی بە تەواوەتی چنگ بگرێ لە کوردستان کردبووی بە حاکمی سیاسی سلێمانی زانیاری باشی لە سەر بۆچوونی کورد کۆکردبووەوە، چونکە گەشتێکی بەناو شارەکانی کوردستاندا کردبوو، باش گوێی گرتبوو لەخەڵك و سۆزی کوردی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو(١٦)، شایانی باسە ئەم نزیکبوونەوەیە تورکی نائارام کردبوو چونکە (نۆئێل) کوردی زۆر خۆش دەویست،) ئەنجام نۆئێل و کوردەکانی هاوڕێی لەلایەن هێزەکانی (مستەفا کەمال)ەوە لەو ناو دەرکران و بە زەحمەت گەیشتنە ئەستەمبۆل(١٧) .

ئینگلیزەکان پێش ئەمەش زانیاری باشیان لەسەر هۆزە کوردەکانی کوردستانی باشوور کۆکردبووەوە، ئەمەش لە ڕێگای ڕاپۆرتێکی نهێنییەوە کە پاشان کرا بە کتێب و بڵاوکرایەوە.

بەریتانیا و فەرەنسا لە کانوونی یەکەمی ١٩١٩ دا کۆنگرەیەکی تایبەتیان لەسەر باری تورکیا بەست، بەریتانیا پێشنیازی فەرەنسای ڕەتدایەوە دەربارەی دابەشکردنی خاکی کوردستان لە نێوانیاندا، وەڵامی بەریتانیا چەند خاڵێك بوو دوایی بوون بە بەندەکانی ڕێککەوتننامەی (سیڤرە) کەوا لە ١٩٢٠/٨/١٠ لە شاری سیڤرە لە نزیك پاریس مۆرکرا، کە بریتیبوو لە ١٣ بەش و ٤٣٣ بەند. ئەو پێنج لیژنەیە گەڵاڵەی کردبوو کە لە کۆنگرەی پاریسەوە پێکهاتبوون، لە ڕاستیدا ئەم ڕێککەوتننامەیە بە مردوویی لەدایك بوو، چونکە فەرەنسا هەر زوو هەڵوێستی لێوەرگرت، یەکەمجار ڕۆژنامە و دواییش میری داوای کرد بەسەر بکرێتەوە، ئیتاڵیا کە بە تەنها پەسەندی کردبوو دیسان دژی وەستا، ئەنجام لە کانوونی دووەمی ١٩٢١ دا هەڵوەشێنرایەوە و لە ڕۆژی ١٩٢٣/٧/٢٤ ڕێککەوتننامەی لۆزان جێگای گرت، بەندەکانی (٦٢-٦٤) کە تایبەت بوون بە کورد یەکەم قوربانی بوون [١٦].

(١٦) د.کەمال مەزهەر ئەحمەد سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٤-٣٥١.

بەریتانیا لە پاش ئەم رووداوە، بە پەلەپەل کەوتە خۆیدا و باری رامیاری نێو تورکیای بە جۆرێك سازکرد کە دەسەڵاتی لە دەستی لایەنگرانی خۆیدا بێت.

مامۆستا محەمەد ئەمین زەکی هەر زوو ئاماژەی کردووە کە بەندەکانی (٦٢-٦٤)ی سیڤرە تێکەڵ و پێکەڵن و هیچ شتێکی ئەوتۆ بۆ کورد دیاری ناکەن[١٧] لە بەندی (٦٤)یدا ئەوە هاتووە کە دەبێ لیژنەیەکی سێ قۆڵی لە نوێنەرانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا لە ماوەی (٦) مانگدا پرۆژەی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو ناوچانە دابنێ کە زۆرینەیان کوردن لە باکووری سنووری تورکیاوە لەگەڵ سووریا و مسیۆپۆتامیا، دەبێ نەخشەی ئاسایشی ئاسووری و کلدان دابین بکرێت بۆ ئەمەش لیژنەیەکیتر پێك بهێنرێت.

لە بەندی (٦٣)دا ئەوە هاتووە کە بڕیارەکانی هەردوو لیژنەی بەندی ٦٢ لە ماوەی ٣ مانگدا جێبەجێ بکرێت.

لە بەندی (٦٤)دا ... ئەگەر کوردەکان داوای سەربەخۆیی لە کۆمەڵەی گەلان بکەن (لە دوای ساڵێك) لەم بەیاننامەیە، ئەنجوومەنیش بە شیاوی بینی وا تورکیا واز لە گشت بیانووەکانی خۆی دێنێ، چونکە بەپێی رێککەوتننامەیەکی نهێنی لەنێوان ئینگلتەرا و تورکیا کە لە ١٩١٩/٩/١٢ مۆر کرابوو دەبوو تورکیا بەرهەڵستی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ نەکات[١٨].

دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ باوەڕی وایە کەوا بەریتانیا و فەرەنسا تەنها بەرواڵەت دەیانویست بەپێی هەر چواردە خاڵەکانی پێشنیازی ویلسۆن مافی چارەی خۆنووسین بە کورد بدەن، چونکە ئەوان ئامانجی راستەقینەیان ئەوە بووە کارتێکردنی شۆڕشی ئوکتۆبەری سۆشیالستی زیاد نەکات و بەو دەوڵەتە دواکەوتووەی نیازیان

(١٧) محەمەد ئەمین زەکی، خلاصة تاریخ کرد و کردستان من اقدم العصور حتی الآن، ترجمة محمد علي العوني، القاهرة، ١٩٣٦، ص ٢٨١-٢٨٣.

(١٨) بڕوانە: د.احمد عثمان ابو بکر، المسالة الکردیة في عهد السلام، مجلة (الثقافة)، العدد الثامن، السنة التاسعة، اب ١٩٧٩، ص٤٥.



هەبوو دایبمەزرێنن وەکو شوورەیەك لەنێوان تورکیا و رووسیای سۆڤێتیدا بەری بگرن[١٩]لەم مەسەلەیەشدا ئینگلیز باڵادەست بوو، بەمەش تاقیکردنەوە و واقیعی تاڵ دووپاتیان کردەوە کەوا ئینگلیز دوژمنی راستەقینەی گەلی کورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بووە و بەردەوام تەگەرە بووە لە بەردەم خواستی گەلی کورددا[٢٠].

نەك هەر سیاسەتمەدارانی کورد ئەم راستییەیان لا ئاشکرا بووە، بەڵکو پێش ئەوانیش رووناکبیرانی نەتەوەکەمان ئەوەیان بۆ ساغ بووەتەوە کە داگیرکەری نوێ واتە ئینگلیز هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە گەلەکەمان بە مافەکانی خۆی شاد بێت، شاعیری گەورەی کورد، فایەق بێکەس لە پارچە شیعری (بیست و حەوت ساڵە)دا ئەم راستییەی راستەوخۆ لە بەردەم کاربەدەستێکی ئینگلیزیدا دووپات کردۆتەوە، شاعیر دەڵێت:

بیست و حەوت ساڵە من رەنجبەری تۆم
بە نان و ئاو و جل و بەرگی خۆم
خزمەتم کردی لە ئێران و رۆم
لە پێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم
کەچی هێشتا هەر دیل و رەنجەڕۆم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بە ناهەق وا سووکت کردم؟!

* * *

بیست و حەوت ساڵە من ئەرەتێنی

(١٩) د.عبدالرحمن قاسملو، کردستان والاکراد، دراسة سیاسیة واقتصادیة، المؤسسة اللبنانیة للنشر، الطبعة الاولی، بیروت، ١٩٧٠، ص٦٠-٦١.

(٢٠) جلال طالباني، کردستان والتجربة القومیة الکردیة، دار الطلیعة للطباعة والنشر، الطبعة الثانیة (مزیده ومنقحة)، بیروت، ١٩٧١، ص١٠٩.

بەفرو فیشاڵ ئەم خەڵەتێنی
رۆژی نەوعێکم هەڵ ئەپەڕێنی
بۆ مەرگی خۆم ملم ئەشکێنی
کە ئیشت نەما وازم لیٚ دێنی
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بە ناهەق وا سووکت کردم؟!

* * *

بیست و حەوت ساڵە من تووشی تۆ بووم
لەڕێی ژیانا هیچ پێش نەکەوتووم
لات و پەژموردە، هەر وەکو مردووم
قسەی خۆمان بیٚ حەشرت پیٚ کردووم
هیوام نەماوە، تازە لە دەست چووم
گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!
بۆچی بە ناهەق وا سووکت کردم؟!

(دیوانی بیٚ کەس، ل ٦٥ )

# بەشی دووەم

# کۆمەڵگای کوردەواری

# لەبەر سێبەری ڕووداوەکاندا

## تەوەری یەکەم
## دەربارەی باری کۆمەڵایەتی

لەم بوارەدا رووناکی دەخەینە سەر کۆمەڵی کوردەواری ئەو سەردەمە و ئاماژە بۆ هەندێ لایەنی دەکەین و دیاردە گرنگەکانیان دەخەینەڕوو .

لە کۆمەڵی کوردەواریدا خێزان کە ژن و پیاو پێکەوەی دەنێن بەردی بناغەیە، پەیوەندی پیرۆزی نێوان ژن و پیاو کە لەسەر بنەدەکانی یاسای ئیسلام دامەزراوە چارەنووسی هەردووکیان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بۆیە گشت تواناکانیان بەکاردێنن بۆ دابەستنی کۆڵکەکانی ژیانی داهاتوویان . ئەرکی هەرە گرنگی خێزانی کورد ئەوەیە بوونی خۆی بپارێزێ و رۆڵی خۆی ببینێ وەکو شانەیەکی چالاك و خێرخواز لە کۆمەڵدا لە کارا بێت .

دیاردەی هەرە گرنگی خێزانی کورد ئەوەیە کە ئەندامەکانی لە نێو یەکدا لە ناو ماڵ و دەرەوەی ماڵدا هاوکارن، هەریەکە بە پێی تەمەن و توانای خۆی بەشێکی ئیش و کار بەجێ دێنێ، خێزانی کورد لە لادێدا زیاتر لە شار فراوانترە، چونکە هەندێ جار سێ پشت بەیەکەوە لە نێو یەك ماڵ و خێزاندا ژیان بەسەردەبەن باپیر وکوڕەزا پێکەوە دەژین، رەنگە هۆکاری ئەم فراوانخوازییە زۆربوونی ئیش و کار بێ، باپیر کونجی دیوەخان دەگرێ و پێشوازی لە میوان دەکات و ئامۆژگاری گەورە و بچووکی لە ئەستۆیە، پیاوەکانی دی خەریکی جووتیاری و وەرزێری و شوانی یان هەر کارێکی دی دەبن لەدەرەوەی ماڵ . لە نێو خێزانی کورددا پیاو باڵادەستە بەڵام ژنیش رێزێکی گەورەی هەیە و دەسەڵاتی لە چوارچێوەی کاروباری ناوخۆی ماڵدا فراوانە. [21]

(٢١) بۆ ئەم باسە سوودبینراوە لە پەرتووکەکەی مامۆستا عبدالستار طاهر شریف - المجتمع الكردي - دراسة اجتماعية ثقافية سياسية - بغداد ١٩٨١ .



### باری ژیانی ژنان لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا:

ئەرکی ژنی کورد لە کۆمەڵی کوردەواریدا تەنها لە چوارچێوەی ناوماڵدا دەرناکەوێ و لە سنووری منداڵ بەخێوکردن و چێشتلێنان و نانکردن و جل شۆشتن و مەڕدۆشین ... هتد تێدەپەڕێ و شانبەشانی باوك و برا و مێرد هاوکاری دەست و بازووە، ئیتر ئەگەر مەڵۆنانەوە بێت یان کۆکردنەوەی سووتەمەنی، یان دروێنە و ئاژەڵداری ... هتد بۆیە ئەرکی ژن لە لادێدا گەلێك لە شار قورسترە، ماندووبوونی ئافرەتی کورد رەنگدانەوەی نارێکی هەیە لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ، چونکە گەلێکیان منداڵی ساوا لە کۆڵ دەگرن و ئیش و کار رادەپەڕێنن، تەنانەت کە منداڵ دەخەوێنن بە قاچیان بێشکەکەی رادەژێنن و بە دەستیان کاری رستن و چنین ئەنجام دەدەن مەگەر دایك هەر ئەوەی بۆ بکرێ بە دەنگە خۆشەکەی بە باڵۆرەی کوردی گوێی کۆرپەکەی پڕ بکات و بینوێنێ، سەرەڕای گشت ئەم بارگرانییە باری سروشت و کۆمەڵی کوردەواری فشاری زیاتری دەخەنە سەر بۆ ئەوەی پتر منداڵی ببێ.

چونکە منداڵی زۆر بە تایبەت کوڕ بە پشت و سامانی هەرە گەورە دەزانن، کەچی بەرامبەر بەمەش سەرقاڵی باوك بە ئیش و کاری دەرەوە ماوەی ئەوەی ناداتێ کە هەندێ لە ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵ بگرێتە ئەستۆ، بۆیە بەرپرسیارێتی پەروەردەکردنی منداڵ بەتەواوەتی دەکەوێتە سەر دایك.[22]

رۆژهەڵاتناسەکان لەگەڵ دانیاندا بە باری قورسی سەرشانی ئافرەتی کورد شایەتی ئەوەشیان داوە کە لە نێو کورددا بە بەراورد لەگەڵ گەلانی دی ئافرەت زیاتر سەربەستە . ژنی کورد هاوکاری پیاوە و بە ئازادی لە گەڵیا دەدوێ و بیروبۆچوونی خۆی بەڕوونی بۆ دەردەبڕێ [23] خاتوو هینی هانسن لە زمانی ( رامبوش )ەوە ئاماژەی کردووە کەوا ئافرەتی کورد وەکو پیاو وایە زۆری لێناکەن عەبا لەبەربکا،

(٢٢) د. شاكر خصباك، الاكراد دراسة جغرافية اثنوغرافية، مطبعة شفيق، بغداد ، ١٩٧٢، ص٤٥٧ .

(٢٣) ب.نيكيتين ، الاكراد، دار الروائع، بيروت، ١٩٦٧، ص ٨٢ .

هەروەها لەزمانی ( سۆن )ەوە دەڵێت: ژنی کورد نازانێ عەبا چییە، ژن سەربەستییەکی تەواوی هەیە[٢٤].

مێژووی ژنی کورد مایەی شانازییە بۆ کۆمەڵی کوردەواری چونکە خاڵی گەشمان بۆ تۆماردەکات ، ناوی ئافرەتی ئەوتۆی بۆ دیاری کردووین کە وەکو جەنگ ئاماژەیان بۆ دەکرێ لەم بارەیەوە مینۆرسکی ئەم شایەتییەمان بۆ دەدات، کاتێك ئەوەمان بۆ باس دەکات کەوا لە ساڵی ١٩١٤ دا چاوی بە عادیلە خانمی بەناوبانگ کەوتووە ( ژنی عوسمان پاشای جاف ) کە هەر لە پێش چەند ساڵێکەوە سەرۆکی راستی و دروستی ناوچەکە بووە، چونکە مێردەکەی لەماڵەوە نەبووە [٢٥] .

ئەگەر بڕوانینە تەقەلای ژنانی کورد بۆ هەنگاونان بەرەو شارستانێتی دەتوانین ئاماژە بۆ ناوی حەپسەخانی نەقیب بکەین، یەکەمین ژنی کورد بوو داوای مافی ژنی کوردی کرد، یەکەمین ژن بوو قوتابخانەیەکی ئێوارانی لە شاری سلێمانی بۆ کچان کردەوە بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری، کە ئەم خۆیشی تیایدا فێری خوێندن و نووسین بوو، حەپسەخانی نەقیب لەم سنوورەش تێپەڕی گەیشتە ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٠دا یادداشتنامەیەك ئاراستەی کۆمەڵەی گەلان بکات بۆ دابینکردنی مافی کورد[٢٦].

ژینگەی کوردستان. بە چیا و بەفر و سەرما و سۆڵەوە بەرگی سەوز و سوور و زەردی گوڵ و کولیلکەوە ڕەنگدانەوەیان هەیە لە ژیانی ئافرەتی کورددا، لەم بارەیەوە لێکۆڵەران ئەو راستییەمان بۆ دیاری دەکەن کەوا ئەگەر ئافرەتی پێخاوس نییە ئەوە کارتێکردنی سروشتە چونکە ناتوانێ لە سەر شاخ و لە سەرما و سۆڵەی زستاندا هیچ لەپێ ناکات، ئەگەریش جل و بەرگی ئافرەتی کورد جوان و ڕەنگینە ئەویش دیسان

(٢٤) هینی هارۆلد هانسن، ژیانی ئافرەتی کورد. وەرگێڕانی عەزیز گەردی چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٢، ل ٢٥ .

(٢٥) مینۆرسکی، کورد، وەرگێڕانی د.مارف حەزنەدار لە رووسییەوە بۆ عەرەبی، وەرگێڕانی حەمە سەعید حەمە کریم لە عەرەبییەوە بۆ کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ١٩٨٤، ل١٦٤ .

(٢٦) ئەکرەمی سالحی رەشە، شاری سلێمانی، بەرگی دووەم، چاپی دووەم بەغدا، ١٩٨٩، ل ٢٦٠-٢٦١ .



لەبەر ئەوەیە ئەو ئافرەتە چاوی بەسەوزایی و شینایی و گوڵاڵە سوورەی دڵفڕێن کردووەتەوە، هەمیشە ئەو ڕەنگانە دڵ و هەستیان بزواندووە[٢٧] .

ڕووناکبیرانیش بەردەوام لە هەلومەرجی گونجاودا لەگەڵ کۆنە پارێزاندا ڕووبەڕوو بووەتەوە و هەوڵیانداوە لە سایەی ئاسۆی جوان و ڕەنگینی کوردستانەوە پتر بەرچاوی ژنان ڕووناك بکەنەوە .... کاتێکیش ڕووناکبیرانی ناوچەکە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بانگێشتی مافی ئافرەتیان کرد هەوڵەکانی ئەحمەد ئەمین لە وڵاتی ( مصر ) و زەهاوی لە بەغداوە بوونە جێی بایەخ. ڕووناکبیرانی کوردیش لە کوردستانەوە بەتایبەت شاعیران بەڕاستەوخۆ داوایان کرد ئافرەتی کورد سەرپۆش فڕێ دەن و ڕوو لە خوێندگاکان بکەن، ڕەنگە باشترین نموونەی ئەم جۆرە شیعرە ئەوەی پیرەمێردی نەمر بێت کە خوازیاری ئەوەیە کچان ئاراستەی خوێندن بکرێن.

ئەی کچینە وەرنە مەکتەب
ئێوە تەسکینی دڵن
زینەتی باغ و تەرقین
ڕەونەقی دەستە گوڵن
تازە ئێمە تێگەیشتووین
دایکی چاکی خوێندەوار
نەسلی وا دێنێتە مەیدان
قەومەکەی پێ بێتە کار [٢٨]

بەم شێوەیە شاعیرانی کورد هەڵوێستی دروستی خۆیان دژی بیرتەسکانی کۆمەڵ ئاشکرا کردووە، ئەوانەی لە ژێر پەردەی ئایینەوە ژنان سەرکوت دەکەن، تەنانەت لەو مافانەش بێبەشیان دەکەن کە ئایینی ئیسلام پێی ڕەوا بینیون.[٢٩]

(٢٧) د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، ئافرەت لە مێژوودا (کورتە باسێکی مێژوویی کۆمەڵایەتی)، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٨١، ل٧٥.

(٢٨) دیوانی پیرەمێرد، فایق هوشیار و ئەوانی دی، (بەرگی یەکەم )، سلێمانی، ٢٠٠٠ ، ل٢٣٠ .

بەڵام وێڕای ئەمە گومان لەسەر ئەوە نییە کورد سیمای تایبەتی خۆی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا پاراستووە و سەرنجی ڕۆژهەڵاتناسەکانی ڕاکێشاوە لەم بارەیەوە ئەدمۆندز دەڵێت : ژنی کورد لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە بۆ وێنە لەگەڵ میواندا دادەنیشن سەروچاویان داناپۆشن(٣٠) .

### باری ژیانی منداڵ لە کۆمەڵگای کوردەواریدا:

منداڵ گەورەترین سامانی میللەتە، هەر بۆیەش ژیانی نوێ بایەخی زۆر بە منداڵ دەدات، چونکە پاشەڕۆژی کۆمەڵی لەسەر بەندە، بۆیە کە لە منداڵدانی دایکیا دەخولقێ دەستدەکرێ بە سەرپەرشتی کردنی بۆ ئەوەی کە لە دایك دەبێ ببێ بە ئەندامێکی کارای کۆمەڵ نەك پەککەوتە و ناتەواو، ببێ بەبار بەسەر کۆمەڵەوە .

لە کۆمەڵی کوردەواریدا هەتا سەرەتای سەدەی بیستەمیش هەلێکی ئەوتۆی تەندروستی گونجاو بۆ ژن و منداڵی کورد بەرپانەبووە، بۆیە سەدان ئافرەت بەسەر منداڵەوە گیانیان لە دەستدەدا و سەدان منداڵیش ناتەواو لە دایك دەبوون یان لەبەر نەخۆشی دەمردن. دایك و باوك ئەگەر منداڵەکانیان نەخۆش بکەوتبا خەریك دەمان بۆ کوێی بەرن .. دەیان دوعا و نوشتەیان بۆ دەکرد، مینۆرسکی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە گەشتێکیدا لە سەر ڕێگایەکی سەختدا ژن و پیاوێکی کوردی تووش بووە منداڵێکی نەخۆشیان پێ بووە کە ئەمیان بینیوە وایان زانیوە پزیشکە بۆیە ژنەکە کەوتۆتە سەر دەست و قاچیا هەتا فریایان کەوێ بۆ ئەوەی منداڵەکەی کە لە سەربان کەوتبووە خوارەوە تیماری بکا(٣١) سەرەڕای ئەم کوێرەوەرییە لەو کاتەدا دایك و باوکی کورد سوور بوونە لەسەر ئەوەی منداڵی زۆریان ببێ، تەنانەت هەر زوو پیاو ژنی دەهێنا هەتا زوو منداڵی

(٢٩) محەمەدی مەلا کەریم، خەباتی شیعری کوردی لە پێناوی ئازادی ئافرەتاندا، گۆڤاری ((بەیان))، بەغدا، حوزەیرانی١٩٧٥، ل٥٠٢.

(٣٠) د.بدرخان السندی . المجتمع الكردي قي المنظور الاستشراقي، مطبعة اراس، اربيل، ٢٠٠٢، ل ١٢٥.

(٣١) مینۆرسکی، سەرچاوەی پێشو، ل ١٦٦ .



پێ بگا و پاشەڕۆژ لە پاڵیانا بحەسێتەوە ئەگینا بێ داڵدە دەبێ(٣٢) . منداڵی کورد لەو سەردەمەدا لەگەڵ لە دایك بوونیا کڵۆڵی تووش بووە، چونکە تەنانەت مامانێکی پسپۆڕیش نەبووە ناوکی ببڕێ، بۆیە بە دوو بەردی تیژ خۆی ناوکی منداڵەکەی خۆی دەبڕی(٣٣). کۆرپەی کورد بەبێ چاودێری تەندروستی گەورە دەبوو، هەرکە توانیویەتی دار بگرێتە دەست لە جیاتی باخچەی منداڵان و قوتابخانە بەرەبەرە فێری شوانیيان کردووە سەرەتا کردوویانە بە ( ساوەڵەوان) ئەمە بێجگە لەو ژمارە زۆر کەمەی کە باوکیان ناردوویانن بۆ لای مەلای گوند بۆ فێر بوونی قورئان خوێندن و کتێبە وردیلەکان، لەوانەش بەختەوەرتر ئەوانە بوون کە هەلیان بۆ بەرپا دەبوو بچن بە فەقێ و شار و گوندەکان بگەڕێن هەتا قۆناغەکانی خوێندنی ئەو سەردەمە ببڕن ئیجازەی مەلایەتی وەربگرن. هەر لەنێو ئەو ژمارە کەمەدا داهێنەری وەکو جزیری و خانی و نالی ... هتد هەڵکەوتن کە بەردەوام بناغەی شیعری کوردییان داناوە. دەستەی ڕووناکبیری کورد لەو سەردەمەدا خۆی لەبەردەم ئەرکێکی گرنگدا بینیوەتەوە، چونکە لە ساڵی ( ١٨٦٤ )دا تەنها یەك قوتابخانەی ڕەسمی لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستاندا نەبووە، کەچی ژمارەی قوتابخانە ڕەسمییەکان لە تەواوی ناوچەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا ١٥هەزار قوتابخانە بووە، دوا ی ئەمەش ئەگەر بڕوانینە بودجەی ساڵانەی فێرکردن لە سەرانسەری ناوچەکانی سلێمانیدا لە ( ١٨٩٠ - ١٨٩١ ) دەبینین زیاد لە ١٥٠ لیرە نەبوو، کە ئەمەش تەنها بەشی مانگانەی مامۆستایانی تەنها بەشی یەك قوتابخانەی بچووکی نەدەکرد، کەچی ناوچەکانی دەرسیم بەجارێ لە خوێندن بێبەش بوون، ناوچەکانی کوردستانی ئێران لەمە خراپتر بوون، ئەوە بوو بەهەوڵی عەبدولرەزاق بەدرخان یەکەمین قوتابخانەی کوردی لە شاری (خۆی) لە ١٩١٣/١١/٤ کرایەوە(٣٤) .

(٣٢) دیدەنییەك لەگەڵ مام بایزی خەڵکی گەرمیان، تەمەنی پتر لە ٩١ساڵ، ٢٠٠٥/٩/١٢ .

(٣٣) هینی هارۆلدهانس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٩ .

(٣٤) د.كمال مظهر احمد، أول مدرسة كردية في ايران، جريدة ((التأخي)) العدد (١٤٩١) ،صفحة الثقافة الكردية (الثانية )، بغداد ٢٠/١١/ ١٩٧٣.

## تەوەری دووەم

## دەربارەی ڕۆڵی دەرەبەگایەتی لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا

لەبەر ئەوەی لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا عەشیرەتگەری کە دەرەبەگی لێبووەتەوە دیاردەیەکی گرنگی ئەو سەردەمە بووە و پێوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەبووە. کارتێکردنیشی گەیشتۆتە شیعر و ئەدەب بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێویستە روونـاکی بخەینە سەر و لە دوو لاوە باسی بکەین ....، یەکەم، لەڕووی پێکهاتنی سیستەمی کۆمەڵایەتی گەلی کوردەوە .. دەبینین خەڵکی کوردستان دابەش بوونە بەسەر کۆمەڵە هۆزێکی دیاریکراودا هەر هۆزێکیش تیرە و لقی بچووکی لێکەوتۆتەوە و، ئەندامەکانی شانازی بە رابردووی هۆزی خۆیانەوە دەکەن، لەو شوێنانەشدا کە دامەزراون ئامادەن بەرگری لە خۆیان بکەن و خاکەکەیان لەهەردەست درێژییەك بپارێزن، سەرۆك هۆز (ئاغا) دەسەڵاتی تەواوی هەیە بەسەر تەواوی رۆڵەکانی هۆزەکەیدا، دەبێ لە خۆشی و ناخۆشیدا بەدەنگیانەوە بێت و گیروگرفتیان چارەسەر بکات [35] .

دووەم؛ ئەم بوارەی سەرەوە واقعییێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەوتۆی هێناوەتە کایەوە کە شوێنەوارەکانیان لە ژیانی خەڵکدا روونن، چونگە بە دروستبوونی ئەم سیستەمە دووچین لە کۆمەڵگای کوردەواریدا دروست بوون: یەکەمیان جووتیار و زەحمەتکێش، دووەمیان ئاغا و دەرەبەگ. دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ لە بارەی پەیوەندی نێوان ئەم دوو چینەوە ئاماژەی کردووە کە ئاغا بەناوی سەرپەرشتی باوکایەتی و بەرژەوەندی هۆزەوە خەڵکی دەچەوساندەوە[36].

(٣٥) دیدەنی مام بایز، سەرچاوەی پێشوو.

(٣٦) د.عبدالرحمن قاسملۆ، کردستان و الاکراد، دراسة سیاسیة و اقتصادیة، المؤسسة اللبنانیة للنشر، الطبعة الأولی، ١٩٧٠ ، ل ١٧٤ .



رۆژهەڵاتناسەکانیش لە گەشتی کوردستاندا سەرنجی خۆیان تۆمارکردووە، مینۆرسکی وای بۆ ساغ بۆتەوە کە هۆزی کورد دووبەشن، بەشی یەکەمیان (جەنگاوەرەکان) کە بریتی بووە لە ئاغا و خاوەن مڵك و دەستەی نزیکیان، بەشی دووەمیش جووتیار و خەڵکی سادە، بەڵام من وای بۆ دەچم کەوا جووتیاری زەحمەتکێش کە ئەرکی کشتوکاڵی لە ئەستۆ گرتووە هەر خۆیشی سووتەمەنی شەڕ بووە.

دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کەوا سەرەرای گشت ناکۆکییە مێژووییەکان بەپێی جێگا دوو مەرجی بناغەیی بۆ دیاریکردنی دۆخی پەیوەندی بەرهەمهێنان بۆ سیستەمی دەرەبەگایەتی گرنگن، یەکەمیان مۆنۆپۆل ( ئیحتیکار )ی چینی دەسەڵات بەدەست بەسەر مولکداریتی زەویدا، دووەم بەکارهێنانی ئەم زەوی و زارە لەڕووی ئابوورییەوە بە شێوەی پارچەی بچووك بچووك واتا بەرپاکردنی ئابوورییەکی سەربەخۆ بۆ جووتیار کە بەندبێ لە سەر مۆڵکی خاوەن مڵك ( ئاغا ) بەرامبەر بە قازانجێکی دیاریکراو[37].

عەرەبی شەمۆ بەو شێوەیە باسی گەلی کورد دەکات کە بەشێکیان گەرۆکن، و بەشەکەیتریان نیمچە گەرۆکن، بەڵام زۆربەری هەرە زۆریان دامەزراون. خەریکی کشتوکاڵن، پیشەی سەرەکییان ئاژەڵدارییە.ل ٥ . هەروەها نوسەر لە (ل ٥٢)دا بۆ دووپاتکردنەوەی رای خۆی پەنجەی بۆ هۆزی (دیخلر)ی کورد راکێشاوە لە چیای ئارارات کە چوار جۆر زەوییان هەیە، بەپێی بەرزی و نزمی شوێنەکانیان دابەشکراون: گوند، زوزان، قری، دۆڵگە.

(٣٧) بڕوانە: پێشەکی کتێبی (حول مسالة الاقطاع بین الکرد) أ - شامیلۆف ( عەرەبی شەمۆ)، کە بەڕێز د.کەمال مەزهەر ئەحمەد لە زمانی رووسییەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە سەری دواوە، کلیە الاداب، جامعە بغداد،١٩٧٧ .

له راستیشدا بەشی هەرە زۆری هۆزەکانی کورد بەپێی گۆڕانی ئاووهەوا لە هاوین و زستاندا کوێستان و گەرمیان دەکەن و لەگەڵ خۆیاندا بنکەی کاتی دادەمەزرێنن پاشان دەگەڕێنەوە شوێنی تایبەتی خۆیان[٣٨].

دەرەبەگ لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا ژیرانە تەقەللای داوە بۆ پتر داسەپاندنی دەسەڵاتی خۆی، بۆیە ویستوویەتی دەسەڵاتی ئایینیش بگرێتە دەست هەتا ئەوەی لە خەڵك وەریدەگرێ بیخاتە قاڵبی ڕەوایەتییەوە، گوایە دین و دونیای لە دەست دایە .

عەرەبی شەمۆ لە کتێبەکەیدا ل ٦٣ بۆ دووپاتکردنەوەی ئەم بۆچوونە ئاماژەی بۆ میری هۆزی میللی- ئیبراهیم پاشا- کردووە کە جۆرەها باجی لە خەڵك وەرگرتووە، لە هەمان کاتیشدا خەڵکی ناچارکردووە زەکاتیشی بدەنێ ، سەرەڕای گوشتێك وەك خێر.

ئەمە بێجگە لە سەلەم و سەلەم کاری کە هێشتا دەغڵ و دانی جووتیار لە سەوز بوون بۆ پارەیەکی کەم دەبوو بەهی ئاغای خوانەترس. لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم ستەمی ئاغا زیادی کرد و ناکۆکی نێوان خاوەن زەوی و جووتیار قووڵ بووەتەوە و لە ئەنجامیشدا جووتیار بۆی ساغ بۆتەوە کە تەنها داگیرکەر دوژمنی نییە بەڵکو ئاغاش[٣٩] .

شایەنی باسە مەینەتی جووتیار بەردەوام بووە، چونکە وەك چۆن سوڵتانی عوسمانی لەبەر سوودی خۆی بایەخی دابوو بە ئاغا و دەرەبەگ کە ئینگلیزیش بەشێکی کوردستانی داگیر کرد بەهەمان شێوە بیری کردەوە و دیسان جووتیار بوو بە قوربانی، لەبەر ئەمە هەر زوو دەزگای موخابەراتی ئینگلیز راپۆرتێکی لە سەر

(٣٨) دیدەنی مام بیز، سەرچاوەی پێشوو.

(٣٩) د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد،بەشی یەکەم، بەغدا ١٩٨٥،ل ٢٠٢.



هۆزەکانی کورد ئامادە کرد و دواییش بوو بە کتێب[٤٠]. بەم شێوەیە زوڵم و زۆری دەرەبەگ بەردەوام بووە.

هەر کاردانەوەی ئەم ڕەفتارانەی ئاغاکانیش بوو کاتێك جووتیارەکانی کوردستان لە میانەی شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی ساڵی (١٩٥٨)ەوە کە کۆتایی هێنا بە حوکمی پاشایی و سیستەمی کۆماری دامەزرا، لە گەلێك شوێنی کوردستاندا چوونە گژ ئاغاکاندا و هەڵوێستی توندیان بەرانبەریان پیشاندا و پەلاماری ماڵ و مڵکیان دان. لە راستیشدا ئەوە دیاردەیەکی دزێو بوو، دەبوو یاسا بکرێت بە مەحەك و تاوانبار و بێتاوان لە هۆڵی دادگادا لەیەك جیابکرێتەوە، نەك سۆز و هەڵچوونی خەڵك کە بووە مایەی هەڵبەستنی بڕێ بەیت و بالۆرەی بێ سەروبن و سووکایەتیکردن بە ئاغا و شێخ و داوای لە سێدارەدانی بەرپرس و وەزیری وەك سەعید قەزاز و هی دی. ڕەنگە ئەوەی مامۆستای شاعیر لەتیف هەڵمەت لە یادداشتەکانیدا ئاماژەی بۆ کردووە روویەکی راستەقینەی ئەو رۆژگارە بێت[٤١] .

هەروەها لە دیوانی شاعیرانیشدا باسی شێخ و ئاغای ئەو سەردەمە بەرچاو دەکەوێت وەك ئەوەی قانع لە بارەی بەچکە شێخەکانەوە وتوویەتی:

کە شێخ وەفاتی فەرموو، گەیشتە جێی نیهانی
شێخ زادە ئەو سەعاتە، ئەبێتە غەوسی ثانی
کەس نایە بۆ حیساب و کیتاب و ئیمتیحانی

(٤٠) ئی. جی. ئار، العشائر الكردية، ١٩١٩، ترجمة د. فؤاد حەمە خورشيد، مطبعة الحوادث، بەغدا، ١٩٧٩.

(٤١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

لەتیف هەڵمەت، یاداشتەکانم، بەشی پێنجەم، گۆڤاری (ڤین)، ژمارە ٤٧، ساڵی پێنجەم کانوونی یەکەم ٢٠٠٦، ل ٥١ .

چەسپاوی دەستی غەیبە، نەجمە و نیشانی شانی[٤٢]

لە راستیشدا وێڕای گشت کار و کردەوەی ئاغا ستەمکارەکان بەڵام لەنێو ئاغای کوردیشدا مرۆڤی دڵسۆز و خێرخواز هەبووە، نموونەی ئەم جۆرە لە گەرمیان و نزیك کەرکوك بەرچاو کەوتووە، خوێندەوارانی خەڵکی گوندی سمایل بەگ کە پاشان ناوەکە گۆڕاوە و کراوە بە (ئەلبوسەباح)[٤٣]، دواتریش لە سەردەمی رژێمی بەعسدا ساڵی ١٩٨٨ راگوێزراوە، بە شانازییەوە ناوی رەفعەت بەگی سمایل بەگی ئاغای ئەم گوندە دێنن کە لە کۆتایی چلەکاندا بەشێکی دیوەخانە گەورەکەی تەرخان کردبوو بۆ ئەوەی خوێندکارانی گوندەکە تیایدا بخوێنن هەتا بینای قوتابخانەکەیان تەواو ببێ، ئەوەشیان دێتەوە یاد کە ئاغا خۆشی دەویستن و شانازی پێوە دەکردن، چونکە کە ریزیان دەبەست، دەوەستا و چاودێری و ئافەرینی دەکردن.

هەروەها لە باسی ئاغای خێرخواز و دیوەخاندا دەبێ ئاماژە بۆ هەوڵەکانی عەبدولڕەزاق بەدرخان بکەین کە لە شاری (خوی) لە ئێران لە دیوەخانەکەیدا هەمیشە باسی خوێندن و زانستی دەکرد، بۆ ئەوەی خەڵك منداڵیان بنێرنە قوتابخانە و هۆگری خوێندن بن............

(٤٢) دیوانی قانع، کۆکردنەوەی برهان قانع، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩، ل ٢٣٦.

(٤٣) دێی (سمایل بەگ – ئەلبوسەباح) سەر بە قەزای خورماتووی پارێزگای کەرکوکە، نزیکەی ٧٠کم لە باشووری رۆژهەڵاتییەوەیە و دەکەوێتە سەر لای چەپی رێگای بەغدا -کەرکوك.



# تەوەری سێیەم
# دەربارەی باری ئابووری و کشتوکاڵ

## باری ئابووری و پیشەسازی:

باری ئابووری لەسەر ئاستی کۆمەڵگا زۆر گرنگە، چونکە گەشەکردنی سەرجەم بوارەکانی دی دەبووژێنێتەوە، هەنگاوەکانی پێشکەوتن بەردەوام دەبێ و ئامانجەکان زوو دێنە دەست.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ساڵانێکی دوور و درێژ بەدەست حوکمی دواکەوتووی عوسمانییەوە دەیانناڵاند، چونکە بە هیچ جۆرێك رێگایان پێنەدەدرا لە خێر و بێری وڵاتە دەوڵەمەندەکەیان بخۆن. چونکە دەسەڵاتی عوسمانی بیری لەوە نەدەکردەوە کەرەستەی خاوی وڵات بەکاربهێنێ و پرۆژەی ئابووری گەورەی تیا بکرێتەوە هەتا خەڵك باشتر بژین تەنانەت کە سامانی نەوتیش دۆزرایەوە خەڵك سوودیان لێنەبینی[٤٤] بەرامبەر بەمە دەوڵەتە گەورەکان کەوتنە پێشبڕکێ بۆ پتر وەرگرتنی ئیمتیازات و زووتر خۆگەیاندن بە ناوچەکە، بەم شێوەیە هیچ سامانێکی سروشتی لە هیچ کارگە و پرۆژەیەکی بەرهەمداریدا سوودی لێنەبینرا و ئەمەش خەڵکەکەی ناچارکرد لە سنووری تەسکی بەرهەمی خۆماڵی خۆیان دەرباز نەبن. رووناکبیرانی کورد هەر زوو خەمی ئەمەیان خواردووە و درکاندوویانە، بۆ وێنە شاعیری نەتەوەخوازی کورد ئەثیری کەرکوکی لە پارچە شیعرێکدا دەڵێت:

گەڕۆکت بۆ نییە کانی خەڵووز، ئاسن لەژێر پێتە
دەستی بۆ تێوە نادەی، رۆڵە ئەم کانە لەبۆ کێتە؟

(٤٤) لە ساڵی (١٩٠٧)دا دەستەیەکی جیۆلۆجی لە کوردستاندا دەستیان کرد بە پشکنین، ئەنجام بۆیان دەرکەوت کە عیراق لەسەر دەریایەکی نەوت وەستاوە ئەوەبوو لە (١٩٢٧/١٠/١٥)دا نەوتی بابا گوڕگوڕ بە بەرهەم هێنرا.

کەلاوە هەڵدڕی دایم بە ئومێدی خەزینە و زێڕ
وڵاتت زێڕە نازانی لەگەڵ خۆڵایە ئاوێتە.[٤٥]

شاعیر دروست بۆی چووە، چونکە چالاکی پیشەسازی کە ئابووری پێشکەوتووی لەسەر بەندە متمانە دەکاتە سەر کەرەستەی خاوی هەمەجۆر چ لەسەر ئاستی کشتوکاڵ بێ یان ئاژەڵداری یان کانزا، کە خاکی کوردستان گەلێك جۆری وەك ئاسن و نەوت و گۆگرد و خەڵووزی بەردین و مس و مەڕمەڕ و...هتد تیایە، بەڵام لەو سەردەمەدا سوودیان لێ نەبینراوە یان بەپێی نەخشەیەکی زانستی بەکارنەهێنراون.

خێزانی کورد زۆر لە کۆنەوە بە جۆرێك خۆی ڕاهێناوە کە بتوانێ پێداویستییەکانی ژیانی خۆی دروستبکات، بۆیە ئەوەی هەیبووە لە جاجم و بەرماڵ و بەڕە و...هتد دەستکردی خۆی بووە. هەندێکی دیکەش پیشەگەر دروستیکردووە وەکو کاری دارتاشی یان ئاسنگەری...هتد. کوردستان لە کۆنەوە تەنها جێگای هۆزی گەڕۆك و جووتیار نەبووە، بەڵکو شاری گەورەشی تیا بووە، پیشەسازی دەستکردی هونەرییان تیا بووە و گەشەی کردووە، لە شارەکانی بەتلیس، هەولێر، سنە... پیشەسازی دەستکردی پێست و کانزا و دارتاشی و ئاسنگەرییان تیا بووە[٤٦].
شایانی باسیشە لە کوردستانی باشووردا درەنگێ دەست کرا بە دروستکردنی کۆمپانیا و کارگەی گەورە، لە ساڵی ١٩٥٤ دەستیان کرد بە دروستکردنی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار، لە ساڵی ١٩٥٦ کارگەی جگەرەی سلێمانی دامەزرا.

وا دیارە لەبەر نەبوونی بەرقەراری ڕامیاری و تەقەللای دڵسۆزانە بۆ سوود بینین لە سامانی وڵات باری پیشەسازی دواکەوتووە و زیانی گەورەی گەیاندووەتە باری ئابووری وڵات و کۆمەڵانی خەڵکیش لە خێر و بێرێکی زۆر بێبەش بوونە.

(٤٥) دیوانی ئەسیری، ئامادەکردنی مستەفا عەسکەری، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٧٨، ل ٧٥.
(٤٦) ب. نیکیتین، الاکراد، دار الروائع، بیروت، ١٩٦٧، ص ٤٢ .



## چالاکی کشتوکاڵ:

مەبەست لە چالاکی کشتوکاڵ ئەم سێ بوارەی خوارەوە دەگرێتەوە، دەبێ وەکویەك بایەخیان پێبدرێت هەتا هاوسەنگی کشتوکاڵ دابین بێت.

### ١- چاندن:

ئاووهەوا و سروشتی کوردستان گونجاوە بۆ کشتوکاڵ، بۆیە زۆربەی دانیشتوانی کورد لە لادێکاندا ژیاون و خەریکی پیشەی باوباپیرانیان بوونە، پشتیان بە ئاوی باران بەستووە چونکە لە کوردستاندا خاکێکی زۆر لە ڕێگای بارانەوە ئاو دەخوات، بەڵام کەم و زۆری بارانیش کار دەکاتە سەر پیتی داهات، دوکتۆر شاکر خەسباك ئاماژەی کردووە کەوا لە باکووری وڵات نزیکەی (١٣) ملیۆن دۆنم زەوی لە کۆی ١٥ ملیۆن متمانە دەکاتە سەر ئاوی باران[٤٧] بەمەش کەم بارانی لە ڕادەی بەرهەم کەم دەکاتەوە، چونکە هەندێ ساڵ درەنگ پەڵە دەدات دواییش کەم دەبارێ. دەزگاکانی میری ئەو سەردەمە پرۆژەی ئەوتۆیان نەکردۆتەوە کە ئەم دیاردەیە چارەسەر بکەن، ئەگەریش ئەمە هۆکارێکی سروشتی بێت وا لەو سەردەمەدا دەرەبەگ هۆکاری بەشەری بووە بۆ سنووردانان بۆ ڕادەی بەرهەم، لەبەر ئەوەی جووتیار هەستی نەکردووە بۆچی کار دەکات، بە چاوی خۆی بینیویەتی لە کاتی داهات هەڵگرتندا بەری ڕەنجی ئاغا و خاوەن موڵك دەیخوات. ئەمە بێجگە لەوەی جووتیاری کورد ئامرازی کۆنی بەکارهێناوە وەکو گاسن و داس و جەنجەڕ...هتد، کە ئەمەش پەیوەست بوو بە باری نەزانین و نەخوێندەوارییەوە کە باڵی کێشابوو بەسەر خەڵکەکەدا و چاوی کوێر کردبوون لە ئاست شتی نوێ .

داهاتی کوردستان ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ داهاتی شوێنەکانی دیدا پلەیەکی باش تۆمار دەکات ئیتر لە ڕووی دانەوێڵەوە بێت وەکو گەنم و جۆ و نیسك و نۆکەوە یان تووتن و لۆکە و برنج و کونجی...هتد.

(٤٧) د. شاکر خصباك، العراق الشمالي، جامعة بغداد، ١٩٧٣، ص ٣٢٢.

بەمەش ئەو راستییەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کەوا ئەگەر بایەخ بدرێت بە چاندن و کشتوکاڵی کوردستان خێروبێری بەشی خۆی دەکات و زیادەشی لێ دەنێرێت بۆ دەرەوە، شایانی باسە زۆربەی میوەی جووتیارانی کورد لەبەر نەبوونی ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر نەگەیشتۆتە شار و لە کیس چووە، لە راستیدا خاکی کوردستان بەپیتە بۆ بەرهەمهێنانی جۆرە کەرەستەیەکی خاوی گرنگ وەکو چەوەندەر کە بۆ دروستکردنی شەکر بەکاردێت(٤٨) ئەمەش پێداویستییەکی هەرە گرنگە.

### ٢- باخ و دارستان:

ئەم لایەنەش بەشێکی گرنگی سامانی سروشتی پێکدەهێنێ. دوکتۆر شاکر خەسباك دەڵێت: لە ناوچەی کوردستانی باشووردا هێڵێکی کەوانەیی نادیار لە زاخۆ و دهۆك و ئاکرێ و هەولێر و کۆیە و کفری دەست پێدەکات و لە هۆرێن و شێخاندا تەواو دەبێ، بە درێژایی ئەم هێڵە دارستان دروستبووە کە دەکەوێتە سەر سنووری عێراق و تورکیا و ئێران(٤٩).
دارستان سامانێکی گرنگی وڵاتە، چونکە سەرچاوەی هەردوو جۆرەکەی خەڵووزە، بێجگە لەوەی لە گەلێ جۆری پیشەسازیدا بەکاردێت، دارستان ماوەیەکی زۆر بایەخی پێنەدراوە، بەڵام لەپاش دەرچوونی یاسای تایبەت لە ساڵی ١٩٥٥دا بووە جێی بایەخ.

### ٣- ئاژەڵداری:

سروشتی کوردستان وای رەخساندووە ئاژەڵداری تیادا ئاسایی بێ، چونکە بەردەوام لەوەڕی تیایە و خەڵکیش بە کارێکی ئاسانی دەزانن، بەڵام ئەو بوارە پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەدیوە، نە لە بواری چاککردنی نەسل و نە لە رووی بەیتەرییەوە یان کردنەوەی پرۆژەیەکی گەورەوە بۆ سوود بینین لە بەرهەمی ئاژەڵداری وەك شیر و گۆشت و رۆن و خوری...هتد .

---

(٤٨) د. شاكر خصباك، العراق الشمالي، جامعة بغداد،١٩٧٣ ، ص ٣٢٢.

(٤٩) هەمان سەرچاوە ، ص ٣٩٢.

# بەشی سێیەم

# راپەڕین و بزووتنەوە سیاسییەکانی کوردستان

# تەوەری یەکەم
# دەربارەی بزووتنەوەکانی نەتەوەی کورد

که باس دێته سەر هەستی نەتەوایەتی و بزاوی کوردی له سەدەی نۆزدەدا دەبێ ئاماژە بۆ ناوی میر بەدرخان پاشا بکەین (میری بۆتان) که بەرەبەرە دەسەڵاتی له ناوچەکەدا زیادی کرد و پتر ناوبانگی دەرکرد و نزیکەی ١٢ ساڵ وتاری به ناوەوە خوێنرایەوە[٥٠]. له ساڵی (١٨٤٣)دا میر بەدرخان دەستیکرد بە تەقەللادان بۆ رزگارکردنی وڵاتەکەی له دەسەڵاتی عوسمانی، بۆیە بەپێی تێگەیشتنی نوێ دەبێ بە یەکەم راپەڕینی نیشتمانی ناو ببرێت، بەدرخان پاشا یەکسانی تەواوی لەنێوان کوردە موسڵمانەکان و برا مەسیحی و ئەرمەنییەکاندا دابینکردبوو، دادوەری بەرپا بووبوو، بەڵام له ساڵی ١٨٢٩دا بەریتانیا کەوتە پلان دانان دژی ئەم دەسەڵاتە، بۆیە نۆکەرێکی خۆی بە ناوی (ترانت)ەوە ناردە کوردستان لە هەکاری لەنێو نەستورییەکاندا له گوندی (تخومە) قەڵایەکی سەربازی بۆ دروستکرد و ئەویش دەستیکرد بە چاندنی تۆی دابڕان و ناحەزی و ئاژاوەنانەوە لەنێو کورد و برا مەسیحییەکاندا، ئەنجام مارشەمعون هەڵخەڵەتا و رووبەڕووبوونەوەی خوێناوی لەنێوان ئاسورییەکان و هەندێ هۆزی لایەنگری بەدرخان روویدا بەدرخانیش ناچار خۆی تێگلاند، باڵوێزی بەریتانیا رێگای بۆ بەرپابوو گوشار بخاتە سەر دەروازەی باڵا بۆ ئەوەی سوپایەکی گەورە بەکاربێنێ و کۆتایی بەو شۆڕشه بێنێ، له -١٥ی شەعبانی ١٢٦٣ی کۆچی — (١٨٤٧ز) بەدرخان پاشا دوورخرایەوە و هەر لەو کاتەوە بەریتانیا ئاڵای دژایەتی کردنی کوردی هەڵگرت[٥١].

(٥٠) مالميسانژ، بدرخانيو جزيرة بۆتان و محاضر اجتماعات الجمعية العائلية البدرخانية، ترجمة: شكور مصطفى ١٩٩٨، ص ٣٨.

(٥١) جلال طالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، دار الطليعة للطباعة والنشر، الطبعة الثانية (مزيدة ومنقحة)، بيروت، ١٩٧١، ص ٨٦.



ساڵی ١٨٨١ له شەمزینان بە سەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بزووتنەوەی کورد سەری هەڵدا، پێش ئەمەش شێخ له تەمووزی ١٨٨٠دا له گوندی (نەهری) کۆنگرەی هۆزە کوردەکانی بەست و بڕیاردرا (کۆمەڵەی هۆزەکانی کورد) دامەزرێت، بەر لەم کارەش پێوەندی کردبوو لەگەڵ وڵاتانی بیانیدا، روسیای لە بارەی کورد ئاگادار کردبووەوە، هەروەها بەهۆی نامەیەکەوە بۆ (کلایتۆن)، جێگری کۆنسوڵی ئینگلیز له پاش قەڵا داوای کردبوو یارمەتی کورد بدرێ بۆ ئەوەی کاروباری له دەستی خۆیدا بێ و له ستەمی ئەو دوو حکوومەتە رزگاری ببێ[٥٢]. ئەمە بێجگە لەوەی کە پێوەندی دۆستایەتی لەگەڵ ئەرمەن و ئاسوری و مەسیحییەکاندا بەستبوو. له سەرەتادا هەندێ سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام له دواییدا کەوتە بەر فشاری هاوپەیمانی عوسمانی و ئێرانی لەلایەکەوە و له لایەکیتریشەوە بەریتانیا و رووسیا کە دژی ئەو شۆڕشە بوون، ئەنجام شێخ عوبەیدوڵڵا هەڵخەڵەتا و چوو بۆ ئەستەمبۆڵ بۆ وتووێژکردن لەگەڵ میریی عوسمانیدا که ئەمەش داوێك بوو بۆ بەندکردنی له جیاتی گفتوگۆ، شۆڕشیش نەیتوانی بەردەوام بێ، چونکە لەڕووی سەرکردایەتی و پێکهاتنیەوە له سەر هێزی جەماوەر دانەمەزرابوو سیمای عەشایەری باڵی کێشابوو بەسەریا، بەمەش ئەو تەقەللایە بۆ رزگارکردنی میللەت بوو بە قوربانی هێزە ناخێرخوازەکان.

له ساڵی (١٩١٣)دا شێخ مەحموود پێوەندی لەگەڵ کوڕەکانی بەدرخان پاشا کرد (کامل بەگ و حسێن بەگ) بۆ دامەزراندی فیدرالی، بەڵام ئەنجامی ئەمە ئەوە بوو کە تورکەکان شێخ مەحموود و شێخ ئەحمەدی برای و شێخ سەعیدی باوکیان لەگەڵ چەند

(٥٢) رۆبەرت ئولسن، راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، کوردستان (١٨٨٠-١٩٢٥) وەرگێڕانی بۆ زمانی فارسی ئیبراهیم یونسی، وەرگێڕانی بۆ کوردی، ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١٧.

لایەنگرێکیاندا دوور بخەنەوە بۆ موسڵ، دواییش کوشتنی شێخ سەعید و شێخ ئەحمەد بە شێوەیەکی دراماتیکی[٥٣].

لە ١٩١٤/٣/٩ راپەڕینی ناوچەی بەدلیس بە سەرکردایەتی مەلا سەلیم دەستیپێکرد، داواکرا تورکە وڵاتفرۆشەکان لە دائیرەکانی ناوچەکە دوور بخرێنەوە، بەندەکانی شەریعەت پێڕەو بکرێت، مافی خەڵك دابین بێت، بە نیاز بوون راپەڕینەکە سەرانسەری بێت، لە رۆژی یەکەمدا ٤ هەزار کەسی تیا بەشدار بوون رۆژی دووەم بوونە ٨ هەزار، ویستیان لەگەڵ ئەرمەن و ئاسووریدا هاوکاری بکەن، بەڵام تورك ئەم خەونەشی زیندەبەچاڵ کرد و بە هێزێکی گەورە راپەڕینەکەی سەرکوت کرد، لە رۆژی ١٩١٤/٤/٧، ١١ پێشەوایان لێ لەسێدارە دران و لاشەکانیان لەسەر جادە بەجێهێلان بۆ ئەوەی چاوی خەڵکی پێبترسێنن، زۆریشیان لێ بەندکردن و هەموو رۆژێ ژمارەیەکیان لێدەکوشتن[٥٤].

لە بەهاریساڵی ١٩١٤دا شێخ عەبدولسەلام لە بادینان یاخیبوونی راگەیاند و داواکاری ئاڕاستەی هەردوو ئەنجوومەنی جێگران و ئەعیان لە ئەستەمبۆڵ کرد بۆ ئەوەی دان بنێن بە زمانی کوردیدا، رێگاوبان چاك بکرێت، خەڵك لە نەزانین رزگار بکرێت، ئەم بزاوە ترسی خستە دڵی میری عوسمانییەوە بەتایبەت مەسەلەی نزیك بوونەوەی کورد و عەرەب کە هەوڵی بۆ دەدرا، بەڵام دیسان بە زەبری هێز لە ١٩١٤/١١/١ کپکرایەوە، ئەنجام پاش ماوەیەك شێخ سەلام و دوو لایەنگری و یەکێك لە سەرۆك هۆزەکانی رێکانی لە هەمان ساڵدا لە بەندینخانەی موسڵ لەسێدارە دران[٥٥].

## شۆڕشەکانی شێخ مەحموود:

(٥٣) رەمزی قەزاز. بزووتنەوەی سیاسی و رۆشنبیری کورد، چاپخانەی (ژین)، سلێمانی، ١٩٧١، ل ٩٣-٩٧.

(٥٤) د. بلەچ شێرکۆ، القضية الكردية، ماضي الكرد وحاضرهم، قاهرة، ١٩٣٠، ص ١١١-١١٢.

(٥٥) صديق الدملوجي، امارة بهدينان ام امارة العمادية مذكراته عندما كان في منطقة بهدينان، ص ٨٥-٨٨.



لە دوای ئەوەی میللەتی کورد هیوابڕاو بوو لە تەقەللا خێرخوازەکانی ئینگلیز بۆ دابینکردنی مافی رەوای، بۆیە هیچی لە بەردەم نەمایەوە لەوە زیاتر خەباتی چەکدارانە دەستپێبکات، ئەمجارە زەمینەی شۆڕش لە کوردستانی باشوور خۆش ببوو، شاری سلێمانی بوو بە نێوەندی ئەو خەباتە، ئەم راستییە لای ئینگلیز روون ببووەوە، بۆیە لە کاتی داگیرکردنی شاری کەرکوکدا (ساڵی ١٩١٨) شێخ مەحموودیان کرد بە حوکمڕانی خاکی کوردستان، بەڵام شێخ کەوتە گومانەوە لە گفت و پەیمانەکانی داگیرکەری نوێ، چونکە رامیاری بەریتانیا بە راستەوخۆ و بەبێ گرێ گفتی سەربەخۆی نەدەدا، ئەم راستییە ئەدمۆندز خۆی لە کتێبەکەیدا ساغی کردۆتەوە[٥٦]، لەبەر ئەمە لە رۆژی ١٩١٩/٥/٢٢ شێخ مەحموود هێرشی کردە سەر دامودەزگاکانی ئینگلیز و خۆی دانا بە حاکمی سەربەخۆ[٥٧].

لە بازیان لە حوزەیرانی ساڵی (١٩١٩)دا شەڕێکی قورس لەنێوان شۆڕشگێڕانی کورد و هێزەکانی ئینگلیز روویدا، شێخ بریندار بوو، لە پاڵ بەردەقارەماندا بەرگرییەکی نەبەردانەی تۆمارکرد  و بە دیل گیرا[٥٨]. رۆژی ١٩١٩/٦/٢٠ جەنەراڵ فرایزەر بە هێزێکی گەورەوە گەیشتە سلێمانی و داگیری کرد.

لە رۆژی ١٩٢١/٣/٩ لە قاهیرە کۆنگرەیەکی سیاسی بەسترا بۆ لێکۆڵینەوەی باری رۆژهەڵاتی نزیك، بڕیاریاندا (فەیسەڵی کوڕی حسێن)ی شەریفی مەککە بکەن بە پاشای عێراق، پێشنیاریان کرد لە ١٩٢١/٨/٢٣ بەرانبەر بە (٨)ی (ذي الحجة ١٣٣٩ك) پاشا حوکم بگرێتە دەست، بەمەش عێراقیاندا بەدەست لایەنگرانی

(٥٦) سی، جی، ئەدمۆندز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣.

(٥٧) رەمزی قەزاز، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨.

(٥٨) دوکتۆر کەمال مەزهەر لە زمانی سەرچاوە ئینگلیزییەکانەوە لە کتێبی چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ل ١٥٦، پەراوێزی ژمارە (٦) دەڵێت: ((فەرمانبەری سیاسی گشتی ئەوسای عێراق ئارنۆڵد ولسن لەناوبردنی شێخی  بە پێویست زانی بۆ ئەوەی گوایە — ئاسایش بگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

خۆیانەوە. مامۆستا عەبدولڕەزاق حەسەن دەڵێت، ئەو ڕۆژەیان بۆیە هەڵبژارد چونکە ڕێککەوتی جەژنی غەدیرە، کەوا ئیمامی عەلی (ر) تیایدا خەلافەتی وەرگرت[٥٩].

بارودۆخی ناوچەکە پێویستی بە جووڵانەوەیەکی سیاسی دەکرد بۆیە ئینگلیز و شا فەیسەڵ و شێخ مەحموود گفتوگۆ کەوتە نێوانیانەوە. ئەوان ویستیان لە ڕێگای شێخەوە هەڵچوونی کورد کپبکەنەوە، تورکەکانیان لە ڕەواندز بۆ دەربکا و لە مەسەلەی ولایەتی (موسڵ)دا کەڵکی لێ ببینن. ئەوە بوو پاش سێ ساڵ لەگەڵ (نۆئیل)دا گەڕایەوە سلێمانی، خەڵکی کوردستان پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لێکرد، لە هەموو شارەکانەوە چوونە بەرەو پیرییەوە[٦٠].

شێخ مەحموود لە ڕۆژی ١٩٢٢/٩/١٤ دەستەی حوکمڕانی دامەزراند[٦١]، بەڵام مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەڵێت: ((دوای ئەوەی چاویان لێ پۆشی و عینوانی حوکمداری پێیدرا بە مانگێك لە تشرینی دووەمی ١٩٢٢دا ئەم عینوانەشی گۆڕی و ناوی خۆی نا (مەلیکی کوردستان) ))[٦٢]. دیاربوو شێخ لەوە ترسا ناوچەکە بدرێتەوە دەوڵەتی عوسمانی بۆیە خۆی لە تورك نزیك کردەوە، ئامۆژگارییەکانی (نۆئیل)ی بە گوێ نەکرد، ئەوە بوو لە دوای دووجار ئاگادارکردنەوە بۆ چۆڵکردنی شار لە بەرەبەیانی ١٩٢٣/٣/٤ شاریان بۆردومان کرد، ئەو کاتە شێخ لە ئەشکەوتەکانی جاسەنە و، پەڕەوازەی گوندەکان بوو.

---

(٥٩) عبدالرزاق الحسن، تاريخ العراق السياسي الحديث، الجزء الاول، الطبعة الثانية المنقحه، مطبعة العرفان، صيدا – لبنان، ١٩٧٥، ص ١٩٢.

(٦٠) ڕەفیق حیلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠-٣٥.

(٦١) ڕەمزی قەزاز، سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

(٦٢) ڕەفیق حیلمی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.



شێخ مەحموود لە ڕۆژی ١٩٢٣/٦/١١ بە لەشکرەوە هێرشی هێنایەوە سەر شاری سلێمانی و ئینگلیزی دەرکرد. بەڵام لەپاش هەندێ مانۆڕی سیاسی لەلایەن ئینگلیز و میرییەوە[٦٣]، هەردوولا ئێوارەی ١٩٢٤/٧/١٩ شاریان داگیرکردەوە.

شۆڕشی کورد لەنێوان دوو دوژمنی کۆن و نوێدا (تورك و ئینگلیز) لە نێوان گفتی ئەم دوو دوژمنەدا جارێکی دی دووچاری نوشوستی بووەوە، چونکە بێجگە لە گفتی ئینگلیز ئۆزدەمیر بە ناوی مستەفا کەمالەوە پەیمانی دابوو کە لە کوردستانی عیراقدا دەسەڵاتێك سازبکەن بۆ شێخ مەحموود وەکو ئەوەی لە (مصر)دا بۆ (محمد علی) گەورەیان کردبوو[٦٤].

شێخ مەحموود لەڕووی بڕیارەوە لەنێوان دوو بۆچوونی دژی یەکتردا لەنێو لایەنگرانی خۆیدا نەیتوانی بە بڕیارێکی حەکیمانە کارێکی سیاسی ئەوتۆ ئەنجامبدات کە بەرژەوەندی میللەت بخاتە پێش هەموو شتێك[٦٥]. هەرچەندە دوژمنانی کورد ئامادە نەبوون مافی ڕەوای دەستەبەر بکەن چونکە بەرژەوەندی دەوڵەتە گەورەکان ئەو بارەی ڕەخساند، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە گلەیی میللەت نەکەوێتە سەر ڕۆڵەکانی، بەتایبەتی ئەفسەرە کوردەکان کە لە سوپای عوسمانیدا گەیشتبوونە پلەی بەرز، دەبوو هەر کە هەستیان کرد تورکەکان تورکچێتی دەکەن ئەمانیش دەماری میللی بیانگرێت، خۆ هیچیان لە مستەفا کەمال و ئەنوەر پاشا کەمتر نەبوون، بەڵام

---

(٦٣) دیاربوو ئینگلیزەکان دەگەڕان بە دوای یەکێکدا کە لە جیاتی شێخ مەحموود گفتوگۆی لەگەڵ بکەن، ئەدمۆندز لە کتێبەکەیدا، کورد، تورك، عەرەب لە ل ١٤دا هەمان بۆچوون دووپات دەکاتەوە کە لە بابەتەکاندا کەسێکی وایان نەدۆزیوەتەوە جڵەوی سەرکردایەتی بگرێتە ئەستۆ .

(٦٤) ڕەمزی قەزاز، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٥.

(٦٥) پیاوی هەرە نزیکی شێخ (تایەر ئەمین ئەفەندی مەسرەف) کە لایەنگری تورك بوو، و بەرانبەر بەمە مستەفا پاشا یامڵکی کە مستەفا کەمال خوێنی لە کاسە دەکرد .

بەختی تورك یاربووە، بۆیە مستەفا كەمال كە باوكی جوولەكە بووە و دایكی یۆنانی توانیویەتی ئەو پەڕی توركچێتی بكات[٦٦].

## كەمالییەكان و بزووتنەوەی نەتەوەی كورد لە كوردستانی باكوور:

لە دوای رووداوەكانی شەڕی جیهانی یەكەم بزووتنەوەی نەتەوەی كورد لە كوردستانی باكوور بووژایەوە، بەرانبەر بەمەش توركەكان لە پاش ئەوەی كوردستانی باشووریان لەدەستدا كەوتنە خۆیان بۆ لاوانەوەی كورد هەتا لەلای خۆشیان بێبەش نەبن، ئەوە بوو لیژنەیەكیان لە چەند وەزیرێك و هەندێك لە ناودارە بەدرخانییەكان پێكهێنا بۆ لێكۆڵینەوەی باری رامیاری كوردستان، لیژنەكە گەیشتە ئەوەی كە ئەگەر تورك بیەوێ لەگەڵ گەلی كورددا لە یەك وڵاتدا بژین دەبێ ئۆتۆنۆمی بدات بە كورد، بەڵام ئەمەش لە مانۆڕێكی رامیاری زیاتر نەبوو[٦٧].

لە كاتی شۆڕشی كەمالییەكاندا دژی سوڵتان و داگیركەران نزیكبوونەوەیەك لەنێوان رووناكبیرانی كورد و كەمالییەكاندا پەیدا بوو، دەیانویست لەگەڵ كورددا خەباتی هاوبەش بكەن، مستەفا كەمال و هاوڕێكانی لە ساڵی (١٩١٩)دا چەند جارێك چوونە نێو كوردەكان و لە هەمان كاتدا بڵاوكراوەی خۆیان دەنارد بۆ كوردستانی باشوور ئەمەش بووبوو بە مایەی نیگەرانی ئینگلیز، بەتایبەت لە سەرەتادا ژمارەیەك لەو سەرۆكانەی لەگەڵ مستەفا كەمال بوون كورد بوون، بۆ نموونە كۆمیتەی سەرۆكایەتی كۆنگرەی ئەرز رووم (١٩١٩/٧/٢٣) كە لە هەشت كەس پێكهاتبوون سێ كەسیان كورد بوون، لە ئەنجوومەنی شووراش كە لە نیسانی ساڵی

(٦٦) یاداشتەكانی مەیجەر نۆئیل لە كوردستانا، وەرگێڕانی حسین احمد جاف، حسین عثمان نێرگسەجاڕی، بغداد، ١٩٨٤، ل ٢٠٦.

(٦٧) د. بلەچ شێركۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥-٦٧.



١٩٢٠لە ئەنقەرە بەسترا (٧٢) نوێنەری كورد بەشداری كرد، لەم كۆڕەدا ئەوە دووپاتكرایەوە كە مافی دووان تەنها بۆ هەردوو نەتەوەی تورك و كوردە[٦٨].

پڕوپاگەندەی كەمالییەكان زۆری نەخایاند، لە ئابی (١٩٢٣)دا پارتی (میللەت)یان دروستكرد، هەر لەو ساڵەدا ٢٦٥ كەسی ئەندامی ئەو پارتە بۆ ئەندامێتی پەرلەمان هەڵبژێران (لە كۆی ٢٨٦ ئەندامی پەرلەمان) لە تشرینی یەكەمی (١٩٢٣)دا رژێمی كۆماری دامەزرا و خەلیفە لابرا پاش ساڵێك دەستووری نوێ دانرا، ئەوجا بوونە دوژمنی راستەقینەی كورد و خەڵكی چەوساوە، زمانی توركی بوو بە تاكە زمانی رەسمی، دەستكرا بە هەوڵی توانەوەی گەلی كورد، دوكتۆر كەمال مەزهەر ئەحمەد لە زمانی (شاوەیس)ەوە ئاماژەی كردووە كە كەمالییەكان رێگایان نەداوە بە كوردەكان نوێنەری خۆیان بنێرن بۆ كۆنگرەی میللەتان كە لە شاری باكۆ لە ئەیلوولی ساڵی (١٩٢٠)دا بەسترا، بۆ ئەوەی مەسەلەی كورد نەبێتە مەسەلەیەكی نێودەوڵەتی و لەژێر چەپۆكی خۆیاندا بێت، هەر ئەو ساڵە بڕیاری خنكاندنی كامەران بەدرخانیان دەركرد، دەیانویست لە كوردە خۆ بە تورك زانەكان وەفدی كورد پێكبهێنن، لەوەش بێشەرمانەتر ئەوەبوو رێگایاندا بە (زیاگیوك ئالب)ی بە رەگەز كورد بۆ ئەوەی لە رۆژنامەكەیدا كە بە زمانی توركی لە دیاربەكر دەردەچوو ئەوە بڵێت كە خەڵكی دیاربەكر و شارەكانی دی بە رەگەز توركن[٦٩]. بەم شێوەیە دەستیان بە شاڵاوێكی گەورە كرد بۆ تواندنەوەی گەلی كورد، گشت كۆمەڵە و رێكخراو و قوتابخانە و یانە كوردییەكانیان داخست، بڵاوكردنەوەی كتێب و رۆژنامە و گۆڤاریان بە زمانی كوردی قەدەغە كرد هەزاراها كەسیان راگوێزایەوە بۆ رۆژئاوای ئەنادۆڵ،

(٦٨) كەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی كورد، بەشی یەكەم، بەغدا، ١٩٨٥، ل ٧١-٧٣.

(٦٩) د. كەمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤-٧٧.

تەنانەت بەکارهێنانی زمانی کوردیشیان قەدەغە کرد، بۆیە خەڵکیان ناچار کرد دەست بە خەباتی نهێنی بکەن بەمەش ڕێگا خۆش بوو بۆ شۆڕشێکی نوێ[٧٠].

لە شوباتی ساڵی (١٩٢٥)دا نیشتمانپەروەرانی کورد بە سەرۆکایەتی شێخ سەعیدی پیران و دوکتۆر فوئاد شۆڕشیان دەستپێکرد، ڕۆبەرت ئۆڵسن دەڵێت: ((ئەم یاخی بوونە ئەوپەڕی چوار قۆناغی دیاری ناسیۆنالیزمی کورد بوو، هەریەك لەو قۆناغانە خاوەنی تایبەتمەندی خۆی بوو، بەڵام هەندێ شتیشیان هاوبەش بوو، بۆ نموونە هەموو بزووتنەوەکانی پێش بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵلا لە دەستی میر و سەرۆك هۆزەکاندا بوون)) [٧١]. نووسەر قۆناغەکانیش دیاریدەکات: ١- بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵلا هەتا مردنی لە ساڵی ١٨٨٣. ٢- نەخشی سوارەی حەمیدی ١٨٩١-١٩١٨. ٣: ڕووداوەکانی شەڕی جیهانی یەکەم تا پەیمانی سیڤرە (١٩٢٠/٨/١٠). ٤- کاریگەری ڕووداو و دەرئەنجامەکانی شەڕی جیهانی یەکەم لە یاخی بوونی شێخ سەعید دا. ئەم شۆڕشە هەرچەند چوارده شاری گرتەوە، بەڵام کەمالییەکان هەموو توانایەکی خۆیان خستەگەڕ بۆ سەرکوت کردنی. هەر لەو کاتەدا گەمارۆی ئابوورییان سەپاندە سەر ناوچەکەدا بە ئاگر و ئاسن کەوتنە وێزەی خەڵك و دەغڵ و دانیان سووتاند و ماڵ وێرانیان کردن. ئەنجام شێخ سەعید و خالد بەگ و زۆر لە هاوڕێکانیان گیران و دران بە دادگای عورفی ئەو دوو سەرکردەیە لەگەڵ (٤٨) پێشەوای دیدا لە سێدارە دران[٧٢]. تورکەکان هۆی شۆڕشی کوردیان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی گوایە کاردانەوەیەکی ئایینیە دژی عیلمانییەتی کۆماری تورکیا و خواستنی جیابوونەوەی کورد و فیتی میرێکی عوسمانی نیشتەجێی حەلەب و دەسەڵاتی

(٧٠) صلاح سعدالله، المسألة الكردية في تركيا، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٩١، ص ٨.

(٧١) ڕۆبەرت ئۆڵسن، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، وەرگێڕانی ئەبو بەکر خۆشناو، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١٦.

(72)ڕەمزی قەزاز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.



بیانی[٧٣]ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لەنێو مافپەروەرانی جیهاندا دەنگی دایەوە، جەواهیر لال نەهرۆ پێشەوای هیندستان دەنگی ناڕەزایی خەڵکی خێرخوازی بەرزکردەوە کاتێك وتی: ((کەمال پاشا بەبێ بەزەیی زاڵ بوو بەسەر کوردەکاندا و دادگای تایبەتی بۆ دانان، بۆ دادوەری کردنی هەزارەها و لە سێدارەدانی هەردوو پێشەوای کورد شێخ سەعید و دوکتۆر فوئاد و هاوڕێکانیان ئەوانەی کە مردن ئاواتی سەربەخۆییان لێ جیانەبووەوە)) [٧٤].

ئەم کارەساتە لەنێو شاعیرانی کورددا دەنگدانەوەی خۆی هەبوو وەك چۆن لەنێو سەرجەم خەڵکی کوردستاندا تێکەڵی ئەدەبی میللی بوو، بوو بە بەشێك لە بابەتەکانی ستران و باڵۆرەی کوردی، هەردوو شاعیری نەتەوە خوازی کورد پیرەمێردی نەمر و عەبدولخالق ئەثیری کەرکوکی لە ریزی پێشەوەی ئەو شاعیرانە بوون ناڵەیان لێ هەڵسا. لەپارچە شیعرەکەی پیرەمێردا ئەمە هاتووە:

ناوی ئەمانە لازمە بیکەینە بەر هەموو
تەهجیجی حسی میللییە بۆ ئینتیقامی زوو
ئەم خوێنی کوردە، هەروەکو خوێنی سیاوەشە
حەقی ئەسێنرێ هەڵدەقوولێ دائیما گەشە
بۆ ئێمە لازمە هەموو ساڵێك هەتادەژین
ئەم ڕۆژی بیست و چواری ئایارە بکەین بە شین

ئەثیریش لە پارچە شیعرێکی تایبەتدا بە ناونیشانی (ماتەم نامەی ٢٤ی ئەیار) دەڵێت:

دوو وەقعە جەرگی هەموو مۆمنی سووتان

(73) د. فاضل حسين، مشكلة الموصل، دراسة الدبلوماسية العراقية الانكليزية التركية والرأي العام، بغداد، ١٩٥٢، ص ١٣٢-١٣٣.

(74) بروانه: ب. نيكيتين، الاكراد، دار الروائع، بيروت، ١٩٦٧، ص ٢٣٣.

یەك وەقعەی (حسێن) شەهیدە دووەم ئەمە
دوكتۆر فؤاد و خالید و یوسف و ضیا و شەریف
كوژرانیان هیلاكی نەوەی گەورەی ئادەمە
ئەو سەروەرانە كە نووسیم لە كۆمەڵی شوهەدا
كوردستان لە ماتەمیان دووكەڵە و تەمە[٧٥]

لە پاش ئەو ستەمە گەورەیەی دووچاری گەلی كورد بوو لە كوردستانی باكوور، سەرجەم سیاسەتمەدارانی كورد و كۆمەڵە و رێكخراوەكان بڕیاریاندا گفت بكەن بەیەك و هەموو پێكەوە خەباتبكەن بۆ رزگاركردنی وڵات لە دەستی توركە داگیركەرەكان. لە ١٩٢٧/١٠/٥ لە هاوینەهەواری (بحمدون) لە لوبنان كۆنگرەیەكی گەورە بەسترا و گشت لایەنەكان بەشدارییان تیا كرد، ئەنجام پارتی (خۆیبوون) دامەزرا و لە كۆنگرەكەدا پێشەوای ئەرمەنی (ف. پاپازیان) بەشداری كرد[٧٦]. خۆیبوون توانی لە دەرەوە و ناوخۆ لق دامەزرێنێ و سەركردایەتی سەربازی شۆڕش بە سەرۆكایەتی جەنەراڵ ئیحسان نووری پاشا گشت لایەنەكانی رێك خستەوە، ئەوانەی كە گفتیان دابوو هەتا مردن خەباتبكەن، لە چیای ئاگریداغ دا لە ساڵی ١٩٢٧ دەستیان بە شۆڕش كرد و هەتا ساڵی ١٩٣١ بەردەوام بوون، بەڵام پارتی خۆیبوون دیسان وەكو شۆڕشەكانی پێشوو بێ كەموكورتی نەبوو، دەبوو پشت بە جەماوەر ببەستێ و سەركردایەتی قاڵی خەبات هەبوایە، بۆیە هێزەكانی توركیا توانییان زەفەری پێبەرن[٧٧].

(٧٥) دیوانی ئەسیری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.
(٧٦) د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن، ١٩٠٨-١٩٥٨، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٩، ص ٦٧.
(٧٧) جەلال تاڵەبانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣.



ئەمە بێجگە لە هۆكاری دی چونكە میری ئێرانیش رێگای دا بە هێزەكانی توركیا لەسەر خاكەكەیەوە هێرش بەرنە سەر ئاگری داغ، هەروەها پشتگیری (تاشناق)یش كە نەتەوەپەروەرانی ئەرمەنی دەنواند هەر لەبەر ئەوە بوو كە خۆیان نەیاندەتوانی راپەڕین و شۆڕش دەستپێبكەن، پێشەوایانی نانەتەوەیی ئەو سەردەمەی مۆسكۆش هەرگیز بەرگرییان لە مافی كورد نەدەكرد، بەڵكو تەگەرەشیان دەخستە پێش بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی كورد[٧٨].

لە ناوچەی دەرسیم لە ساڵی (١٩٣٧)دا لەبەر ستەمی كەمالییەكان كۆمەڵانی خەڵك یاخی بوون و گیانی مقاوەمەتیان پیشاندا، بەڵام دیسان لە پاش بۆردومان كردنی ئەو ناوچە سەختانە خەڵك زیانی گەورەیان بەركەوت و راپەڕینەكەشیان كپ كرایەوە. بەم شێوەیە دەبینین ئەگەر بەرژەوەندی وڵاتەكانی ناوچەكە و دەوڵەتە زلهێزەكان بەردەوام لە یەكی دابێ وا هەر هەموویان لەوەدا یەكیان گرتۆتەوە كە دژی گەلی كوردبن.

## دەربارەی هەڵوێستی كۆمەڵی گەلان:

كۆمەڵی گەلان لە ساڵی (١٩١٩)دا لە كۆنگرەی ئاشتی پاریسەوە لە دایك بوو، بارەگاكەشی لە جنێڤ دانرا. ئامانجی ئەوەبوو ئاشتی بپارێزێ .

مەسەلەی كورد بوو بە مەسەلەیەكی نێودەوڵەتی، چونكە كێشەی نێوان بەریتانیا و توركیا لەسەر ویلایەتی موسڵ بە هەردوولا چارەسەر نەكرا و لە ئەنجامدا لە بەرنامەی ئەنجومەنی گەلاندا دارێژرا، ئەوە بوو لیژنەیەكی سێ قۆڵی پێكەوەنرا [٧٩]، لیژنەكە پاش مانگێك دەستی بە كاری مەیدانی كرد و زانیارییەكی پوخت و بێ لایەنی لە سەر ناوچەكە كۆكردەوە، بەوردی باسی رووداوەكان دەكات، چۆنێتی

(٧٨) عەبدولرەحمان قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢-٧٣.
(٣٠) ئەندامانی لیژنەكە بریتی بوون لە: ١- دبلۆماسی كارێكی سویدی. ٢- زانایەكی جوگرافی هەنگاری. ٣- ئەفسەرێكی پۆلیسی خانەنشینی بەلجیكی .

بەڕێوەبردنی کاروباری عێراق لە (١٩٢٠-١٩٢٢)ەوە کوشتنی چەند پیاوێکی ئینگلیز، کۆنگرەی قاهیرە ١٩٢١، ڕاپەڕینی هۆزی سورچی دژی ئینگلیزی داگیرکەر، ڕووداوەکانی سلێمانی، بەشداری نەکردنی خەڵکی سلێمانی لە هەڵبژاردنی شا فەیسەڵی یەکەمدا، پێوەندی باشی نێوان کورد و عەرەب و کوردو مەسیحییەکان، ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٣٢ بە بۆنەی وەرگرتنی عیراقەوە لە کۆمەڵەی گەلان و پوختەی ڕاپۆرتی ساڵانی پێشوی تیایە[٨٠].

لەسەر ئاستی چالاکی کورد لەو ڕۆژگارەدا، دەبینین کارێکی دڵخۆشکەر نەبوو، لە کۆنگرەی پاریسدا (١٨ کا٢ ١٩١٩ – ٢١کا٢ ١٩٢٠) کورد وەفدێکی بچووکی هەبوو بە سەرۆکایەتی شەریف پاشا [٨١] کە دوو یادداشتی دەربارەی مافی کورد پێشکەشکرد و لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا دوا، هەروەها لە ڕێگای بەدرەخانییەکانەوە دەنگی کورد گەیشتە کۆمەڵی گەلان ئەگینا نەدەگەیشت چونکە میریی عوسمانی ڕێگای نەدەدا بە وەفدێکی سەربەخۆ بەشداریبکات.

ئەنجام کۆمەڵەی گەلانیش هیچی بۆ کورد نەکرد، ئەمجارە لە پیرۆزترین شوێندا کە ئەویش دەزگای نێودەوڵەتی بوو مافی ڕەوای کورد کرا بە قوربانی بەرژەوەندی وڵاتانی دی، خەڵکی بەشخوراوی کوردستان دەنگی ناڕەزاییان هەڵبڕی، سەلامی شاعیر نموونەی ئەو وڵاتپارێزانە بوو کە ڕووی دەمیان لە کۆمەڵەی گەلان کرد و بە کوتەکی دەستی بەریتانیای لە قەڵەمدا، ئەوەبوو لە گۆڤاری ((هاوار))[٨٢] دا ئەو پارچە شیعرەی بڵاوکردەوە کە دۆست و دوژمنی هەژاند:

(٣١) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١١٤-١١٦.

(٣٢) جەنەراڵ شەریف ناودارێکی کوردی خەڵکی سلێمانی بوو، هاوڕێی سەردەمی منداڵی شێخ مەحموود بوو لای خواجە ئەفەندی پێکەوە خوێندبوویان لە سوپای عوسمانیدا گەیشتە پلەو پایەی بەرز، لە ساڵی ١٨٩٠ کرا بە باڵوێز و ژیانی دبلۆماسی دەستپێکرد .

(33)گۆڤاری ((هاوار)) ساڵی ٢، ژمارە ٢٢، ١٩٣٣/٧/١.



**((عصبة الأمم))** کۆمەڵی گەلان
بەپێچ و پەنا بە فێڵ دەورە
بە خۆش کوڵ بووی بۆ کوردی هەژار
ئەتگوت ئەم قەومە ئەکەم رستگار
ئەگەر ڕاست ئەکەی هەڵی سووڕێنە
بەس بۆ سیاسەت هەڵمان پەڕێنە
تەریق نابیتۆ چیت پێ ئەکەن
کوتەکی دەستی میستەر هەندرسن

دوکتۆر کەمال مەزهەر ئاماژەی کردووە کەوا ئەم پارچە شیعرە کراوەتە فەرەنسی و گەرەبیتی ئەرمەنی وێنەی لێناردەوە بۆ بارەگای کۆمەڵەی گەلان. کە (مینۆرسکی)یش لەساڵی ١٩٣٤ هاتۆتە سلێمانی ئەویش دوو نوسخەی لەگەڵ خۆیدا بردۆتەوە وێنەشی لێ گەیشتۆتە وەزارەتی دەرەوەی ئێران، چونکە هێرشی تیایە بۆ سەر عەجەم، لە دیوانەکەیدا شیعرەکە چاپ نەکراوە.[٨٣]

(34)د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦-١٢٧.

## تەوەری دووەم
## راپەڕینەکان و هەڵوێستی شاعیران

### ڕووداوی ڕۆژی شەشی ئەیلوول:

ڕۆژی شەشی ئەیلوولی ساڵی (١٩٣٠) کە لەنێو گەلی کورددا بە ڕۆژی ڕەش ناسراوە، ڕۆژێکی تایبەتە لە مێژووی خەباتی گەلی کورددا، ئەم ڕووداوە دوو رووی هەیە ڕووی دەرەوەی ئەو ستەم و کوشتن و بڕینەیە کە خەڵکی شاری سلێمانی لەم ڕۆژەدا دووچاری بوون، چونکە بەر دەرکی سەرا بوو بە مەیدانی کوشتار، بەڵام ڕووی ناوەوەی ئەم ڕووداوە گەلێك لە ڕواڵەتی دەرەوەی فراوانترە، چونکە خەڵکی ئەم شارە لەم ڕۆژەدا نەبەردییەکی ئەوتۆیان ئەنجامداوە مەگەر تەنها لە دەستی پاڵەوان و وڵاتپارێزان بێت.

گەلی کورد لەم ڕۆژەدا لاپەڕەیەکیتری خەباتی دەستپێکرد کە ئەویش خەباتی خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین بوو، خەباتی ئاشتیخوازانە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا وەرچەرخانێك بوو لە خەباتی گەلدا، چونکە خەبات گەیشتە ناو شار و گشت چینەکانی بەشدارییان تیاکرد.

دەستەی ڕووناکبیری کورد(٨٤) لەم شارەدا کە وردە وردە لە گەشەکردندا بوو هاتبووە سەر ئەو باوەڕەی کەوا دەتوانێ ڕۆڵێکی باش و گەورەتر لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵکدا ببینێ، هەندێ لە ڕووناکبیرانی کورد لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموددا

---

(٣٥) ئازاد محەممەد عەبدولڕەحمان لە نامەی ماجستێرەکەیدا، راپەڕینی شەشی ئەیلوول و ڕەنگدانەوەی لە شیعری کوردی دا — کە پێشکەشی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدای کردووە لە ساڵی ١٩٨٨دا ئاماژەی بۆ هەندێ ناو کردووە کە لەو سەردەمەدا لە دەستەی ڕووناکبیری شاری سلێمانی بوونە وەکو: فایق بێکەس، ڕەمزی فەتاح، شێخ قادری برای شێخ مەحموود، حەمەی ئەورەحمان ئاغا، توفیق قەزاز، عەزمی بابان ، فوئاد عارف، عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا، مەجید یاوەر .



بەشدارییان کردبوو بۆیە خاوەنی تاقیکردنەوە بوون، هەروەها دەستەی ڕووناکبیری کورد لە ١٩٢٢/٧/٢١ کۆمەڵەی کوردستانیان دامەزراند (٨٥) کە مستەفا پاشای یاملکی سەرۆکی بوو، ڕۆژنامەی ((کوردستان)) یش زمان حاڵی بوو، چالاکییەکانی قوتابخانەی زانستی و قوتابخانەی کەشتی نووحی مامۆستا نەجمەدین مەلا دیسان بەری ڕەنجی دەستەی ڕووناکبیری کورد بوون، هەروەها تەقەللای نیشتمان پەروەرانی کورد لە پەرلەماندا کە ئەوانیش ڕێگایەکی تازەی خەباتیان گرتەبەر چونکە لە ١٩٢٩/٤/٤دا یادداشتێکیان ئاراستەی میری عیراق کرد (نەك نوێنەری باڵای ئینگلیز) بۆ دابینکردنی مافی ڕەوای گەلی کورد ئەوەش ڕووداوێکی گرنگ بوو، دەبوو میریی ئەوکاتە نرخی بزانیبا.(٨٦) ئەم هەنگاوەش لەلایەن ڕووناکبیرانەوە پەسەند کرا و پشتگیرییان لێکرد، شاعیری نەتەوەخوازی کورد ئەسیری کەرکوکی بە پارچە شیعری (سوپاس نامە) دەستخۆشی لێکردن:

شەش مەردی نیشتمان لە شەش گۆشەی وەتەن
هێشك گرن بە گیان و بە دڵ هەوڵ و ڕەنج ئەدەن
بۆ سەرفیرازی و دوارۆژی ڕوونی گەل
کۆشش ئەکەن بە پەلە و نووسین و چون و چەن
ژینی ئەمانە لە خوای گەورە خوازمە
دوور بن لە حیزە فێڵی بەد خواە و باو و بەن
سەر دەستەیە سمایلی سۆران، جەماڵی بابان
نەوزادی ((پشدەر)) ساڵح بەگی جەوانی

---

(٣٦) بانگی کوردستان ١٩٢٢ — ١٩٢٦، کۆکردنەوە لەسەر نووسینی جەمال خەزنەدار، بەغدا، ١٩٧٤.

(٣٧) ڕەنگین، گۆڤار، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژووی دوو پارچە شیعری ونی پیرەمێرد — ژمارە ٩٦، ساڵی ١٩٩٦، ل ٩ .

حازم کەناوی حازمە کردەشی حەزمییە
سەیفی خودایە کەللەی پڕ هۆش و فەن
بێت و کەسێ بڵێ چلۆنە (حەمەد بەگ) دەڵێم
سەرداری خانە نایەوێ گوفتار و ناو ونیشەن
پێشکەش ئەکەم سوپاس گەلی کورد و خۆم
بۆ پێشڕەوانی و بۆ هیوا کە ڕێی ئەبەن (دیوانی ئەسیری، ب ١، ل ٧٤)

گشت ئەم هەوڵ و تەقەلایانە بە مەبەستی پێگەیاندنی لاوانی کورد بوو، بۆ ئامادە کردنیان بۆ سەرکردایەتی کردنی خەباتی گەلەکەیان لە جیاتی شێخ و ئاغا و گواستنەوەی بزاڤی نەتەوایەتی لە نێو شاخەوە بۆ نێو شار و بەشداریکردنی گشت چینەکانی گەل تیایدا، بەتایبەت لە پاش ئەوەی شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩٢٧دا لە ئەنجامی ڕێککەوتنێکدا لەگەڵ میریی عیراقدا بڕیاریدا دەست لە خەبات هەڵگری، ئەوە بوو گەیشتە ئەوەی شێخ نە خۆی و نە کەسە نزیکەکانی بەبێ ڕوخسەت نەیەنە نێو خاکی عێراقەوە، بابا عەلی کوڕیشی لە بەغدا بە ناوی خوێندنەوە وەکو بارمتە دابنێت بەرانبەر بەمەش میریی هەرچی مڵك و دارایی شێخ هەبوو بیگەڕێننەوە و لە ڕێگای وەکیلەوە چاودێری بکرێت، شێخ خۆی لە ١٩٢٧/٧/٤دا بابا عەلی کوڕی هێنابوو بۆ بەغدا و بەجێهێشت [٨٧] پاشان گەڕایەوە بۆ سلێمانی لەوێشەوە چوو بۆ گوندی (پیران) لە کوردستانی ئێران.

لەو سەردەمەدا باسی پەیماننامەیەکی نوێی نێوان عیراق و بەریتانیا لە گۆڕێ بوو، دەبوو بەپێی بەندەکانی سەربەخۆی تەواو بدرێت بە عێراق هەتا ببێ بە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، ڕووناکبیرانی کورد وایان بە ڕاست دەزانی، ئەو ڕێککەوتننامەیە مەسەلەی کورد چارەسەر بکات، چونکە ئینگلیز لە بیستەکاندا لە کاتی کێشەی

(٣٨) عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، الجزءالثالث، الطبعة الثانية المنقحة، مطبعة العرفان، صيدا، لبنان، ١٩٥٧، ل ٤٠.



ولایەتی (موسڵ)دا گفتی ئەوەی دابوو [٨٨]، بەڵام دەرکەوت ئەوەی لەو ڕۆژگارەدا جێ بایەخیان بووە دوور بوو لەوەی گفتیان دابوو بە کورد، ئەوەبوو هەندێك ناوداری کورد بروسکەیان نارد بۆ کۆمەڵەی گەلان و داوایان کرد مافی کورد پشت گوێ نەخرێت.[٨٩]

لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەراندا کە دەبوو مۆرکردنی پەیماننامەی نێوان بەریتانیا پەسەند بکات شا فەیسەڵ و نووری سەعیدی سەرۆك وەزیران و نوێنەری باڵا، چەند جارێك کۆبوونەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ کپکردنەوەی کەف و کوڵی دڵی خەڵك، ئەنجام گەیشتە ئەوەی وەفدێکی باڵا پێکبهێنن بۆ ئەوەی بچێتە کوردستان و خەڵك دڵنیا بکاتەوە، وەفدەکە بریتی بوو لە میجەر یەنگی جێگری نوێنەری باڵا سەرۆکی لیژنەکە بوو، جەعفەر عەسکەری جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری بەرگری ئەندام، جەمال بابانی وەزیری داد ئەندام، لە ڕۆژی ١٩٣٠/٨/٨ لیژنەکە لە کەرکوکەوە دەستی بەکارکرد و ئینجا هەولێر و دوایش سلێمانی لە هەر سێ شارەکەدا سەرەتا جێگری سەرۆك وەزیران دەدوا دوایش جێگری نوێنەری باڵای بەریتانیا هەردوولا ئەوەیان دووپاتکردەوە کەوا هەڵوێستیان نەگۆڕاوە [٩٠]، بەڵام ڕاستیان نەکرد، گفتیان چەواشە بوو، چونکە ڕۆژی ١٩٣٠/٨/١٧ فەرمانی پاشایی لە بەغدا دەرچووبوو بۆ لابردنی تۆفیق وەهبی کە ئەو کاتە (متصرف)ی سلێمانی بوو، و لە ریزی دەستەی ڕووناکبیری کوردیشدا بوو.[٩١]

تەقینەوەی جەماوەر بوو بە شتێکی مسۆگەر، بۆیە لە ڕۆژی ١٩٣٠/٩/٦ لە ناوڕاستی شاری سلێمانیدا لەو ڕۆژەدا کە دەبوو نوێنەرانی شاری سلێمانی بۆ

(٣٩) فاضل حسين، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٣٢ .

(٤٠) حەپسە خانی نەقیب کە بە تەقەللاکانی لە ریزی دەستەی ڕووناکبیری کورد دادەنرا یەکێك بوو لەوانەی بروسکەیان نارد بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان.

(٤١) عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣-٧٤.

(٤٢) ئازاد محەمەد عەبدولڕەحمان، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٣ .

ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵببژێرێن، ئەو ئەنجوومەنە دەبوو دەنگ بدات بۆ پەیماننامەی ساڵی (١٩٣٠)ی نێوان بەریتانیا و میریی، خەڵکی شار رژانە بەر دەرکی سەرا، کەس لە ناو بازاڕدا نەما، ئەم دروشمانە بەرزکرانەوە بژی کورد و کوردستان، مافی کوردمان دەوێ، بڕووخێ پەیماننامەی نێوان میریی و بەریتانیا.

ئازاد محەمەد دەڵێت: ((لە گەرمەی خۆپیشاندانەکەدا ژمارەیەك توندڕەو کەوتنە هات و هاوار دژی عەرەب، بەڵام دەست و برد رادەیان بۆ دانان و دەمکوتیان کردن، فایق بێکەسی شاعیر لە هەموان گەرمتر بەرپەرچی ئەو گێرە شێوێنەرانەی داوەتەوە)) هەروەها ئاماژەی کردووە بۆ ژمارەی خۆپیشاندەرەکان کە چەند هەزارێك دەبوو، پۆلیس دەوروبەری سەرایان گرت، سەرباز و ئەفسەری چەکدار لە سەربانی سەرا سەنگەریان لێدا، خەڵك چاوی نەترسا هەڵمەتیان بردە سەر سەرا، هێزی میریی دەستڕێژی دەستپێکرد، ئەنجام ژمارەیەکی زۆر شەهید بوون، زۆریش بەند کران وەکو فایق بێکەس، شێخ قادر، حەمە ئاغای ئەوڕەحمان ..... هتد.[٩٢]

ڕاپەڕینی شەشی ئەیلوول کارتێکردنێکی گەورەی هەبوو لەسەر شیعری نەتەوایەتی کوردی، بەرگێکی نوێی کرد بە بەردا، تەنانەت لە کونجی بەندیخانەدا فایق بێکەسی شاعیر شیعری (ئەی وەتەن ..)ی دانا کە بەڵگەی بەردەوام بوونە لە خەباتدا و پشت قایم بوون بە توانانی میللەت و جەماوەری خۆراگر، ئەم پارچە شیعرە دووپات کردنەوەیە بۆ دوژمنان کە میللەت بنبڕ نابێت و بەکەس و دوو کەس کۆتایی پێ نایەت، لە هەمان کاتیشدا لێهاتوویی دەستەی رووناکبیری کورد دەسەلمێنێ کە کۆت و زنجیری دوژمن هەڵوێستی پێ ناگۆڕێ.

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیر کەوتەوە
وەختی بەندیی و ئەسارەت پێ بە تەوقو کۆتەوە
من لە زیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم وا تێ نەگەی
حەپس و تێهەڵدان و زیللەت تۆی لە بیر بردۆتەوە

(٤٣) ئازاد محەمەد عەبدولڕەحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤-٢٧ .



.......................................................

بێ قوسوورە، چەند جەسوورە سەد شوکر ئەولادەکەت
وا لە ڕێی تۆدا لە خوێنا سەیری چۆن ئەتلێتەوە [٩٣]

ئەحمەد بەگی ساحبقڕان (حەمدی) لە بابەت ئەم راپەڕینەوە پارچە شێعرێکی نایاب وێنەی ئەو رۆژەی کێشاوە، ئەمە سەردێڕەکەیەتی:

بۆ هەوا ئاڵۆزە بۆچی لێل و سوورە ئاسمان
گێژە لووکەی نەگبەتە یا فیتنەی ئاخر زەمان

ئەخۆلی شاعیر بە رۆژێك دوای ئەو رووداوە، بە لاوانەوەیەکی بێ وێنە ئەم بابەتەی شیعری کوردی بەپارچە شیعرێك دەوڵەمەند کردووە، ئەمە سەردێڕەکەیەتی:

بە جاریێ ماڵی وێرانم سلێمانی خروشاوە
بەسەر هیچ کەس نەیێ خوایە ئەوەی لەم شارە قەوماوە [٩٤]

لە پاش دامرکاندنەوەی راپەڕینەکە، نۆکەرانی بیانی و خۆپەرستان وەفدێك پێکەوە دەنێن بۆ داوای لێبوردن و دووپاتکردنەوە لایەن گرتن و سوپاس دەربڕین بۆ ئەوانەی خوێنی میللەتیان رژان ئەم کارە پیرەمێرد دێنێتە جۆش و ئەوەی لە دڵدایە دەیکاتە شیعر و ئەدەبی میللەتەکەی پایەیەك بەرز دەکاتەوە، پارچە شیعری وەفدی کوردستان مەشخەلێك بوو هەتا ئێستا نەکوژاوەتەوە، شاعیر دەڵێت:

(٤٤) دیوانی فایق بێکەس، رێکخستنی محەمەدی مەلا کریم، چاپی دووەم، ١٩٨٠، ل ٥٥ .

(٤٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. مارف خەزنەدار، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات — شیعری سیاسی کوردی، ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٧١-١٩٧٢، بەغدا، ل٥٥- ٥٧ .

وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان
هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان!!
چەپکێ لە گوڵەکەی، باغەکەی سەرا
کە بە خوێنی لاوان ئاو درا
بیبەنە خزمەت عەرشی عیراقی
بڵێن یار باقی و هەم سوحبەت باقی
پەردە و تاری سوور بەرن بۆ ئەمیر
بێتن پاش کوشتار، هێشتا تۆی دڵگیر
............................................... (٤٦)

دیارە گڕی شەشی ئەیلوول بەئاسانی دانەمرکاوەتەوە بۆیە پاش دوو ساڵ گۆران لەم بۆنەیەدا بەشێوەیەکیتر لە کارەساتەکەی بەر دەرکی سەرا دەدوێ:

هەزار و نۆ سەد و سیی بوو، شەشی ئەیلوول کە رۆژ هەڵهات
غریوی ویستنی هەق کەوتە ناو شاری سلێمانی

د.مارف خەزنەدار دەڵێت: ((گۆران لێرەدا بۆ شەهیدەکان ناگری، بەڵکو دەوری شەهیدەکان و قارەمانێتیان پیشاندەدا و ئەوە دەردەخا کە ئەم راپەڕین و هەڵسانە بۆ سوودی گشتی نەتەوەی کورد بووە ... )) [٤٧]

(٤٧) د. مارف خەزنەدار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧ - ٥٨.



رووداوی شەشی ئەیلوول لەسەر هەردوو ئاستی رامیاری و وێژەیی کارتێکردنی گەورەی هەبوو، خەباتی گواستەوە بۆ ناو شار و جڵەوی کەوتە دەست رووناکبیران، زەمینەشی بەرپاکرد بۆ نزیك بوونەوەی شیعری کوردی لە واقیعی میللەتەوە.

**راپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ و خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەب:**

گەلی کورد لە هەر هەڵوێست و کارێکی مەردانەی عیراقدا لە ریزی پێشەوە بووە بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانی، لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا دەتوانین ئاماژە بۆ گەلێك لاپەڕەی خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەب بکەین دژی بیانییانی داگیرکەر و کۆنەپەرست و نۆکەرانی ناوخۆ.

رووداوەکانی کانوونی دووەم نموونەی رەنگدانەوەی خەباتی هاوبەشە و مایەی شانازییە بۆ سەرجەم گەلی عیراق. ئەم رووداوانە پەیوەست بوون بە ئەنجامەکانی شەڕی جیهانی دووەمەوە کە لەسەر ئاستی وڵاتی ئێمەش وەك وڵاتێکی دەوڵەمەند و ستراتیژی لە ناوچەکەدا رەنگدانەوەی خۆی هەبوو، چونکە مەسەلەکان بە باری ئابووری و رامیارییەوە گرێدرابوون، هەروەها داوای رزگاریخوازانەی گەلەکەمان.

لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵات و لە ئەنجامی خەباتی خەڵکی زەحمەتکێشدا زەمینەیەك خۆش ببوو بۆ دەربڕینی گیانی یاخیبوون و داوای رەوا،چونکە کاتێك تۆفیق سویدی لە ١٩٤٨/٢/٢٣دا یەکەم وەزارەتی دوای شەڕی دامەزراند گەلێك گفتی رامیاری و ئابووری دابوو بە کۆمەڵانی خەڵك لەوانەش لابردنی پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠.

رووداوەکان رۆژ لە دوای رۆژ گەرمتر دەبوون چونکە میریی ئەرشەد عومەری کە لە ١٩٤٦/٥/٣٠دا دوای میریی پێشوو دەسەڵاتی گرتە دەست دوژمنی هێزە دیموکراتییەکان بوو، لە دوای کەمتر لە مانگێك خۆپیشاندانێکی گەورەی جەماوەری لە بەغدا گوللە باران کرد. [٤٨]

(٤٨) د. کمال مظهر احمد، صفحات من تاريخ العراق المعاصر، منشورات مكتبة البدليسي، بغداد، ١٩٨٧، ص ١٣٥-١٣٧.

لەساڵی (١٩٤٧)دا (صالح جبر) کابینەی پێکهێنا، کە دەستی بیانی وای جوڵاند لە ١٩٤٨/١/١٥دا پەیماننامەی (پۆرت سمۆث) مۆر بکات، بۆ ئەوەی جێی پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠ بگرێتەوە، بەمەش ئینگلیز دەستکەوتی زیاتری بەرکەوت، چونکە لە پێشا تەنها مافی ئەوەی بوو لە کاتی شەڕدا هێز بێنێتە نێو خاکی عیراقەوە، کەچی لەم ڕێککەوتنەدا مافی ئەوەی وەرگرت لە هەر کاتێکدا مەترسی شەڕ هەبێ هێز بێنێتە نێو خاکی عیراقەوە، بەپێی بەندی یەکەمی (پۆرت سمۆث) سەرانسەری عیراق کەوتە دەستی ئینگلیز، چونکە کلیلی گشت بوارەکانی رامیاری و ئابووریی سوپای گرتە دەست. [٤٩]

ئەم پەیماننامە شوومە بووە هۆی هەڵچوونی سەرجەم گەلی عێراق، خۆپیشاندان وڵاتی گرتەوە، خەڵکی کوردستان بە رۆڵی جوامێرانەی خۆیان هەڵسان، خەڵکی سلێمانی نامەیەکیان ئاڕاستەی (صالح جبر)ی سەرۆك وەزیران کرد و خوازیاری ئەم خاڵانە بوون:

١- دانی مافی دیموکراتی.
٢- ڕێگادان بە ژیانی پارتایەتی سەربەخۆ.
٣- ڕێگادان بە دامەزراندنی کۆمەڵەی کرێکاران.
٤- ئازاد کردنی گیراوە سیاسییەکان.
٥- لابردنی پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠.

پاشان بۆ هەمان مەبەست چەند وەفدێکی تایبەتی لە شارەکانی کوردستانەوە گەیشتە بەغدا و چوونە سەر گۆڕی شەهیدانی راپەڕین و وتاریان خوێندەوە و پتەوی

(٤٩) بۆ تەواوی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی (پۆرت سمۆث ) بڕوانە:
عبدالرزاق الحسني — تاريخ الوزارات العراقية — الجزء السابع، مطبعة العرفان، صيدا، ١٩٥٥، ل ٢٣٣ -٢٣٤.



برایەتی کورد و عەرەبیان سەلماند[٥٠]، گۆڤاری ((گەلاوێژ)) لە نزیکەوە باسی راپەڕینەکەی دەکرد، بۆیە کاتێك حەمەی ئەحمەد تەها وتارێك دەخوێنێتەوە ئەم رستانەش دەخاتە پاڵ:((ئەی شەهیدانی رێگای ئازادی دیمەنی ئەم کوڕ و کچانە کە لەسەر گۆڕەکانتانا ئەیانبینن پاشەڕۆکی دروێنە کراوەکانی رۆژی شەشی ئەیلوولن کە بۆ ئازادی هاتنە مەیدانەوە، دەستی پیسی بێگانە دەستی درێژی مەردانەی بەستن و لەگەڵ ئێوەدا کردنی بە ناحەز، ئەو ئامانجە کە ئێوە بۆی هاتنە مەیدانەوە و هەر ئەو ئامانجەن کە ئەوان بۆی چوونە زیندانەوە، ئێستا لێك گەیشتین ..))[٥١].

ڕووداوەکان تەنها لە بواری رۆژنامە نووسیدا رەنگیان نەدایەوە، لە شیعری کوردیدا بوو بە بابەتێکی گرنگ چونکە شاعیرە وڵاتپارێزەکانی کورد بەرزترین سروودی کوردییان لەو ساڵەدا داناوە، پیرەمێردی نەمر پارچە شیعری (نەورۆز)ی دانا کە ئێستا بووە بە مارسیلزمی سەر زمانی گەورە و بچووکی کورد.[٥٢]

لە لایەکیتریشەوە شاعیری گەورەی کورد و پاڵەوانی نیشتمانپەروەر فایق بێکەس لەم ساڵەدا (١٩٤٨) سروودی (داری ئازادی) دانا کە هەتا ئێستا بە هەمان رادە وروژان و گەرم و گوڕی بە جەماوەر دەبەخشێ، چونکە ئەوە دووپات دەکاتەوە ئازادی بەبێ قوربانی و گیان فیدایی هەرگیز لە دوژمنان وەرناگیرێنەوە: سروودەکە بەم دێڕە دەست پێدەکات:

داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ
سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەرناگرێ

(٥٠) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٥، ل ٢١٥.
(٥١) گۆڤاری ((گەلاوێژ))، **مارت**، ١٩٤٨، ل ١٤ .
(٥٢) محەمەد رەسول (هاوار) پیرەمێردی نەمر، چاپخانەی (العانی)، بەغدا، ١٩٧٠، ل ١١٧ - ١٢٠.

پیاو ئەبێ بۆ سەندنی حەققی لەمردن سڵ نەکا
هەر (بڕووخێ) بەس نییە تاکو نەسەنرێ، نادرێ

..........................................................

واگلۆڵەی کەوتە لێژی، باوی ئیستیعمار نەما
هیچ کەسێ ئیتر بە زوڕناو تەپڵی ئەو هەڵناپەڕێ
دۆستیی کورد و عەرەب زۆر کۆنە، تەئریخ شاهیدە
ناحەزی رووڕەش لە داخا با یەخەی خۆی دادڕێ.(٥٣)

لە راستیدا وادیارە رووداوەکانی کانوونی دووەمی ساڵی **١٩٤٨** درێژەی ئەو خەباتە بوو کە جەماوەری کورد لە شاری سلێمانیدا لە رۆژی **١٩٣٠/٩/٦** ئەنجامیاندا بەمەش میللەتی کورد لە عیراقدا لە خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەبدا دەستپێشخەر بووە و هەرگیز خەباتی خۆی لەگەڵ خەباتی برای عەرەبدا جیانەکردۆتەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە دەبێ ئەم دوو میللەتە هەمیشە هاوکار بن و خەباتیان دژی دوژمنە راستەقینەکانی عێراق بەردەوام بێ بۆ ئەوەی هەمیشە وەکو برا یەکسان بژین و لە مەترسی بە دوور بن.



# بەشی چوارەم

# باری رووناکبیری و گرووپ و کۆمەڵەکانی کوردستان

## تەوەری یەکەم

## دەربارەی باری رووناکبیری لە کوردستاندا

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا کە هەستی نەتەوایەتی لەنێو گەلانی ژێر دەسەلاتی حوکمی عوسمانیدا سەری هەلدا رووناکبیرانی کوردیش کەوتنە خویانا و گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە دەبێ ئەمانیش وەکو رۆلەی میللەتانی دی بایەخ بە باری رۆشنبیری بدەن، دوایش بیسەلمێنن کە نەتەوەکەیان زیندووە و خاوەنی داب و نەریت و کەلەپووری خۆیەتی، بەم شێوەیە خەباتی رووناکبیری لەنێو کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا بوو بە پێویستییەکی ئەو سەردەمە بەتایبەت هەستی نەتەوەیی کورد لە پاش دامرکاندنەوەی شۆڕشی نیشتمانی کورد لە شەمزینان لە سالی (١٨٨١)دا زەمینەی بۆ کارێکی لەم چەشنە خۆش کردبوو، ئەوەبوو رووناکبیرانی کورد لە رێگای رۆژنامەگەری و کۆمەلە و رێکخراوەوە دەستیان بەو چالاکییە کرد، کە ئەوکاتە رێبازێکی تازەی خەبات بوو.

### رۆژنامە و گۆڤار:

دەستەی رووناکبیری ئەوکاتە کە تازە نەشونمای دەکرد بیری لەوە کردەوە لە ئەستەمبۆل رۆژنامەیەکی کوردی دەربکات، بەلام رێگای پێنەدرا، بۆیە هەندێك لە رووناکبیرانی کورد کەوتنە خەیالی ئەوەوە کە لە دەرەوەی ولاتی خۆیان ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنن، ئەوە بوو (مصر)یان هەلبژارد و یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە ((کوردستان)) لەدایکبوو[٥٣].

---

(٥٣) کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردییە، یەکەمین ژمارەی لە رۆژی ١٨٩٨/٤/٢٢ لە قاهیرە دەرچوو. میقداد مەدحەت بەدرخان و دوای ئەو عەبدولڕەحمان بەدرخان سەرپەشتییان کرد، تا

(( کوردستان)) هەر لە سەرەتای دەرچوونییەوە بایەخی بە زانست و فێربوون دا، لە ژمارە (٢)ەوە دەستی کردووە بە بایەخدان بە لایەنی ئەدەبی و بەیتەکانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی سەرکێشی نیشتمانپەروەری کوردی بەشێکی لاپەڕەکانی داگیرکردووە، هەروەها چەندان بابەتی ئەدەبیتر لە سەر لاپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیە بڵاوکراونەتەوە.

رۆژنامە و گۆڤارەکانیتری دوای (( کوردستان)) دیسان رۆڵی گەورەیان لە بواری رۆشنبیری کوردیدا گێڕاوە، پیرەمێردی نەمر لە رۆژنامەی ((ژین))ی ئەستەمبۆڵدا شیعری نالی بڵاودەکردەوە و دەیکرد بە تورکی.[٥٤] جەمالەدین بابان لە گۆڤاری ((بانگی کورد))دا کە لە بەغدا لە ساڵی ١٩١٤دا دەری دەکرد داوای لە رۆڵەکانی میللەتەکەی دەکرد وەکو میللەتانی دی روو لە زانست بکەن هەتا لە پێشکەوتندا بگەنە ئاستی ئەوان چونکە هیچمان لەوان کەمتر نییە، گۆڤاری ((هاوار)) شیعری نیشتمانپەروەرانی کوردی وەکو (پیرەمێرد، ئەشیری، گۆران، .... هتد)ی بڵاودەکردەوە. کە باسیش دێتە سەر ((تێگەیشتنی راستی)) و دوایش ((پێشکەوتن)) دەبینین ئەم دوو رۆژنامەیە کە ئینگلیز بۆ بەرژەوەندی خۆیان لە بەغدا و سلێمانی دەری دەکردن کۆمەڵێك رۆژنامەنووسی لێهاتوویان پێگەیاند، رووناکبیرانی ئەو سەردەمەی کورد هەروەکو رووناکبیرانی عەرەب ئەوەیان بە باشتر دەزانی کە هاوکاری لەگەڵ ئەم بڵاوکراوانەدا بکەن، شوکری فەزلی [٥٥] لە بەغدا لە

نیسانی ساڵی ١٩٠٢ بەردەوام بوو، بەسەر یەکەوە ٣١ ژمارەی لێ دەرچووە سەرجەم ژمارەکانی لەم شارانە دەرچوون، قاهیرە، جنێڤ، لەندەن، فۆلکستون .

(٥٤) د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی، بەغدا ، ١٩٧٨، ل ١٥٦.

(٥٥) شوکر فەزلی کوڕی مەحموودی خەڵکی گەڕەکی فەزلی شاری بەغدا بووە، بەهۆی خالییەوە نزیکەی (٣٠)ساڵ لە شاری سلێمانی ژیاوە و خوێندنی تیا تەواو کردووە و فێری زمانی کوردی بووە، هەروەها زمانی فارسی و تورکی باش زانیوە، بە هەرسێ زمان شیعری داناوە، لە گەڵ شێخ رەزای تاڵەبانیدا بەردەوام بە کوردی شەڕە شیعریان بووە. بۆ تێکڕایی زیاتر بڕوانە: مستەفا نەریمان، تۆژینەوەیەك لە پێنج بەهرەی نجم الدین مەلا، بغداد، ١٩٧٩، ل ٤٧ .



رۆژنامەی ((تێگەیشتنی راستی))دا داوای یەکێتی کوردی دەکرد دژی عوسمانی داگیرکەر، بابەتی هەمەجۆری ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بڵاودەکردەوە، سەرجەم ژمارەکانی ((تێگەیشتنی راستی)) بێبەش نین لە بابەتی شیعر و ئەدەب، میجەرسۆنی کوردیزانیش کە سەرپەرشتی ئەو دوو بڵاوکراوەیەی دەکرد ژیرانە دەجووڵایەوە لە رۆژنامەی پێشکەوتندا ئەو بابەتانەی لەلا جێی بایەخ بوون کە لە لای خەڵك پەسەند بوون، وەکو ئەدەبیات و بایەخدان بە زمانی کوردی، گۆڤاری ((گەلاوێژ))یش لە ماوەی دە ساڵی تەمەنیدا توانی دەیان رۆژنامەنووس پێبگەیەنێ و ئەوپەڕی خزمەت بە بابەتی کوردۆلۆژی بکات، هەروەها ((ژیان)) و ((ژین)) و ((ژیانەوە)) و ((بانگی کوردستان)) ..... هتد. شێخ نووری و پیرەمێرد و گۆران کە شاعیری بەرز بوون لە هەمان کاتیشدا رۆژنامەنووسیش بوون، هەروەها رەفیق حیلمی و ئیبراهیم ئەحمەد و سەجادی و جەمالەدین بابان و مستەفا پاشای یامڵکی کە هەموویان بێجگە لەوەی لە بواری خۆیاندا داهێنەر بوون رۆژنامە نووسیش بوون.

لەراستیدا لەو سەردەمەی وڵاتی ئێمەدا رەنگە هەتا ئێستاش بەرهەمی ئەدەبی و رۆژنامەنووسی تێکەڵ بوونە، چونکە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چاپدا بەرهەمی ئەدەبی نووسەران و شیعری شاعیران لە میانەی رۆژنامەوە دەگەیشتە خەڵك، لێرەدا هەر ئەوەمان بۆ دەکرێ بۆچوونەکەی دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول بسەلمێنین کە دەڵێت: ((زۆربەی شاعیر و نووسەرەکانمان رۆژنامەنووس بوون، هەموو نووسەرانی گۆڤار و رۆژنامەکان هەر لەوانە بوون)).[٥٦] دەبێ ئاماژەش بکەین بۆ وتارە گەرم و گوڕەکانی مامۆستا مەعرووف چیاوگ کە تیایاندا بەرگری لە خەباتی گەل دەکرد و پشتگیری تەواوی بۆ برایەتی کورد و عەرەب پیشاندەدا و هەڵوێستی دژی تورکە خوێنمژەکان هەبوو.[٥٧]

(٥٦) د. عیزەدین مستەفا رەسوول، ئەدەبیاتی کوردی نوێ، چاپی فێرکردنی باڵا، هەولێر، ١٩٨٩، ل ٨٥.

(٥٧) معروف چیاوك الکردي، القضیة الکردیة، الطبعة الثانیة، مطبعة النجاح، بغداد، ١٩٣٩، ص ٤٦.

## تەوەری دووەم

## گرووپ وکۆمەڵەکانی کوردستانی باکوور[٥٨]

لە سەرەتای سەدەی بیستدا وەکو ئاماژەمان بۆ کرد خەباتی رووناکبیری و رامیاری بوو بە پێویستی بۆ کورد چونکە گەلانی هاودەردی کورد لە عەرەب و ئەرمەن و بولگار کە هەموویان کەوتبوونە بەر ستەم و چەوسانەوەی عوسمانی داگیرکەر روویان لەم چەشنە خەباتە کردبوو، وروژانی هەستی نەتەوایەتیش کە بناغەبوو بۆ هەر رێبازێکی نەتەوایەتی لەنێو کورددا خەریك بوو قاڵبی خۆی دەگرت، شیعرەکانی سوارچاکی گۆڕەپانی نیشتمانپەروەری حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٧) کە دڵ و دەروونی خەڵکیان وشیار دەکردەوە و داوای یەکڕیزیان دەخستەڕوو:

تاڕێك نەکەون قەبیلی ئەکراد
هەروا دەبنە خەرابە ئاباد
ئەنواعی میللەت لە گەورە تا بچووك
خەملێوە مەمالیکی وەکوو بووك
.......................................
هەرکوردن ئەگەرچی باکی مەردن
پامالی زەمانە میسلی گەردن
هەرمانەوە بێ نەواو و مەزلووم
وەك بوومی خەرابە زار مەشئووم (( دیوانی حاجی قادری کۆیی ل))

٥٨) د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٩، ص ١١-٥٢.



زیاتر ئەو زەمینەیەی بە پیت کرد بۆ لەدایکبوونی چەند کۆمەڵە و رێکخراوێکی کوردی کە بوونە هۆی پێوەندی کردن و نامە گۆڕینەوە لەنێوان نیشتمانپەروەرانی کورددا، ئەمانەش گرنگترین ئەو چالاکییانەن لە کوردستانی باکووردا.

### ١- کۆمەڵەی تەعالی کوردستان (کوردستان تعالی جمعیتی):

ئەمە یەکەمین کۆمەڵەی کوردی بوو، لەساڵی (١٩٠٨)دا لە ئەستەمبۆڵ دامەزرا. کۆمەڵەی تەعالی کوردستان کارتێکردنی باشی هەبوو لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا چونکە بەناوبانگترین رووناکبیری ئەو سەردەمەی لەخۆ گرتبوو، ئەمین عالی بەدرخان سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە بوو ئەندامەکانیشی لەو ئاستەدا بوون (شەریف پاشا، عەبدولقادر شەمزینی، نەجمەدین حسێن کەرکوکی (برای عەبدولقادر ئەثیری شاعیر)، مستەفا پاشا سلێمان، محەمەد ئەمین زەکی، عەبدوڵڵا رەمزی خەربووتی، حیکمەت بابان، کامەران بەدرخان، مەمدووح سەلیم، د. شوکری محەمەد حسێن....هتد)، کە خەڵکی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بوون، ئەم کۆمەڵەیە ئامانجی پەرەپێدانی کوردستان بوو لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە لەگەڵ بایەخدان بە پەروەردەی ئیسلامی و هەستی نەتەوەیی و رزگارکردنی وڵات. بەپێی ماددەی (١٩)ی بەرنامەی ناوخۆی ئەم کۆمەڵەیە دەبوو لە هەر ولایەت و قەزا و ناحیەیەکی کوردیدا لق بکاتەوە.

### ٢- کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعارفی کوردی (کورد تەعمیم معاریف جمعیتی):

رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی وێژەیی و پەروەردەی بوو، لە ساڵی (١٩٠٨)دا لە ئەستەمبۆڵ دامەزرا، یەکەمین هەنگاوی کردنەوەی قوتابخانەی کوردی بوو لە (جەمبەرلی طاش) بۆ فێرکردنی منداڵە کوردنشینەکانی شاری ئەستەمبۆڵ[٥٩]. بەڕێز

٥٩) محمد امين زكى، خلاصة تاريخ كرد و كردستان، ترجمة محمد علي عوني، مطبعة السعادة، مصر، ١٩٣٩، ص ٣٤٩.

مامۆستا خەلیل خەیاڵی کە لە ڕووناکبیرە هەرە دڵسۆزەکانی سەردەمی خۆی بوو، بەڕێوەبەری ئەم قوتابخانەیە بوو. لە ماددەی (١)ی بەرنامەی ناوخۆی ئەم کۆمەڵەیەدا ئەمە هاتووە: ئەم کۆمەڵەیە بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر زمان و مێژوو، جوگرافیا و لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری کورد دامەزراوە.

چارەنووسی ئەم دوو کۆمەڵەیە ئەوەبوو ئیتحادییە نزیکبینەکان نەیان هێشت زۆر بەردەوام بن لە پاش ساڵێك بە ڕەسمی ئەم دوو کۆمەڵەیان داخست، بەڵام کۆمەڵەی یەکەم بە نهێنی کارەکانی خۆی بە ئەنجام دەگەیاند.

### ٣- کۆمەڵەی هێڤی کوردی:

بە داخستنی کۆمەڵەی مەعاریف و مانەوەی کۆمەڵەی تەعالی (بە شێوەی نهێنی) لاوانی کورد ویستیان ئەو بۆشاییەی کە بەرپا ببوو پڕ بکەنەوە، ئەوە بوو قوتابیانی کورد لە قوتابخانەی کشتوکاڵی لە ساڵی (١٩١٠)دا کۆمەڵەی (هێڤی)یان دامەزراند، مامۆستا خەلیل خەیاڵی لەسەر دەستەی دامەزرێنەرانی بوو، چالاکییەکانی هێڤی لە سنووریش تێپەڕی لە شارەکانی ئەورووپادا لقی لێدامەزرا. ئەم ڕێکخراوە دیسان ئەندامەکانی خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بوون بەشێکیان ئەندامەکانی کۆمەڵەی تەعالی بوون. گەلێ ناوداری کورد لە ریزی ئەم کۆمەڵەیەدا بوون وەکو: ئەکرەم جەمیل پاشا، مەمدووح سەلیم بەگ، کەمال فەوزی، نەجمەدین کەرکوکی، عەزیز بابان، شەفیق ئۆراسی، تەیب عەلی خەربووتی، عەبدولکەریم سلێمانی، ساڵح دیاربەکری، د. مستەفا شەوقی مهابادی شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەبدولڕەحیم هەکاری. کۆمەڵەی هێڤی لە ساڵی (١٩١٣)دا گۆڤاری ((ڕۆژی کورد))ی بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی دەرکرد[٦٠]. لە سەرەتادا

(٦٠) گۆڤاری ((ڕۆژی کورد)) هەفتانە بوو، تەنها سێ ژمارەی لێدەرچوو، یەکەمیان لە ١٤ی ڕەجەب و دووەمیان لە ١٤ی شەعبان و سێیەمیان لە ١١ی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٣١ی کۆچی، بۆ



عەبدولقادر سلێمانی دەریدەکرد، نووسەرە ناودارەکانی ئەم گۆڤارە ئەمانە بوون: پرۆفیسۆر بابان زادە، عەبدوڵڵا جەودەت بەگ، مەمدووح سەلیم بەگ وانلی، یوسف ضیاء، کەمال فەوزی، بەڵام بەشە کوردییەکەی ئەم نووسەرانە بەڕێوەیان دەبرد: نەجمەددین حسێن کەرکوکی، عەبدولکەریم سلێمانی، حەمزە مەکسی، ئەم گۆڤارە پاشان ناوی گۆڕا بە ((هەتاڤی کورد)) دواتریش بوو بە ((ژین)).

### ٤- کۆمەڵەی کوردستان (کوردستان جمعیتی):

ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی (١٩١٣)دا لە ئەستەمبۆڵ دامەزرا، ئامانجی دابینکردنی مافی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری گەلی کورد بوو، لە ماددەی (٢)ی بەرنامەی ناوخۆیدا ئاماژەکراوە تەقەللا دەدات بۆ دامەزراندنی قوتابخانە و کتێبخانە و چاپخانە، کۆمەڵەی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوی هاوئامانجی گەلانی دیدا هاوکاری دەکرد.

### ٥- کۆمەڵەی سەربەخۆی کورد:

ئەم ڕێکخراوە لەپاش ئاگربەست بە سەرۆکایەتی عەبدولقادر شەمزینی لە ئەستەمبۆڵ دامەزرا، پێشەوا و میرە کوردەکان بەشداری بوون[٦١]. ئەحمەد سورەیا بەدرخان یەکێك بوو لە ئەندامە هەرە چالاکەکانی، بۆیە دەسەڵاتی عوسمانی ڕێگای پێنەدا لەنێو وڵاتدا چالاکی بنوێنێ ئەویش ناچار ڕووی لە دەرەوە کرد. ئەم کۆمەڵەیە لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی چالاکی گەورەی نواند، ئەوەبوو ئەحمەد سورەیا بەدرخان بە ئیمزای خۆی لە قاهیرە یاداشت نامەیەکی لە پاش شەڕی جیهانی یەکەم بەسەر دەزگا دبلۆماسییەکانی وڵاتانی بیانیدا دابەشکرد و ڕووەکانی مەسەلەی کوردی

زانیاری زیاتر بڕوانە: ((ڕۆژی کورد)) ١٩١٣ کۆکردنەوە و پێشەکی و لەسەر نووسینی جەمال خەزنەدار، بەغدا، ١٩٨١.

(٦١) محمد امین زکی، خلاصة تاریخ کرد و کردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٤٩-٣٥١.

روونکردەوە. هەر ئەم کۆمەڵەیە لە ئاداری ساڵی (١٩٢٠)دا یاداشت نامەیەکی دا بە دەوڵەتە هاوپەیمانەکان تیایدا داوای رزگاری کرد لە ستەمی عوسمانی. دەربارەی چالاکییەکانیشی لە کۆنگرەی ئاشتی (پاریس)دا دەبێ ئاماژە بۆ نامەکەی شەریف پاشا بکەین لە ١٩١٩/١٠/٢٢ لەگەڵ دوو نامەی عەبدول قادر ئەفەندی سەرۆکی کۆمەڵەی سەربەخۆی کورد کە ئاڕاستەی ئەنجوومەنی باڵای کۆنگرەی ئاشتی کران بۆ رازی نەبوون بە دابەشکردنی خاکی وڵات و داوای یارمەتی وڵاتانی هاوپەیمانیش بۆ رێگا نەدان بە چەوساندنەوەی گەلی کورد.

شایانی باسە لەو سەردەمەدا (لوید جۆج)ی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا و بەرپرسیارە گەورەکانی تری دەوڵەتە هاوپەیمانەکان دووپاتیان دەکردەوە کەوا بەرگری لە مافی گەلان دەکەن[٦٢]، بۆیە سیاسەتمەدارانی کورد بروسکەیان ئاڕاستەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا کرد بۆ پشتگیری کردن لەم بۆچوونە هەر ئەم رووداوە وای لە تورکیا کرد پێشوازی لە وەفدی کۆمەڵەی سەربەخۆی کورد بکات، بۆ گوێگرتن لە داواکارییەکانیان وەفدەکە بە سەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادر ئەفەندی و ئەندامێتی مەولانا زادە رفعەت بەگی رۆژنامەنووس و ئەمین عالی بەدرخان بوو، بەرپرسیارانی دەروازەی باڵا بۆ وەفدەکەیان سەلماند کەوا ئامادەی وتوێژن و بە نیازن ئۆتۆنۆمی فراوان بدەن بە کورد[٦٣]. بەڵام کورد لە هەردوو لاوە هیچی بۆ نەکرا و گفتەکانیشیان بابردی.

### ٦- کۆمەڵەی تەعالی ژنانی کورد:

ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩١٩ لە ئەستەمبووڵ دامەزرا، ئامانجی ئەوەبوو کە ژیانی ژنانی کورد باش بکات و یارمەتی ژن و منداڵی بێکەس و پەککەوتە بدات ، هەروەها ئەوانەی لە ئەنجامی شەڕ و کوشتاردا پەرەوازە ببوون.

---

(٦٢) د. كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة محمد ملا عبالكريم، بغداد، ١٩٧٧، ص٣١٨.

(٦٣) عبدالستار طاهر شريف، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٦.



### ٧- کۆمەڵەی خۆیبوون:

لە پاش سەرنەگرتنی شۆڕشی ١٩٢٥ وڵات پارێزان کەوتنە سەر ئەو باوەڕە ، کە دەبێ سوود لە هەڵەکانی پێشوو ببینن بۆیە گشت رێکخراوەکانیان هەڵوەشانەوە و لە ساڵی ١٩٢٧دا خۆیبوونیان دروستکرد. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد لە بەڵگەنامەیەکی ئینگلیزیدا ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کەوا خویبوون لە بەغدا و لەنێو کوردی عێراق چالاکی گەرمی هەبووە، لە بەڵگەنامەیەکی رۆژی ١٩٣٠/٢/٢٦ دەقی سوێندی ئەم کۆمەڵەیەی بەرچاو کەوتووە، ... چونکە ئەندامی خۆیبوون دەبوو سوێند بخوات دوو ساڵ دوژمنایەتی کورد نەکات و خوێنی خائینی کوردیشی لەلا حەڵاڵ بێ...[٦٤].

---

(٦٤) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، گۆڤاری ((ڕەنگین))، ژمارە ٨٧، ساڵی ١٩٩٦، ل٦-٧.

## تەوەری سێیەم

## گرووپ وکۆمەڵەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات[٦٥]

کاتێك کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە ساڵانی نێوان (١٩٠٥-١٩١١)دا خەریکی شۆڕشی دەستووری بوون، گەلی کورد شەرەفی بەشداریکردنی تەواوی هەبوو لەو چالاکییانەدا، لە شاری مهاباد لیژنەیەك پێکەوە نرابوو بۆ بەرگری کردن لە دەستوور، گەلی کورد بەرگری لە شاری تەبریز دەکرد کاتێك مۆڵگای شۆڕشگێڕە دەستوورییەکانی لەخۆ گرتبوو، لەپاش دانانی دەستووریش کەش وهەوای رامیاری بەرپابوو بۆ ئەنجامدانی کاری جەماوەری و دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕێکخراوی کوردی کە ئەمانە گرنگترینیانن:

### ١- کۆمەڵەی ڕۆشنبیری خوی:

ئەم ڕێکخراوە عەبدولڕەزاق بەدرخان لە شاری (خوی) لە ساڵی (١٩١٣)دا دایمەزراند، کە بە نیاز بوو چاپخانە و ڕۆژنامەکەش بکاتەوە، بەڵام بەرهەمی هەرە بەبایەخی ئەم کۆمەڵەیە کردنەوەی یەکەم قوتابخانەی کوردی بوو لە ١٩١٣/١١/٤دا لە کوردستانی ئێران کە ئەلف و بێی رووسی تیا بەکاردەهێنرا، خولی یەکەمی بریتی بوو لە ١٩ قوتابی، نەخۆشخانەیەکی بچووکی تیابوو، مامۆستا بەدرخان دەیویست ئەلف و بێی کوردی دانێت و هەردوو شێوەی کرمانجی لەیەکەوە نزیك بکاتەوە داواشی لە قونسولخانەی رووسیا کرد کوردناسی رووسیا (ئۆربیللی) بنێرێ بۆ کوردستان بۆ دانانی ڕێزمانی کوردی[٦٦].

---

(٦٥) د. عبدالستار طاهر شریف، سەرچاوەی پێشوو، ص٢١١-٢٧٦.

(٦٦) د. کمال مظهر احمد، اول مدرسة کردیة في ایران، جریدة (التأخي) صفحة الثقافة الکردیة، ١٩٧٣/١١/٢٠.



### ٢- کۆمەڵەی جیهانزانی[٦٧]

ئەم کۆمەڵەیە کە لە ساڵی (١٩١٢)دا دامەزرا تەقەللای ئەوەی دەدا خەباتی گەلی کورد یەکگرتوو بێت و ڕێگای دروست بگرێتەبەر[٦٨].

### ٣- کۆمەڵەی ئیستیخلاس کوردستان:

ئەم کۆمەڵەیە دروشمی نەتەوایەتی بەرز دەکردەوە. لە کوردستانی ئێراندا هەتا سەرەتای جەنگی جیهانی دووەمیش بزاوی نەتەوایەتی کوردی لاواز بوو لە سنووری ناوچەی موکریان تێنەدەپەڕی، بەڵام دواتر کەوتە بەر کارتێکردنی شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستانی باکوور و دوایش وڵات پارێزانی کوردستانی ئێران لەگەڵ ژمارەیەك ئەفسەری کوردی کوردستانی عێراقدا پەیوەندییان کرد وەکو ئەمین رواندوزی و فایەق کاکەمین، ئەنجام بەهۆی گفتوگۆی هەردوو لاوە لە ساڵانی نێوان (١٩٣٩-١٩٤١)دا ڕێکخراوی چوارەمیان دامەزراند کە لە خوارەوە باسی دەکەین.

### ٤- ڕێکخراوی ئازادیخوازانی کوردستان:

لە ساڵی (١٩٤١)دا بە سەرۆکایەتی د. عەزیز زەندی دامەزرا. لەگەڵ هاتنە ناوەوەی سوپای سوور بۆ باکووری ئێران کەش وهەوایەکی تازە پەیدا بوو[٦٩]، بۆیە داوای بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردیان کرد لە کوردستانی ئێران.

---

(٦٧) مامۆستا دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە (ل١٠١) کتێبی –کردستان في سنوات الحرب العالمیة الاولی– ناوی ئەم کۆمەڵەیەی بە (جیهاندانی) دەبات، لەنێو کەوانیشدا (معرفە العالم)ی بۆ داناوە.

(٦٨) د. عبدالستار طاهر شریف، سەرچاوەی پێشوو، ص٢١٣.

(٦٩) رەزا شای ئێران لە کاتی شەڕی جیهانی دووەمدا هاوپەیمانی ئەڵمانیا بوو، ڕێگای نەدا بە هاوپەیمانەکان بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئێرانەوە یارمەتی یەکێتی سۆڤێت بدەن، کاتێك ئەڵمانییەکان بەشێکی خاکی سۆڤێتیان داگیرکرد، بەریتانیا کە لە ریزی هاوپەیمانەکان بوو لە باشووری ڕۆژئاواوە

## ٥- كۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان:

بارودۆخی تازەی ئەو سەردەمە لە کوردستانی ئێراندا زەمینەی خۆشکرد بۆ لەدایکبوونی کۆمەڵەیەکی جەماوەری، ئەوە بوو لە ١٩٤٢/٩/١٦ لە ئەنجامی کۆبوونەوەیەکدا لەلایەن کۆمەڵێك دڵسۆزی کوردەوە لەوانەی باری ئابوورییان مامناوەندی بوو لە نزیك چەمی سابلاخ لە ژێر سێبەری دارەکانی بێستانی حاجی داود ئەم کۆمەڵەیان دامەزراند، ئەم ناوانە لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە بوون: عەبدولڕەحمان زەبیحی، مەولانا عەبدوڵڵا داودی، عەزیز زەندی، میرحاج ئەحمەد، هەژار، هێمن، قادر برسی...هتد. ئەم کۆمەڵەیە چالاکییەکانی لە موکریان و رۆژئاوای ئازەربایجاندا بەهێزبوو لە بەشەکانی تری کوردستانیشدا لقی کردەوە، لە سلێمانی پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد سەرۆکی لقی (ژ.ك) بوو هەروەها لقیشی لە کوردستانی باکوور کردەوە، ئەم کۆمەڵەیە گۆڤارێکی نهێنی هەبوو بە ناوی (نیشتمان) ئەمەش زیاتر یارمەتیدا بۆ ئەوەی دەنگی بگاتە گشت کونجێکی کوردستان، ئەندامەکانی لە ناخی کۆمەڵی کوردەوارییەوە هەڵقوڵابوون، رەنجبەر و زەحمەتکێش و کاسبکار و رۆشنبیر بوون، کارمەند و بازرگانی نیشتمان پەروەریان تیا بوو. تەنانەت حەسەن زەرکەری سەرۆکی وعەبدولڕەحمان زەبیحی نهێنیاری لە ناخی جەماوەری کوردەوە سەریان هەڵدابوو[٧٠]. ئەوەی دەبوو بە ئەندامی

---

چووە ناو خاکی ئێرانەوە، رەزا شا ناچار کرا دەست لە حوکم هەڵگرێ، لە وڵات دوور خرایەوە، محەمەد رەزای کوڕی جێگای گرت و ناچاریان کرد پەیماننامەی ١٩٤١/٩/٢٩ مۆر بکات، کە بەپێی ئێران چووە ریزی هاوپەیمانانەوە .

(٧٠) زەبیحی هەر لە سەردەمی لاوێتییەوە بەشداری خەباتی گەلەکەی بووە، لە پاش هەرەسی کۆماری مهاباد پەنای بردۆتە بەر عێراق، دواتریش رووی کردە سوریا و بە نهێنی خەریکی خەبات بووە بۆ وشیارکردنەوەی کوردی سوریا و تورکیا، لە پاش شۆڕشی ١٩٥٨ گەڕاوەتەوە عێراق، لە ریزی پارتیدا کاری کردووە لە چوارەمین کۆنگرەدا کراوە بە ئەندامی لیژنەی کۆمیتەیی لە کۆنگرەی پێنج و شەشیشدا بووە بە ئەندامی لیژنەی کۆمیتەیی و نووسینگەی رامیاری، لە پاش رووخانی رژێمی شا لە ساڵی ١٩٧٩دا گەڕاوەتەوە کوردستانی ئێران و لەگەڵ کۆمەڵەی شێخ عیزەدین حوسێنی دا (کۆمەڵە) خەباتی کردووە دژی رژێم .



ئەم کۆمەڵەیە سوێندی دەخوارد خیانەت لە گەلی کورد نەکات و هەتا مردن هەر ئەندامی کۆمەڵە بێت، هەموو کورد بە خوشك و برای خۆی بزانێت، ئامانجیشی ئەوە بوو کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا سەربەخۆیی بدرێتیٚ.

لە ساڵی (١٩٤٤)دا قازی محەمەد چووە ریزی کۆمەڵەی (ژ. ك)ەوە، بەرەبەرە بوو بە دەمڕاستی کۆمەڵە، چونکە خاوەنی کەسێتییەکی کاریگەر بوو، قازی مهاباد بوو خەڵك زۆر رێزیان لێدەنا، ئەم کۆمەڵەیە لە رۆژی ١٩٤٥/٥/٦لەسەر پێشنیازی قازی محەمەد بوو بە پارتی دیموکراتی کوردستان. لە راستیدا گەلی کورد لەو سەردەمەدا هەرچەند پێویستی بە پارتێکی پێشڕەو هەبوو، بەڵام بە زاڵبوونی قازی محەمەد باڵی ئاینی و عەشایەری جارێکی دی باڵی کێشایەوە بەسەر بزاوی کوردیدا و بەرەو دوای بردەوە.

شایانی باسیشە ساڵی ١٩٤١ هاوپەیمانان بە پێویستییان زانی خاکی ئێران داگیربکەن و دواییش دابەشی بکەن، ئەوەبوو هێزەکانی سۆڤییەت بەشی باکووریان داگیرکرد و بەریتانیاش زۆربەی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور. ئەم گۆڕانکارییەش بارودۆخێکی بۆ نەتەوەی کورد بەرپاکرد هەوڵی پێکەوەنانی دامەزراوەیەکی سیاسی بدەن لە باکووری کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سۆڤییەتدا بوو، ئەنجام قازی محەممەد لە گۆڕەپانی چوارچرا لە ١٩٤٦/١/٢٢ کۆماری مهابادی راگەیاند، بەڵام بە هۆی گۆڕانی سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەوە و لەبەر بەرژەوەندی خۆیان رێگایان بۆ هێزەکانی ئێران خۆش کردلە ١٩٤٦/١٢/١٧ مهاباد داگیر بکەنەوە و ئەو کۆمارە ساوایە کۆتایی پێ بێتو لە ١٩٤٧/٣/٣١دا لە گۆڕەپانی چوارچرا قازی محەممەد و هاوڕێکانی لەسێدارە بدرێن.

ئەم کارەساتەش گەورەترین رەنگدانەوەی لەئەدەبی کوردیدا هەبوو، تەنانەت هەتا ئێستاش کارتێکەری لای شاعیرانی کۆن و نوێی بەردەدامە: هەژاری شاعیر دەڵێت:

چوارچرا رەنگە ببیسی دەنگم
وام لەسەر تێزە هەواخوای جەنگم
بەشخورامە رگی دەوێ ئاشیتیخواز

گرێ دار ناشکێ بەبێ بێوروبواز
تۆزێ راوستە ئیترگوێ هەڵخە
راخە کەوڵی عەجەم وخۆی هەڵخە
دەچەقێنینەوە داری تۆڵە
شاخی شاخدار دەپەڕێ بۆکۆڵە (          )

شێرکۆبێکەسی شاعیریش لەپارچە شیعری (لانکە) دا دەڵێت :

کە لاشەی ساردی چوارچرا
وەکو هێشووی سەرمابردوو
لە سێدارە کرانەوە
دار بەجێما
هەژارانی سابلاغ بردیان
زستانیش بوو نەیان سووتان
سەرمایشیان بوو نەیان سووتان
لەودارانە لەو تەختانە
چواربێشکە سووریان دروستکرد
لەو رۆژەوە هەتا ئەمڕۆ
ئەو لانکانە هەر ئەگەڕێن
ئەم ماڵ.... ئەوماڵ
ئەم دەست ..... ئەودەست
وەریان ئەگرن
ئەی نابینی هەزاران قازی محەمەد
لەسەر لوتکە وەستاون و
چـــــــەك هەڵئـــــــــەبڕن . (          )



## تەوەری چوارەم

## گرووپ و کۆمەڵەکانی کوردستانی باشوور

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کوردستانی عێراق بە بارێکی ئەوتۆدا تێپەڕی کە درەنگتر زەمینەی تیا خۆش بێ بۆ لەدایکبوونی خەباتی رووناکبیری بە بەراورد لەگەڵ کوردستانی باکووردا. لە ساڵی (١٩٢٢)دا کوردستانی باشوور لە بارێکی رامیاری ئاڵۆزدا بوو، لەلایەك ئینگلیز دەیویست دەست بگرێ بەسەر سەرجەم ناوچەکەدا، لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتی عوسمانی دەیویست بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکە، جەماوەری خەڵکیش لەم نێوانەدا خەریك مابوون هەندێك هێشتا کەوتبوونە بەر کارتێکردنی هەستی ئایینی و بەلای عوسمانیدا دەیان شکانەوە، هەندێکیش کەوتبوونە داوی بەڵێنەکانی ئینگلیز بۆ دابینکردنی مافی گەلی کورد. لەم بارەیەوە مامۆستا رەفیق حلمی دەڵێت: ((تورك خوازەکان بیری ئەهالیان زەهراوی کردبوو، ولات پەروەرەکانیان لەبەر چاوی گەلیێ کەس خستبوو، سووکیان کردبوون)) [٧١]. لەم کەش و هەوایەدا رووناکبیرانی کورد وایان بە دروست دەزانی لە رێگای کۆمەڵەی تایبەتییەوە هەستی خەڵك کۆنترۆڵ بکەن، ئەوە بوو چەند کۆمەڵەیەکیان دامەزراند ئەمانە گرنگەکانیانن:

### ١- کۆمەڵەی کوردستان:

ئەم کۆمەڵەیە لە رۆژی ١٩٢٢/٧/٢١ دا لە دوای نوێژی نیوەڕۆی هەینی لە سلێمانی لە مزگەوتی (سەید حەسەن) دامەزرا [٧٢]، مستەفا پاشای یاملکی کرا بە سەرۆك و ئەندامەکانیشی بە دەنگدانی نهێنی هەڵبژێردران ئەم ناوانە دەنگی زیادیان

---

(٧١) رەفیق حلمی، یاداشت، بەشی سێهەم، بەغداد، ١٩٩٢، ل١٤ .

(٧٢) ئەکرەمی صالح رەشە، شاری سلێمانی، بەرگی دووەم، بەغدا، ل١٠٢ .

هێنا ڕەفێق حلمی، ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ، ساڵەح قەفتان، سەدیق عەلەکە...هتد، هەر لەو کۆبوونەوە گەورەیەدا کە سەرۆك هۆزەکانی پشدەر و جاف و ناودارانی کورد ئامادەی ببوون بڕیاردرا بە ناوی کۆمەڵەی کوردستانەوە ڕۆژنامەی ((بانگی کوردستان)) بە هەرسێ زمانی کوردی و فارسی و تورکی دەربکەن، یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە کە مستەفا کەمال سەرنووسەری بووە لە ١٩٢٢/٨/٢ دەرچووە[٧٣].

لە چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵەیە ئەوەبوو لە ١٩٢٤/١٠/١ نامەیەکی ئاڕاستەی کۆمەڵی گەلان کرد تیایدا بەرهەڵستی پیشان دا دژی داوای تورك بۆ ولایەتی (موصل) و سەلماندی کەوا کورد و تورك تەنها پێوەندی ئاینی بەیەکەوەیان دەبەستێ و لەبەر ئەوەی تورکیا لەڕێی ئاین لایداوە بۆیە هیچ پێوەندییەك لە نێوانیاندا نەماوە، لە نامەکەدا داوکراوە باری ژیانی خەڵکی ستەمدیدەی کورد چاك بکرێ هەتا ببێ بە مایەی خێر و ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا و بە دڵنیاییی لەگەڵ ئەرمەن و کلدان و نەتەوەکانی تردا بژی[٧٤].

## ٢- کۆمەڵەی زانستی[٧٥]

ئەم کۆمەڵەیە لە نیسانی ساڵی ١٩٢٦ دا لە سلێمانی دامەزراوە، کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی بووە، دەستەی دامەزرێنەری بریتی بوونە لە (ڕەفیق ئەفەندی، فایەق بەگی مارف بەگ، ڕەمزی ئەفەندی فەتاح) لە بینای شارەوانی کۆبوونەوە و دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی زانستییان هەڵبژارد کە ئەمانە بوون: (١) ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ (متصرف)ی سلێمانی سەرۆك. (٢) جەمال بابان حاکمی (منفرد)

[٧٣] بڕوانە :((بانگی کوردستان))، کۆکردنەوە و لەسەر نووسینی جەمال خەزنەدار، بەغداد، ١٩٧٤.

[٧٤] عبدالستار طاهر شریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

[٧٥] ڕۆژنامەی( (ژین))،، ژمارە ١٥٧٩، ١٩٦٠/١٢/٢٦.



جێگری سەرۆك. (٣) پیرەمێرد باوەڕپێکراو و نهێنیار. (٤) فایەق بەگی مارف بەگ (محاسب). (٥) شێخ مستەفا قەرەداغی قازی سلێمانی ئەندام.

ئەم کۆمەڵەیە دەبێتە جێی بایەخی ڕووناکبیرانی شارەکە و ژمارەیەکی زۆریان لە ئامادەبوونی خۆیان دەردەبڕن بۆ وانە وتنەوە لە کۆمەڵەی زانستیدا. بۆ وێنە، بەرپرسانی زانستی وەك سوپاس و پێزانین لە ژمارە (٢٤٤)ی ساڵی (٥)ی ڕۆژنامەی (ژیان-١٩٣٠/٦/١٢)دا ئەم نووسراوە بڵاودەکەنەوە: ((لە کۆمەڵی موحتەرەمی زانستییەوە ئەم کاغەزەمان بۆ هاتووە وا لە ژێرەوە نەشر کرا، زەواتی موحتەرەم و فیداکاری میللەت ئەمانەن: ١- جەنابی صدیق ئەفەندی، ٢- ڕەشید زەکی، ٣- ڕەفیق حلمی، ٤- ڕەشید نەجیب، ٥- ئەحمەد ئەفەندی عزیز ئاغا، ٦ محمد نوری ئەفەندی، ٧- محمد زهنی ئەفەندی، ٨- عبداللە عزیز ئەفەندی، ٩- عبداللە سامی... ئەم زەواتە موحتەرەمانەی لەسەرەوە بەیان کراوە تەعەهودیان فەرمووە کە هەموو شەو مەجانەن لە جەمعییەتی زانستیدا دەرس بڵێنەوە بە قوتابییەکانی زانستی، هەیئەتی کۆمەڵ بەیانی مەمنونیەت و تەمەننای مووەفەقیەتی ئەم چەشنە حەمییەمەندانە ئەکات)). هەروەها شاعیران بە شیعری جوانیش باسیانکردووە بۆ وێنە شێخ نووری (١٨٩٦-١٩٥٨) بە ناوی (ئێمە کە شانەی کوردین) پارچە شیعرێکی داناوە تیایدا دەڵێت:

میللەتی کورد پڕ بە سەما و زەمین
دەم بە گوڵی زەردەخەنە و پێکەنین
قیمەتی ئەم خزمەتە تەقدیر ئەکا
صەفحەی تەئریخ ئەمە تەصویر ئەکا[٧٦]

حەپسە خانی نەقیب توانی لقێك بۆ ئافرەتان بکاتەوە .کۆمەڵەی زانستی لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە هەتا ساڵی ١٩٣٨ کە بە یەکجاری داخرا گەلێك گۆڕان هاتۆتە سەر

[٧٦] دیوانی شێخ نووری، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی ئازاد عبدالواحد، بەرگی یەکەم، ل٣٥.

دەستەی بەڕێوەبردنیدا، ئەم کۆمەڵەیە لە ڕێگای قوتابخانەکەیەوە ببوو بە چرایەکی ڕووناکبیری لە شاری سلێمانیدا، هەموو کەس بۆیان هەبوو رووی تێبکەن، تەنانەت جوولەکەکانیش، قوتابیانی زانستی لە بۆنەی نەورۆزدا دەبوون بە کوورەی هەنگ، ئاهەنگی نەورۆزیان بە سەرپەرشتی مامۆستای خۆشەویستیان پیرەمێرد سازدەکرد بە سروود ئاهەنگیان گەرم دەکرد، شانۆیان پێشکەشدەکرد، کۆڕی شەوانی شەممەش تەرخان بوو بۆ شیعر خوێندنەوە.

### ٣- کۆمەڵەی زەردەشت:

ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٢٨ دا لە ئەنجامی ناکۆکی ڕابەرانی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان لەو ڕۆژگارەدا دەربارەی مەسەلەی ڕێککەوتن لەگەڵ میریی و پەیوەندی لەگەڵ ئاسوورییەکاندا دامەزرا، ئیسماعیل حەقی شاوەیس سەرۆکی کۆمەڵەی زەردەشت بوو لە بەغدا و مستەفا سائیب کە سەرۆکی لقی سلێمانی بوو(٧٧)، لە ڕۆژی ١٩٢٨/٩/١٨ دا نامەیەکی ئاڕاستەی شێخ مەحموود کردووە داوای لێکردووە لەگەڵ میریدا ڕێك نەکەوێت چونکە نیازی باش نییە، لە ڕۆژی ١٩٢٦/٩/٢٦ دا نامەیەکی دی ئاڕاستەی مەحموود خانی کانی سانان کردووە داوای لێکردووە میریی ئێران ناچار بکات و سەرنجی بۆ لای شۆڕشی کورد ڕابکێشێ.

### ٤- کۆمەڵەی لاوان:

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی (١٩٣٠)دا لەلایەن قوتابیانی کورد لە پەیمانگاکانی بەغدا و ژمارەیەك لە ڕووناکبیرانەوە دامەزراوە، ئامانجی خزمەتکردنی باری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کورد بووە، بیروباوەڕی مامۆستا محەمەد ئەمین زەکی بەگی پێڕەو کردووە کە بایەخی تەنها دەدا بە لایەنی زانست و ڕۆشنبیری، دوو نامیلکەی دەرکرد یەکەمیان

(٧٧) بڕوانە د. کەمال مەزهەر، خێروبێری ڕاپۆرت نووسێکی کورد، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژمارە ٩٠، ساڵی ١٩٩٦، ل٦-٧.



یادگاری لاوان ساڵی ١٩٣٣، دووەمیان بە ناوی دیاری لاوان ساڵی ١٩٣٤ کە لێکۆڵینەوە و شیعر و باسی ڕۆشنبیرییان بڵاوکردۆتەوە. دەستەی نووسەرانی بریتی بوونە لە ئیبراهیم ئەحمەد، حامد فەرەج، شاکر فەتاح، فازڵ تاڵەبانی، حاجی قادر، گۆران(٧٨).

### ٥- کۆمەڵەی هیوا:

مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە ساڵی ١٩٣٧ دا لە ئامادەیی کەرکووك ئەم کۆمەڵەیەی دامەزراند(٧٩)، لە ڕاستیشدا سەرەتا ناوی بە (دارکەر) ناسرا کە ئەمەش ناوی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی بوو لە ئیتاڵیا کەوا داوای یەکێتی ئیتاڵیای دەکرد. دوایش گەورە بوو و بوو بە پارتی (هیوا) کە ئەمیش وەکو ناو پەیوەندی هەبوو بە کۆمەڵەی هێڤی کوردستانی تورکیاوە، مەرجی سوێندخواردن دانرابوو بۆ هەر کەسێك بیویستایە ببێ بە ئەندامی. هیوا نەیتوانی لەنێو زەحمەتکێشانی کورددا جێگای خۆی بکاتەوە، زۆربەی ئەندامەکانی ئەفسەر و دەرەبەگ و کارمەند بوون، لە ساڵی ١٩٤٥ دابەش بوو.

### ٦- کۆمەڵەی برایەتی:

کۆمەڵەی برایەتی (١٩٣٧-١٩٤٣) لە سلێمانی دامەزراوە، شێخ لەتیف سەرۆکی بووە، چالاکییەکانی لە سنووری شاری سلێمانی تێنەپەڕیوە، کەچی ئامانجی ئەوە بووە میللەت رزگار بکات، دەوڵەمەندەکانی ئەو سەردەمە لە ریزی ئەندامەکانی بوون وەکو (محەمەد سەدیق شاوەیش، ئیسماعیل حەقی شاوەیس) هەروەها ئەمانەش ئەندامی بوون (مستەفا حەمە بۆر، ئەحمەد شوکری، ماجد مستەفا، محەمەد ئەمین مەنگوری)(٨٠).

(٧٨) غەفور میرزا کەریم، یادگاری لاوان و دیاری لاوان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، چاوگێڕانێك بە باری ڕۆشنبیری کوردستانی عێراقدا لە ساڵەکانی (سی)دا، بەغدا، ١٩٧٨، ل٢٥-٤٠.

(٧٩) د. پاکیزە ڕەفیق حلمی، وتارێك بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا ڕەفیق حلمی، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژمارە ١٢٧، ئاب، ١٩٩٩، ل١١،

(٨٠) عبدالستار طاهر شریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

## ٧- یانەی سەرکەوتن:

ڕۆژی هەینی ١٩٣٠/٥/٣٠ کۆمەڵێك ڕۆشنبیری کورد لە شاری بەغدا ئەم ڕێکخراوەیان دامەزراند، سەرەتا مەعرووف چیاوك وتارێکی خوێندەوە تیایدا وتی مەبەستی دانانی ئەم کۆمەڵەیە خزمەتکردنی زمانی کوردی و بڵاوکردنەوەی عیلم و زانستییە لە کوردستاندا، دەستەی بەڕێوەبەر بریتی بوون لە نۆ کەس، مامۆستا ئەمین زەکی بەگ، ئەحمەد ئاغای کەرکووکی، مەحموود جەودەت...هتد[٨١].

لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ هەندێ لای تریش بکەین کە لەو سەردەمەدا خزمەتی ڕەوتی ڕووناکبیری کوریان کردووە، قوتابخانەی کەشتی نووحی مامۆستا نەجمەدین مەلا چاپخانەکەی مامۆستا حسێن حوزنی موکریانی و دەرکردنی گۆڤاری (زاری کرمانجی) ١٩٢٦-١٩٣٢ هەروەها چالاکییەکانی دەستەی کوردی و مەریوانی لە ساڵەکانی سیدا کە لە نێوان ١٩٣١-١٩٣٩ توانییان دوازدە نامیلکە لە چاپ بدەن، ئەمە بێجگە لە ڕەنجی پیرۆزی مامۆستا محەمەد ئەمین زەکی کە مێژووی کورد و کوردستانی بە دوو بەرگ لە ساڵی ١٩٣١ بە کوردی چاپ کرد ، هەروەها ڕۆڵی ڕادیۆی کوردی بەغداش کە لە ساڵی ١٩٣٩ دا دامەزرا کەم نەبوو لە خزمەتکردنی باری ڕووناکبیری کوردیدا بەتایبەت لەو سەردەمەدا مامۆستا کامیل کاکەمین بەڕێوەبەری بوو توانی خزمەتی ئەدەب و هونەر و کەلەپوری کوردی بکات.هەروە ها گۆڤاری ((گەلاوێژ)) ١٩٣٩-١٩٤٩- کە ڕۆڵێکی گەورەی لە پێشکەوتنی ئەدەبیاتی کوردا گشت ئەم لایەنانەی ئاماژەمان بۆ کردن ڕۆڵیان هەبوو لە گەشەکردنی باری ڕووناکبیری کوردیدا. بارودۆخی سەختی کوردستان کارتێکەری گەورەی هەبوو لەسەر باری دەروونی گشت کۆمەڵانی خەڵك، بە تایبەت ئەدیبان، چونکە ئەدەب دەربڕینێکی دەروونییە بۆ پێداویستییەکانی تاك و کۆمەڵ، بۆیە کۆمەڵێك بەرهەمی ئەدەبی، کۆمەڵێك دەربڕینی دەروونی و کێشەی کۆمەڵایەتی و نەریتی باو دەنوێنێ کە ئەمانەش هەموویان سیمایەکی ژیاری و دیاریکراو لە کۆمەڵ بەرجەستە دەکەن[٨٢].

---

[٨١] غەفوور میرزا کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٠١٩.

(٨٢) بدرخان السندی، طبیعة المجتمع الكردي في ادبه، الجزء الاول، مطبعة بلدية كركوك، ١٩٦٧، ص١٠.



شاعیرانی کورد تا ڕادەیەك توانییان باری میللەت و ئامانجەکانی لە شیعردا دەربڕن، بەمەش کارێکی گەورەیان کرد بۆ مشت و ماڵ کردنی بیروباوەڕی کوردایەتی و ڕێگای ئازادی و سەربەستی و ژینی بەختیارییان بە گەل پیشاندا[٨٣].

لە ڕاستیدا شیعری کوردی لە خواستی خەڵکەوە نزیکتر بووە، تەنانەت شیعری کلاسیکی کوردی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە گۆڕانی گەورەی بەسەردا هات، چونکە زۆربەی شیعری شاعیرانی سەردەمی گواستنەوە بە ڕواڵەت کلاسیکی بوون، بەڵام بە ناوەڕۆك ڕامیاری و کۆمەڵایەتی، ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە شیعری کوردی لەگەڵ پێویستییەکانی ژیاندا ڕۆیشتووە، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

ئەحمەد موختار (١٨٩٦-١٩٣٥):
ئەو قەراری عوسبەیە وا خەلق ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ
هەر قسەی رووتە و قسەش ناچێتە گیرفانەوە
ئەمرۆ باوابێ، بەڵام ڕۆژی ئەبێ ئەولادی کورد
دێنەوە مەیدان بە عیلم و سەنعەت و عیرفانەوە[٨٤]

سەلام (١٨٩٢-١٩٥٩):
خەریتەی هەموو خاکی کوردستان
دایك بە دەرزی و دەزو دروومان
بنوسێ لەسەر، سەربێشەی مناڵ
هەر بە کوردستان بێتە گڕوگاڵ
لە بێشکەی وادا چاو هەڵ نەهێنێ
درۆیە هەڵسێ تۆڵە بسێنێ[٨٥]

---

(٨٣) د. مارف خەزنەدار، شیعری سیاسی کوردی، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا، ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٧١-١٩٧٢، ص٤٦ .

(٨٤) دیوانی ئەحەد موختار جاف، چاپی دووەم، چاپخانەی هولێر، ١٩٦٩، ل١٠ .

## ئەنجامی توێژینەوەکە

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا (ڕووداوەکانی کوردستان لە ئاوێنەی ئەدەبدا) ئەم خاڵانەم بۆ ساغ بوونەتەوە:

• نەتەوەی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە کەوتۆتەبەر شاڵاوی دوژمنان، تەنانەت میرنشینەکانیشی نەمان، بەرامبەر ئەمەش دەستی لە خەبات هەڵنەگرت و بە گشت شێوەیەکی رەوا داوای مافی خۆی کردووە و لەگەڵ نەتەوەکانی دەورووپشتیشدا لە خەباتی دەستووریدا هاوبەش بوو، بەڵام گشت نیاز پاکییەکانی لەلایەن ئەوانەوە بە پێچەوانە وەڵام دراوەتەوە و لە ئەنجامیشدا دووچاری ستەمێك بووە رەنگە لە مێژوودا وێنەی زۆر کەم بێت.

• خاکی کوردستان بەبێ ئارەزووی میللەتەکەی کراوە بە بەشێکی گرنگی گۆڕەپانی شەڕی جیهانی یەکەم و خەڵکەکەشی ماڵوێران و پەرەوازە و جەرگ سووتاو بوونە.

• دوای کۆتایی هاتنی شەڕیش داگیرکەران دەستیان لەسەر ئەم وڵاتە هەڵنەگرت و یارییان بە چارەنووسی کرد، گشت گفت و پەیمانەکانیان بریتی بوون لە درۆ و چەواشەکاری، کاتێکیش مەسەلەی کورد بەهۆی کێشەی نێوان بەریتانیا و تورکیاوە لەسەر ولایەتی (موصل) بوو بە مەسەلەیەکی نێو دەوڵەتی دیسان کورد بوو بە قوربانی بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە و هیچی بۆ نەکرا.

• نەتەوەی کورد هەمیشە نیازپاك بووە و هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە خاکی کەس داگیر بکات بەرنامەی گشت ئەو بزووتنەوە و گرووپە سیاسی و رووناکبیرییانەی کە لە سایەی ئەو بارودۆخە سەختەدا دامەزران باشترین بەڵگەن بۆ ئەم راستییە، چونکە بێجگە لە داوای مافی رەوا هیچی دییان تیا بەرچاو ناکەوێت.

(٨٥) دیوانی سەلام، ئامادەکردن و پێداچوونەوەی ئومێد کاکە رەش، چاپی دووەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٩٠، ل٨٥.



• کۆمەڵگای کوردەواری لەو ساڵانەدا بەهۆی شەڕ و داگیرکردنی خاکەکەیەوە دووچاری برسێتی و قات و قڕی و نەخوێندەواری بووە، بە تایبەت لە لادێکاندا زەحمەتکێشانی کورد بەهۆی ستەمی ئاغا و دەرەبەگەوە ژیانی پڕ کوێرەوەرییان بەسەر بردووە.

• باری ئابووری و کشتوکاڵ هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی بەخۆوە نەبینیوە، لە ئەنجامیشدا رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە بەردەوام بزووتنەوە و راپەڕینیان هەبووە، رووناکبیران ئاگری مقاوەمەتیان خۆشکردووە و لە گشت پارچەکانی کوردستان گرووپ و کۆمەڵەیان رێکخستووە، خەڵکیان وشیار کردۆتەوە و داوای مافی رەوای میللەتیان کردووە.

• رووداوەکانی ئەو سەردەمەوە (دوا قۆناغی دەسەڵاتی عوسمانی و رۆژگاری پاشایی) لە ئەدەبیاتی نەتەوەکەماندا رەنگی داوەتەوە، دەستەی رووناکبیری کورد کە لەو سەردەمەدا بە زۆری لە شاعیران پێکهاتووە لە بەرهەمەکانیانا وێنەی ئەو رووداوانەیان کێشاوە و لە ئەنجامیشدا ئەدەبیاتی کورد لەو رۆژگارەدا بە راستی بووە بە ئاوێنەی رووداوەکان و ناڵینەکانی گەلی تیا بەرجەستە بووە.

• رووناکبیرانی کورد وشەی پیرۆزیان لە پاڵ چەکی پێشمەرگەدا شان بەشان بەکارهێناوە و ئاگری شۆڕشیان خۆشکردووە و لاوانیان ئاراستە کردووە و تۆوی نەتەوەخوازی و نیشتمان پەروەرییان لە دڵ و دەرووندا چاندوون و وەرچەرخانێکی نوێیان خستۆتە رەوتی خەباتی کوردایەتییەوە و لە شاخەوە گواستوویانەتەوە بۆ نێو شار و رێڕەوی رۆژنامەنووسی و خۆپیشاندان و مانگرتنیان گرتۆتە بەر کە بۆ ئەو رۆژگارە شێوەیەکی نوێی خەبات بووە.

## سەرچاوەکان

**کتێب بە زمانی کوردی:**


١- ئازاد عەبدولڕەحان، راپەڕیینی شەشی ئەیلوول و رەنگدانەوەی لە شیعری کوردیدا، نامەی ماجستێر، بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا، ساڵی ١٩٩٨.

٢- ئەکرەمی مەحمموودی ساڵحی رەشە، شاری سلێمانی، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٨٩.

٣- جەمال خەزنەدار، بانگی کوردستان ١٩٢٢-١٩٢٦، کۆکردنەوە و لەسەر نووسین، بەغدا، ١٩٧٤.

٤- جەمال خەزنەدار، رۆژی کورد، پێشەکی و لەسەر نووسین، بەغدا، ١٩٨١.

٥- رۆبەرت ئولسن، راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، کوردستان (١٨٨٠-١٩٢٥)، وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی ئەبو بەکر خۆشناو، سلێمانی، ١٩٩٩.

٦- رەفیق حیلمی، یاداشت، ئامادەکردن و پیاچوونەوەی د. پاکیزە رەفیق حیلمی، چاپخانەی (دار الحرية للطباعة) بغداد، ١٩٩٢.

٧- رەمزی قەزاز، بزووتنەوەی سیاسی و رۆشنبیری کورد، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٧١.

٨- د. غەفوور میرزا کەریم، یادگاری لاوان و دیاری لاوان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.

٩- فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافیای دیالێکتەکانی، وەرگێڕانی حەمە کەریم هەورامی، بەغدا، ١٩٨٥.

١٠- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی..، بەغدا، ١٩٨٧.

١١- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، ئافرەت لە مێژوودا، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٨١.





١٢- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٥.

١٣- د. مارف خەزنەدار، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، چاپخانەی (المؤسسة العراقية للدعاية والطباعة)، بەغدا، ١٩٨٤.

١٤- محمد رسول (هاوار)، پیرەمێردی نەمر، چاپخانەی العاني، بەغدا، ١٩٧٠.

١٥- مەیجەر نۆئێل، یاداشتەکانی لە کوردستان، وەرگێڕانی حسێن احمد جاف و حسین عثمان نێرگزەجاڕی، بەغدا، ١٩٨٤.

١٦- مینۆرسکی، کورد، وەرگێڕانی لە زمانی رووسییەوە بۆ عەرەبی د. مارف خەزنەدار، وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردی حەمە سەعید حەمە کەریم، چاپخانەی زانکۆی (صلاح الدين)، ١٩٨٤.

١٧- هینی هارۆلد هانسن، ژیانی ئافرەتی کورد، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٢.


**کتێب بە زمانی عەرەبی:**


١٨- أ. شاميلوف، حول مسألة الاقطاع بين الكرد، ترجمة د، كمال مظهر احمد من اللغة الروسية الى اللغة العربية، جامعة بغداد، ١٩٧٧.

١٩- د. بدرخان السندی، طبيعة المجتمع الكردي، الجزء الاول، مطبعة بلدية كركوك، ١٩٦٧.

٢٠- بدرخان السندی، المجتمع الكردي في منظور الاستشراق، مطبعة اراس، اربيل، ٢٠٠٠.

٢١- د. بلەچ شێركۆ، القضية الكردية -ماضي الكرد وحاضرهم-، القاهرة، ١٩٣٠.

٢٢- ب، نيكيتين، الاكراد، دار الروائع، بيروت، ١٩٦٧.

٢٣- جلال طالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، دار الطليعة للطباعة والنشر، الطبعة الثانية (مزيده و منقحة)، بيروت، ١٩٧١.

٢٤- سي. جي. **ادمۆندز**، كورد، تورك، عرب، سياسة ورحلات وبحوث عن الشمال الشرقي من العراق ١٩١٩-١٩٢٥، ترجمة جرجيس فتح الله، مطبعة التايمز، بغداد، ١٩٧١.
٢٥- د. شاكر خصباك. الاكراد، دراسة جغرافية اثنوغرافية، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٢.
٢٦- د. شاكر خصباك، العراق الشمالي، جامعة بغداد، ١٩٧٣.
٢٧- صديق الدملوجي، امارة بهدينان او امارة العمادية، موصل، ١٩٧٢.
٢٨- صلاح سعدالله، المسألة الكردية في تركيا، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٩١.
٢٩- د. عبدالرحمن قاسملو، كردستان والاكراد، دراسة سياسية و اقتصادية، المؤسسة اللبنانية للنشر، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٧٠.
٣٠- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، الجزء السابع، مطبعة العرفان، صيدا، ١٩٥٥.
٣١- عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، الجزء الثالث، الطبعة الثامنة المنقحة، مطبعة العرفان، صيدا، لبنان، ١٩٥٧.
٣٢- عبدالستار طاهر شريف، المجتمع الكردي، دراسة اجتماعية ثقافية سياسية، بغداد، ١٩٨١.
٣٣- عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٩.
٣٤- د. فاضل حسين، مشكلة الموصل، دراسة الدبلوماسية العراقية الانكليزية التركية والراي العام، بغداد، ١٩٥٢.
٣٥- د. كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة محمد ملا عبدالكريم، مطبعة المجمع العلمي الكردي، بغداد، ١٩٧٧،
٣٦- د. كمال مظهر احمد، صفحات من تاريخ العراق المعاصر، بغداد، ١٩٨٧.
٣٧- ماليسانژ، بدرخانيو جزيرة بوتان ومحاضر الجمعية العائلية البدرخانية، ترجمة شكر مصطفى، ١٩٩٨.



٣٨- محمد امين زكي، خلاصة تاريخ كرد وكردستان من اقدم العصور حتى الان، ترجمة محمد علي العوني، القاهرة ، ١٩٣٦.
٣٩- محمود الدرة، القضية الكردية، الطبعة الثانية المنقحة، دار الطليعة، بيروت، ١٩٦٦.
٤٠- معروف چياووك الكردي، القضية الكردية، الطبعة الثانية، مطبعة النجاح، بغداد، ١٩٣٩.
٤١- نهرو، لمحات من تاريخ العالم، الطبعة العربية الثانية.
٤٢- ئي. جى، ئار، عشائر كردستان الجنوبية، طبعة دائرة الحكم المدني، ١٩١٩، ترجمة د. فؤاد حه مه خورشيد، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٧٩.

**ديوانی شاعیران:**

٤٣- ديوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف، چاپی دووەم، چاپخانەی هەولێر، ١٩٦٩.
٤٤- ديوانی ئەسیری، مستەفا عەسکەری ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)، بغداد، ١٩٧٨.
٤٥- ديوانی پیرەمێرد، فایەق هوشیار و ئەوانی دی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٤٦- ديوانی حاجی قادری کۆیی ، لێکۆڵینە وە و لێکدانەوەی سەردار حەمیدمیران و کەریم مستەفا شارەزا ،بەغدا ،١٩٨٩ .
٤٧- شێخ نوری شێخ ساڵح، کۆکردنەوەی ئازاد عبدالواحد، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، چاپخانەی (الحافظ)، بغداد، ١٩٨٩.
٤٨- فایەق بێکەس، رێکخستنی محمدی مەلا کەریم، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٨٠.
٤٩- قانع، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩.

**وتاری گۆڤار و رۆژنامەکان بە زمانی کوردی:**

٥٠- د. پاکیزە رەفیق حیلمی، وتارێك بە بۆنەی یادی کۆچی دوایی مامۆستا رەفیق حیلمی، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژمارە ١٢٧، ئاب ١٩٩٩.

٥١- د. مارف خەزنەدار، شیعری سیاسی کوردی، گۆڤاری (کـۆلێجی ئـەدەبیاتی زانکـۆی بەغدا) ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٧١.
٥٢- محمدی مەلا کەریم، خەباتی شیعری کـوردی لـە پێنـاو ئـازادی ئافرەتانـدا، گۆڤـاری (بەیان)، بەغدا، حوزەیرانی ١٩٧٥.

**وتاری گۆڤار و رۆژنامەکان بە زمانی عەرەبی:**

٥٣- د. احمد عثمان ابو بكر، المسألة الكردية في عهد السلام، مجلة (الثقافة)، العدد الثامن، السنة التاسعة، اب ١٩٧٩.
٥٤- د. كمال مظهر احمد، اول مدرسـة كرديـة في ايـران، جريـدة (التـآخي)، العـدد ١٤٩١، صفحة الثقافة الكردية، بغداد، ١٩٧٣/١١/٢٠.

**گۆڤار:**

٥٥- هاوار، ساڵی ٢، ژمارە ٢٢، ١٩٣٣/٧/١.
٥٦- گەلاوێژ، ژمارەی مارت، ١٩٤٨.
٥٧- رەنگین، ژمارە ٨٧، ساڵی ١٩٩٦.
٥٨- رەنگین، ژمارە ٩٠، ساڵی ١٩٩٦.
٥٩- رەنگین، ژمارە ٩٦، ساڵی ١٩٩٦.
٦٠- رەنگین، ژمارە ١٢٧، ساڵی ١٩٩٩.
٦١- ڤین، ژمارە ٤٧، ساڵی ٢٠٠٦.
٦٢- ژین، ژمارە ١٥٧٩، ١٩٦٠/١٢/٢٦.

**دیدەنی:**

٦٣- مام بایز، تەمەن پتر لە (٩١) ساڵ، خەڵکی ناوچەی گەرمیان، رۆژی ٢٠٠٥/٩/١٢.



## ملخص البحث

بعد التدقيق والتحقيق في المصادر والوثائق المتعلقة في هذا البحث (أحداث كردستان في مـرآة الأدب) توصلت الى النقاط التالية:

تعرض الشعب الكردي في نهاية القرن التاسع عشر وبداية قرن العشرين الى حملة شرسة من قبل المحتلين القدامى والجدد المتمثلين في (العثمانيين والانكليز) فقد من خلاله كياناتها السياسية بجميع اماراتها، اصبحت ارض كردستان وبدون رغبة ابنائه جزءاً من ساحة القتال في الحرب العالمية الاولى وتعرض مواطنه الى ابشع انواع الدمار والتهجير والقتل والجوع.

ولكن بالمقابل استمر في كفاحه المشروع وشارك الامم المجاورة في النضال الدستوري وفي النتيجة باءت جميع تلك المحاولات بالفشل وازدادت الاوضاع سوءً.

بعد انتهاء الحرب اشتد المحتلين قبضتهم على كردستان ولعبو بمصير ابنائه وذلك من خلال وعودهم الكاذبة التي كانت مبنية على التضليل والتلفيق. وعندما تمت تدويل القضية الكردية بسبب الصراع الانكليزي التركي على ولاية الموصل اصبحت القضية الكردية مرة اخرى هي ضحية مصالح تلك الدول .

اثبتت الحقائق ومن خلال التحقيق في المناهج الداخلية للجمعيات والمنظمات والحركات الكردية بان الاكراد يدافعون من اجل حقوقهم المشروعة وليس لديهم اطماع اخرى.

عاش المجتمع الكردي في تلك الفترة حالة من البؤس والجهل وخاصة في الريف حيث كانت الشعب تعاني من الظلم الاقطاع المستبدين ولم تشهد الاوضاع الاقتصادية والزراعية اية تحسن وكرد فعل لذلك برز دور المثقفين الكرد من خلال انشائهم لبعض التنظيمات والجمعيات لتوعية الناس وحث الشباب على المقاومة والسعي لنيل الحقوق المشروعة.

احداث تلك الفترة (المرحلة الاخيرة من الحكم العثماني والحكم الملكي في العراق) انعكست بشكل كامل في الادب الكردي، وان النخبة المثقفة والتي كانت معظمها من الشعراء صورا تلك الاحداث بشكل جيد في نتاجاتهم الادبية مجسدين واقع وامال ابناء جلدتهم في قصائدهم. وهذا ما يريد الباحث تحقيقه في هذا البحث.

استخدم المتنورين الكرد الكلمة جنبا الى جنب السلاح ومهدوا الى الثورة ووجهوا الشباب وزرعوا في نفوسهم حب المقاومة والوطنية، واحدثوا انعطافة جديدة في طريق الحركة التحررية الكردية حيث نقلوا الثورة من بين الجبال الى داخل المدن واتخذوا من الصحافة و المظاهرات والاعتصامات سمة جديدة للنضال. وان مجمل هذه الاحداث وفرت مادة رصينة لسلسلة من البحوث الاكاديمية تعالج مختلف جوانب الموضوع.

ومن هنا جاء اختيار (أحداث كردستان في مرآة الادب) عنواناً لهذا البحث التي يتالف من مقدمة واربعة فصول. وكما تقتضي ضوابط منهج البحث العلمي كرست المقدمة لتبيان أهمية الموضوع وضرورته ومدى دراسته عموماً والصعوبات التي جابهت الباحث ومن ثم مكونات البحث واهم مصادرها ومراجعها عرضاً وتحليلاً.

يحمل الفصل الاول عنوان (شيء عن التاريخ الحديث والمعاصر لكردستان) ويتصدى باختصار الى موضوع اوضاع كردستان في نهاية القرن التاسع عشر وبداية قرن العشرين واثناء الحرب العالمية الاولى وما بعده.

ويتناول الفصل الثاني من البحث (المجتمع الكردي في ظل الاحداث) ويعالج الاوضاع الاجتماعية ودور الاقطاع وكذلك الامور الاقتصادية والزراعية.

ويحمل الفصل الثالث عنوان (الانتفاضات والحركات السياسية في كردستان) ويتناول موضوع الحركات الكردية والانتفاضات ومواقف الشعراء ازائها.

اما الفصل الرابع والاخير يحمل عنوان (الوضع الثقافي والجمعيات والمنظمات الكردية) ويتناول الجانب الثقافي في كردستان والجمعيات والمنظمات في اجزاء الثلاثة الرئيسية في كردستان الشمالية والجنوبية والشرقية.

وتتضمن خاتمة البحث اهم الاستنتاجات التي توصل اليها الباحث في سياق تحليلي قدر الامكان.